رووداو
RÛDAW
ژمارە (540) دووشەممە 2019/1/28 - 8ی ڕێبەندان 2718 (750) دینار

# غازی هەولێر مەترسی گرانبوونەوەی لەسەرە

**رووداو- هەولێر**

هەر یەک لە بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر و ئەو کۆمپانیایەی غاز بۆ هەولێر دابین دەکات یەکتری بە گرانبوونی نرخی غاز لە هەولێر تۆمەتبار دەکەن.

بەختیار پشدەری، بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر بە (رووداو) "ڕۆژی 2019/1/22 لەگەڵ کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار کە غاز بۆ هەولێر دابین دەکات کۆبووینەوە. ڕێککەوتین کە تا کۆتایی ئەم مانگە ڕۆژانە 17 تەنکەر غازمان بۆ بنێرن، لە 2019/2/1یشەوە هەموو ڕۆژێک 15 تەنکەرمان بۆ بنێرن، بەڵام پەشیمان بوونەوە، گوتیان لەم مانگەدا ڕۆژانە تەنیا 15 تەنکەر غازتان بۆ دەنێرین". بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر پێیوایە کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار هۆکاری گرانبوونی نرخی غازە لە هەولێر و دەڵێت: "چونکە ئەو غازەی ڕۆژانە بۆ هەولێری دەنێرن کەمە، بەشەکەی هەولێر بۆ ئێران دەنێرن". بەڵام برادەر حەمەسەعید، بەرپرسی بەشی فرۆشتن لە کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان بەشە غازی هەولێر بۆ ئێران بنێرن و بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر و کارگەکانی هەولێر بە پاوانکردنی بازاڕی غازی هەولێر تۆمەتبار دەکات.

برادەر گوتی :"هیچ قەیرانێک لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک نییە، لەنێو هەولێر 18 کارگەی غاز هەن، گروپێکیان دروستکردووە و دەستیان بەسەر بازاڕی هەولێردا گرتووە، بەئارەزووی خۆیان غازەکە دەفرۆشن".

5»

## سێشەممە پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی باڵا کۆدەبنەوە

3

کۆمپانیای دانا غاز:

## ئاستی بەرهەمهێنانی غاز لە کوردستان بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرز دەکەینەوە

9



هێمن عەبدوڵڵا:

## پەکەکە، وا مەکە!

19

# تۆمەتباری سەرەکی دۆسیەکەی زانا حەمەساڵحی قائیمقام بێ تاوان دەرچوو

**رووداو — هەولێر**

تۆمەتباری سەرەکی دۆسیەی زانا حەمەساڵح قائیمقامی پێشووی سلێمانی کە سێ تۆمەتی درابووە پاڵ، پاش چەندین دانیشتنی دادگا، بێ تاوان دەرچوو و دەرکەوت کە هیچ بەرتیلێکی بە قائیمقام و پاسەوانەکانی و بەرپرسانی شارەوانیی سلێمانی نەداوە.

ڕۆژی 2018/12/12 دەستەی گشتی سزایی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکەدا و بەرائەتی بۆ حوسێن حەمەعەلی دەرکردووە.

حاجی حوسێن حەمەعەلی کە بەپێی ماددە 310 لە یاسای سزادانی عێراق تۆمەتبار کرابوو، لە ڕۆژی 2012/3/26 بە سیفەتی شایەت بانگی ئاسایشی گشتی سلێمانی کراوە، بەڵام لەوێ وەکو تۆمەتبار وتەی لێوەرگیراوە.

حوسێن حەمەعەلی تۆفیق کە بە حاجی حوسێن ناسراوە، لە بارەی ئەو کێشەیە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2012/3/26 لە ئاسایشی گشتی لە سلێمانی بانگکرام بۆ شایەتیدان لەسەر بابەتێک کە ئێستاش نەمزانی چی بوو. کاتێک چووم ئیفادەیەکی ئامادەکراویان خستە بەردەمم و گوتیان واژۆی بکە و بڕۆ، بینیم نووسراوە زانا حەمەساڵح دوو ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەری بە بەرتیل وەرگرتووە، عومەر عەلی محەممەد، بەڕێوەبەری زەویوزاری سلێمانی لاندکرۆزەرێکی بە بەرتیل وەرگرتووە، ئاراس ناجی نووری، سەرۆکی شارەوانی ڕۆژئاوای سلێمانی زەوی بە بەرتیل وەرگرتووە، بەڵام گوتم ئەگەر بە مشاریش دوولەتم بکەن واژۆی ناکەم".

حاجی حوسێن هەروەها دەڵێ :"حاکم قادر، ئەو کاتەی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بوو، چەند جارێک داوای لێکردم بە پارەی خۆم شەریکم بێت لە چەند کارێکی بازرگانی، بەڵام رازی نەبووم، بۆیە توورە بوو، بانگی دوو پاسەوانەکەی کرد و گوتی ئەو پیاوە ناوی حوسێن حەمەعەلییە، یەک جاری تر بێتە ناو شارەوانی بە هەر بیانوویەک بێت، من ئێوە دەردەکەم".

بەگوتەی حاجی حوسێن، لەبەر ئەوەی واژۆی نەکردووە لەسەر ئەو ئیعترافە، لە ئاسایش ئەشکەنجەیان داوە. دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە پشتبەستن بە 13 بەڵگە بۆی روونبووەتەوە کە حاجی حوسێن لەژێر ئەشکەنجە و لێداندا ئیفادەی لەسەر زانا حەمەساڵحی قایمقام و ئەوانی دیکە داوە. بۆیە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی داوە کە ئاراستەی حاجی حوسێن کراون. دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دانپێدانانەکەی حاجی حوسێن لەژێر کاریگەری زەبروزەنگ و ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی تۆمەتباردا وەرگیراوە.

حاجی حوسێن ڕەتیدەکاتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە زانای قائیمقام و ئەوانەی دیکەشەوە هەبووبێت و دەڵێ: "دڵنیام ئەگەر زانای قائیمقام لە ژیاندا بووایە، بێ تاوان دەردەچوو".

4-5

ژنان 12

## سنوور بەهۆی نەخۆشییەکەوە کەس لەخۆی ناگرێ



# پارەی 40 بازرگانی سلێمانی لە ئێران بلۆک دەکرێت

**رووداو- سلێمانی**

بازرگانانی سلێمانی سکاڵای خۆیان لە دەست بازرگانانی ئێرانی گەیاندووەتە لای محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران کە ناوەڕاستی ئەم مانگە لە شاری سلێمانی بوو. ئەویش بەڵێنی پێداون بەدواداچوون بۆ بلۆککردنی پارەکانیان لەلایەن بانکەکانی ئێرانەوە بکات.

محەممەد حەسەن کە بازرگانێکی شاری سلێمانییە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "40 بازرگانی کورد ماوەی ساڵێک زیاترە پارەمان حەواڵەی بانکەکانی ئێران کردووە، بەتایبەت بۆ شاری سەقز، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە پارەکانمان بلۆک کراوە لە بانکەکاندا".

وەک بازرگانانی کورد باسی دەکەن، کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی دووەم کە بازرگانانی ئێرانین، دەچن سکاڵای بێبنەما لەسەر بازرگانانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن، دادگای ئەو وڵاتەش بەبێ گەڕانەوە بۆ بازرگانانی کوردستان، پارەکانیان لە بانکەکاندا بلۆک دەکات.

محەممەد حەسەن، بڕێکی زۆر پارەی بلۆک کراوە و دەڵێ ڕاستەوخۆ و بەنووسراوی فەرمی، لەکاتی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران هەموو ئەو کێشانەیان بۆ وەزیر خستووەتەڕوو و پێمانگوتووە بەبیانووی یاسایی، دەستدەگرن بەسەر پارەی بازرگانانی کورددا، بەڵام ناتوانن هەر بەو یاسا پارەکەیان وەربگرنەوە :"من خۆم 150 هەزار دۆلارم بلۆک کرا، دوای ئەوەی 12 هەزار دۆلارمدا بەو کەسەی پارەکەی بلۆک کردبووم، پارەکەی بۆ گەڕاندمەوە". وەک ئەو بازرگانە باسیدەکات، ئامانج لەو بلۆککردنە تەنیا ئەوەیە "کورت و پوخت، سەرانەمان لێوەردەگرن".

2

شرۆڤە 17

## ڤەنزوێلا.. وڵاتێک و دوو سەرۆک

# یەپەگە: لەگەڵ دیمەشق دەست بە دانوستاندن دەکەین

**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی باڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەبارەی چارەنووسی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەگەڵ حکومەتی دیمەشق دەست بە گفتوگۆ دەکەن، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر نەخشەڕێیەکەی کورد ئەرێنی بووە.

سیپان حەمۆ، فەرماندەی یەپەگە، ڕایگەیاند :"هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دانوستاندنەکان دەستپێبکەن. هەڵوێستی حکومەتی سووریا (بەرامبەر پێشنیازنامەی کورد) ئەرێنی بووە و بڕوامان وایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە گفتوگۆ دەکەین".

ئەگەری دیالۆگی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی سووریا لە دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەهێزتر بووە، ئەگەر حکومەتی سووریا و کورد ڕێکبکەون، ئەوە دوو گەورەترین پارچەی خاکی سووریا یەکدەگرنەوە. حەمۆ بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند، بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا زۆر پەلەی پێوە دیار بوو، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە هێشتا شەڕی دژی داعش تەواو نەبووە.

هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چاویان لەوەیە ڕووسیا نێوانگیری ئەوان و ڕژێمی سووریا بکات و ڕێگەش لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بگرێ. هەفتەی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، لە مۆسکۆ کۆبوونەوە.

لە دوای کۆبوونەوەکە پوتین پشتگیری لە دیالۆگی نێوان کورد و دیمەشق کرد و گوتی :"ئەم دیالۆگە کۆمەڵگای سووریا بەهێزتر دەکات و ئاشتەوایی نیشتمانی دەهێنێتە ئاراوە. ئەم گفتوگۆیانە نەک هەر بۆ سووریا، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی دراوسێی سووریاش باشن".

16



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

## کوردێک بە ناوی قەشەوە کۆچبەران تاڵان دەکات



# یەکەم کاری پەرلەمان پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی دەبێ



**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ڕایگەیاند دوای پێکهێنانی حکومەت و دانانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان یەکەم کاری پەرلەمان پەسەندکردنی یاسای چاکسازی دەبێ.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند لە دانیشتنەکانیان لەگەڵ پارتی بۆ گفتوگۆ لە بارەی کارنامەی حکومەتەوە "ڕێککەوتووین لە مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی حکومەتدا، یاسای چاکسازی و یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان تێبپەڕێندرێ و هەر لە سێ مانگی سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتدا، کار لەسەر یاسای یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت، کە ئەوانەش لە یاسا هەرە گرنگەکانن".

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی هەگبەی فراکسیۆنەکەیان ئاشکرا دەکات بۆ ئەو خولە نوێیەی پەرلەمان و دەڵێ، پەسەندکردنی یاسای چاکسازی بە هەندێک دەستکاریی و دەوڵەمەندکراوی، کاری لەپێشینەی ئێمەیە "دەزانین لەسەر هەندێک لایەن قورس دەکەوێ و دژی بەرژەوەندی ئەوانەیە کە بەناوی جۆراوجۆر چەند مووچەیەک وەردەگرن، بەڵام لە یەکەمین هەنگاودا 100 ملیار دینار بۆ خەزێنەی گشتی حکومەت دەگەڕێتەوە". هێڤیدار ئەحمەد، باسی بوونی ناوی 155 کەس دەکات کە بە پلەی وەزیر بیانووی مووچە وەرگرتنیان بۆ دۆزراوەتەوە لەگەڵ بوونی بەرپرسی وا کە مووچە و خواردن و خەرجی 60 پاسەوانی پێدەدرێ لەکاتێکدا تەنیا پاسەوانێک یان دووانی هەیە.

3

ئابووری 8

## دوو پرۆفیسۆر توێژینەوە لەسەر سەگی پشدەر دەکەن



ڕووداو

ژمارە (540) – دووشەممە 2019/1/28

## کارگێڕ کۆمیتەیەکی یەکێتی لە سنووری ئاکرێ دەستگیردەکرێت

**ڕووداو-هەولێر**

کارگێڕی کۆمیتەی یەکێتی لە شارۆچکەی دینارتەی قەزای ئاکرێ بە تۆمەتی بازرگانیکردن لەگەڵ پەکەکە دەستگیردەکرێ. قادر عیدۆ، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی دهۆکی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماوەی دوو ڕۆژە، عاسف زێباری کارگێڕی کۆمیتەی شارۆچکەی دینارتەمان دەستگیرکراوە، دەستگیرکردنەکە بەتۆمەتی ئەوەیە کە بازرگانی خۆراکی لەگەڵ پەکەکە کردووە، هێشتا ئێمەش لە بەدواداچوونی ئەوەین بزانین کێشەکە سیاسییە یان نا، هەر بۆیەش لە ڕاگەیاندنەکانەوە پرسەکەمان نەکردووەتە سیاسی و چاوەڕێی ئەنجامین". هەروەها سەباح بەیتوڵڵا، بەرپرسی لقی ئاکرێی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو بەرپرسەی یەکێتی بە فەرمانی دادوەر دەستگیر کراوە.

# پارەی 40 بازرگانی سلێمانی لە ئێران بلۆک کراوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ شاندێکی باڵای ئابووری و دیبلۆماسی و بازرگانی وڵاتەکەی بۆ بەشداری لە کۆڕبەندی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ چەند بازرگانێکی شاری سلێمانی تاوەکو لە نزیکەوە دەردەدڵی خۆیان ببەنە لای و داوای پارەکانیان بکەنەوە کە لە ئێران بلۆک کراون. بازرگانێک دەڵێ "تۆ چۆن داوای بەرفراوانکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەیت کە نەتوانی دڵنیایی بدەیتە بەرامبەرەکانت".

ڕۆژی 2018/15/1 محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە هاوڕێیەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، گەیشتنە فڕۆکەخانەی سلێمانی. پاشان بەشداری لە کۆڕبەندێکی ئابووری کرد، بۆ ئەوەی هانی بازرگانانی کورد بدات، بازرگانیی نێوانیان گەرموگوڕتر بکرێ. بەڵام بۆ 40 بازرگانی شاری سلێمانی کە دەڵێن ماوەی زیاتر لە ساڵێکە پارەکانیان لە ئێران بلۆک کراوە، هاتنی زەریف تەنیا بۆ ئەوە هیوابەخش بوو سکاڵای لابکەن و پارەکانیان دەستبکەوێتەوە.

بازرگانانی هەرێمی کوردستان لە پانێلەکاندا گوتیان ڕێگاکانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە زۆرن، یەکێک لەو ڕێگایانەی لە ڕووی هاوردەکردنەوە بۆ ئەوان ئاسانترینە، بازرگانییە لەگەڵ ئێران. بەڵام لەکاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا لەگەڵ بازرگانانی ئێران تووشی چەندین گرفت هاتوون.

بازرگانانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ هەموو گرفتەکانیان خستەڕوو بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران و گوتیان، پارەیەکی زۆریان ناردووەتە ئەو وڵاتە، بەڵام بەفێڵکردن و لەڕێگەی یاساوە دەستیان گرتووە بەسەر پارەکانیاندا.

محەممەد حەسەن، یەکێکە لەو بازرگانانەی شاری سلێمانی دەڵێ: "40 بازرگانی کورد ماوەی ساڵێک زیاترە پارەمان حەواڵەی بانکەکانی ئێران کردووە، بەتایبەت بۆ شاری سەقز، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە پارەکانمان بلۆک کراوە لە بانکەکاندا".

گوتیشی: "بازرگانمان هەبووە، ئەو کاتەی پارەکەی بلۆک کراوە بە لەبەرچاوگرتنی بەهای ئەوکاتی تومەن، پارەکەی 250 هەزار دۆلار بووە، بەڵام ئێستا ئەگەر بۆی بگەڕێننەوە، بەهۆی دابەزینی بەهای تومەنەوە، 80 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێتەوە".

وەک بازرگانانی کورد باسی دەکەن، کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی دووەم کە بازرگانانی ئێرانین، دەچن سکاڵای بێبنەما لەسەر بازرگانانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن، دادگای ئەو وڵاتەش بەبێ گەڕانەوە بۆ بازرگانانی کوردستان، پارەکانیان لە بانکەکاندا بلۆک دەکات.



محەممەد حەسەن، بڕێکی زۆر پارەی بلۆک کراوە و دەڵێ ڕاستەوخۆ و بەنووسراوی فەرمی، لەکاتی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران هەموو ئەو کێشانەمان بۆ وەزیر خستووەتەڕوو و پێمانگوت بەبیانووی یاسایی، دەستدەگرن بەسەر پارەی بازرگانانی کورددا، بەڵام ناتوانن هەر بەو یاسا پارەکەیان وەربگرنەوە: "من خۆم 150 هەزار دۆلارم بلۆک کرا، دوای ئەوەی 12 هەزار دۆلارمدا بەو کەسەی پارەکەی بلۆک کردبووم، پارەکەی بۆ گەڕاندمەوە". وەک ئەو بازرگانە باسیدەکات، ئامانج لەو بلۆککردنە تەنیا ئەوەیە "کورت و پوخت، سەرانەمان لێوەردەگرن".

ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە ساڵی 2017 گەیشتە 6 ملیار دۆلار، ڕاوێژکاری جێگری سەرۆککۆماری ئێرانیش ڕایگەیاند قەبارەی ئاوگۆڕی بازرگانی لە ساڵی 2018دا لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەشتووەتە نزیکەی 8 ملیار دۆلار.

حەسەن دانایی فەڕ، ڕاوێژکاری جێگری سەرۆکی ئێران بۆ کاروباری ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان، لەسەردانەکەیدا بۆ سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "لەنزیکەوە گوێمان لەبازرگانانی هەرێمی کوردستان گرت، هەموو کێشەکانیان بەهەند وەردەگرین. ئەو پارانەشی دەستی بەسەرداگیراوە بۆیان دەگێڕینەوە". گوتیشی: "هەرگیز ناهێڵین، ئەو پەیوەندییە بازرگانیانەمان لەناوبچێت، ئێمە قۆناخی هەناردەکردنمان تێپەڕاندووەو کار بۆ وەبەرهێنانی هاوبەش دەکەین لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئیتر چۆن کارێکی لەو شێوە قبوڵ دەکەین".

> **12 هەزار دۆلارم دا بە ئێرانییەک تا پارە بلۆککراوەکانم وەرگرتەوە**
> بازرگانێک

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی ڕایگەیاند ئەوەی پێویست بوو بە وەزیری بازرگانی ئێرانیان گوتووە، بۆ داهاتووش چیان پێبکرێت دەیکەن بۆ بەدەستهێنانی مافی ئەو بازرگانانەی کە دەست بەسەر پارەکانیاندا گیراوە.

محەممەد حەسەن، دەڵێ مامەکردن لەگەڵ ئێران، قازانج و زیانی لەیەکاتژێردا ڕوودەدات. هەر بۆیە بازرگانانی کورد، لەدوای دەستبەراگرتنی پارەکانیان ساردبوونەتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران "لە هەمان ئەوکاتەی پارەکە دەگاتە ئێران ساخی نەکەیتەوە بۆ کاڵا، گوررێکت بەر دەکەوێ، هەر بۆیە لەترسی فەوتان و ترسی درەنگ ساخکردنەوە، بازرگانان ئێستا خۆیان بەدوور دەگرن لە مامەڵەکردنی لەوشێوەیە".

محەممەد حەسەن هەروەها دەڵێ "لەماوەی ڕابردوو هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی متمانە دروستبکرێتەوە، بەڵام بێئەنجام بوو، با چاوەڕێ بین، بزانین بەڵێنەکانی زەریف، هیچی لێ سەوز دەبێت".

# بە مامەڵەی ساختەی کەمئەندامێک دوو ئۆتۆمبێل لە کۆمپانیا ڕادەکێشن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**



لە هەولێر ناسنامە، ڕەگەزنامە، فۆرمی خۆراک، پەنجەمۆر و چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەی هاووڵاتییەک ساختە دەکرێن و دوو ئۆتۆمبێلی مارسیدسیان پێ لە کۆمپانیایەک دەردەهێنرێن، بەو هۆیەوە دەست بەسەر خانووی هاووڵاتییەکەدا دەگیرێ.

وریا عومەر عوسمان، تەمەنی 40 ساڵە و خاوەن پێداویستی تایبەتە، گیرۆدەی بڕیاری دەستبەسەرداگرتنێکە کە بەبێ ئاگاداری خۆی لەسەر خانووەکەی دانراوە. وریا بە (ڕووداو)ی گوت: "تووشی شۆک بووم کە گوتیان خانووەکەت بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی هەیە، تاپۆی خانووەکەم هەڵگرت و چوومە تاپۆی دووی هەولێر، لەوێ گوتیان دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ئەو تاپۆیە لە کۆمپانیا دەرهێنراون".

وریا لە ساڵی 2016 بە کێشەکەی زانیوە و سکاڵاشی تۆمار کردووە. ئەو دەڵێ: "ساڵی 2016 زانیم کە دوو کەس بەناوەکانی (پشتیوان و ئەحمەد) ئەو خانووەی منیان خستووەتە ڕەهن و دوو ئۆتۆمبێلی مارسیدسیان پێ ڕاکێشاوە، بەڵام من پێشتر و تا ئێستاش ئەو دوو کەسەکەم نەبینیوە و نایانناسم و هەموو بەڵگەکانیشیان ساختەیە."

ساڵی 2016 وریا سکاڵا لەسەر بانکی جیهان و تاپۆی دووی هەولێر تۆمارە کردووە. ئەو دەڵێ: "ئەو مامەڵانەی بەناوی منەوە کراون لە پشتگیری موختار، فۆرمی خۆراک، ناسنامە و ڕەگەزنامە و پەنجەمۆریش هەموویان ساختەن و بەبەرچاوی ئەو شوێنانەوە کراون. ئێستاش بانکی جیهان دەزانێ شتەکان ساختەن، بەڵام خۆیان بێدەنگ کردووە".

خەسرۆ سەعید ئادەم، بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم حاڵەتی ساختەکاریانە لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ڕوودەدەن، دەکرێت بانکەکە یان ئەو فەرمانگەی حیجزەکەی داناوە هەڵە یان ساختەکاری لە مامەڵەکەیدا بکرێت و بەسەریشیاندا تێپەڕێ، بەڵام ئەم حاڵەتە لەلای ئێمە پرۆسەیەکی دووروردرێژ و سەختە، ئەگەر حاڵەتێکی لەم شێوەیە هەبێت دەگمەنە".

بەڵام بانکی جیهان پێیوایە ئەمە جۆرێکە لە سیناریۆ. سامان بورهان، بەرپرسی بەشی یاسایی بانکی جیهان بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆربەی ئەوانەی باس لە ساختەکاری دەکەن، خۆیان شەریکن و دەیانەوت فێڵ لە ئێمە بکەن بۆ ئەوەی قیستەکانیان نەدەن، بەڵام حاڵەتی دەگمەنی ساختەکاریش هەر دەبێ، بۆیە ئێمە لەو کەیسە و کەیسەکانی دیکەش چاوەڕێی دادگا دەکەین، بەڵام هەرچی ببێ مافی بانک لەسەر ئەو موڵکە هەر دەمێنێ، ئەگەر ساختەکاریش کرابێ، ئێمە بەرپرس نین، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن و تاپۆ بەرپرسن، چونکە ساختەکارییەکە لەلای ئەوان ڕوویداوە".

سامان بورهان پێیوایە ئەم حاڵەتانە لە دادگا زۆرن و دەڵێ: "ساڵی 2012 ئێمە وەکو کۆمپانیای جیهان زیاتر لە 15 هەزار ئۆتۆمبێلمان فرۆشتووە، ئێستا تەنیا 70 فایلمان ماوە کە پارەکەیان بەتەواوی نەداوە، پێنج حاڵەتیش هەیە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە مامەڵەی موڵکیان ساختەکراوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە زۆرە و ڕۆژانە 50 بۆ 100 کەیسی وا دەچێتە دادگاکان".

پارێزەری دۆسیەی وریا عومەر پێیوایە دەبێت بانکی جیهان وەکو تاوانبار لە دۆسیەکە بناسێنرێ. زەردەشت سەلام دەڵێ: "دوو کەسەکە لە ڕاکێشانی دوو ئۆتۆمبێلەکە سەرەتا کارەکەیان بە یاسایی کردووە، چونکە موڵکی خۆیان لە ڕەهن داناوە، بەڵام دوای ماوەیەک حیجزەکەیان لەسەر موڵکەکە لابردووە و خستوویانەتە سەر موڵکێکی دیکە کە ساختەکارییان تێدا کردووە. ئەمە بەسەر بانکەکەشدا تێپەڕیوە".

زەردەشت دەڵێت: "هەڵەیەکی دیکەی بانکی جیهان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ دوو حیجزی لەسەر موڵکەکەی وریا عومەر داناوە و ڕاستەوخۆ کراوەتە قەرزدار، لەکاتێکدا ئەو دوو کەسەی ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگرتووە دەبێت وەکو قەرزدار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێریش باسی ئەو دوو کەسە ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ وریا کراوە بە قەرزدار".

زەردەشت سەلام چەند بەڵگەیەکی ساختەکاری دیکە لەم دۆسیەیە دەخاتەڕوو، دەڵێ: "ناسنامە و ڕەگەزنامەی وریام لەناو دۆسیەکە لە کۆمپانیای جیهان دەرهێنا و کۆپیم کرد، بەراوردم کرد لەگەڵ ئەوەی کاک وریا لەنێو تاپۆ بینیم جیاوازن، یەکێکیان هی قوشتەپەیە و ئەوەی وریاش ڕۆژئاوای هەولێرە. ئەمە بەسەر کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنیشدا تێپەڕیوە، بەڵام هەستیان پێنەکردووە یان خۆیان دەستیان تێدا هەبووە، بێجگە لەوەش پەنجەمۆری ئەو کەسەی هاتووەتە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر و وریا عومەریشمان لە بەڵگەی تاوان بەراورد کرد و دەرکەوت جیاوازن".

بەبڕوای ئەو پارێزەرە کەمتەرخەمییەکی دیکەی بانکی جیهان ئەوەیە کە دوو حیجزی لەسەر موڵکەکە داناوە، بڕی پارەکە 216 ملیۆن دینارە، بەڵام موڵکەکە 80 ملیۆن دیناریش ناکات.

دوو ساڵ بەسەر سکاڵای وریا عومەردا تێپەڕیوە بەڵام ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە هێشتا تۆمەتبارەکان دەستگیر نەکراون. زەردەشت سەلام دەڵێ: "دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی دوو کەسەکەی داوە، بەڵام لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە کەمتەرخەمی کراوە لە دەستگیرکردنیان"..

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ماوەیە کێشەی ساختەکاری موڵک و کێشەی پارەدان زۆرە. هەندێکجار دەستی کارمەندی فەرمانگەکانی تێدابووە لە ساختەکارییەکە، ئینجا بە چاوپۆشی لێکردن بووبێ یان کەمتەرخەمی یان بەرتیل وەرگرتن بووبێ، ئەو کەسانەش دەستگیرکراون و ڕووبەڕووی دادگاش کراونەتەوە".

# کوردێک بە ناوی قەشەوە کۆچبەران تاڵان دەکات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

پیاوێکی کورد لە تورکیا کە بە قەشە خۆی ناساندووە، پارە لە چەندین کەس وەردەگرێ بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە کەنەدا و ئوسترالیا، بەڵام نەیگەیاندوون. دوو خێزانی ئەفغانیش کە فێڵیان لێکراوە، دەیانەوێ لە هەرێمی کوردستان سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن.

(لوقمان. س. م)، ساڵێک لەمەوبەر چووەتە کەنیسەیەکی تورکیا و خۆی بە قەشە ناساندووە. قەشە نووری قوبەیدیزادە، سەرپەرشتیاری کەنیسەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵێک لەمەوبەر کەسێک بەناوی لوقمان، ناسراو بە ڕۆژان، کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو، سەردانی کەنیسەکەی ئێمەی کرد، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە قەشەیە و دەیەوێ بۆ خزمەتکردنی برا عەرەبەکان کەنیسەیەک بونیادبنێ و خۆشی لەژێر چاودێریی ڕێکخراوێکە لە ئوسترالیا و شوانەکەی مانگێکی دیکە دێتە تورکیا، داوای لێکردین چانسێکی بدەینێ، ئێمەش قبوڵمان کرد".

لوقمان پێشنیاری بۆ کەنیسە کردووە کە سپۆنسەر بۆ کوڕەکانی کەنیسە وەربگرێت. قەشە نووری دەڵێ: "دوای ماوەیەک لوقمان گوتی دەتوانێت سپۆنسەر لە کەنیسەکانی باپتیستی کەنەدا و کەنیسەیەک لە ئوسترالیا بۆ کوڕەکانی کەنیسە وەربگرێ، دەیگوت هەر کەس دەبێت 200 دۆلار بدات، چونکە ئەو کەیسانەی دەینێرین ئەگەر کێشەیان تێدابێ، برادەرێک لەوێیە چاکیان دەکات، ئێمەش یەکەمجار چوار کەیسمان پێناساند و 800 دۆلارمان پێدا".

هاتنی دلێر بەرزنجی بۆ تورکیا، وا دەکات متمانە بە لوقمان زیاتر ببێ. قەشە نووری دەڵێ: "شوانەکەی لوقمان کە ناوی دلێر بوو، لە ئوسترالیاوە هات. ئەو پاڵپشتی لوقمانی کرد، ئەمەش وایکرد خەیاڵمان لەبارەی لوقمانەوە ئاسوودە بێ".

دلێر دەگەڕێتەوە ئوسترالیا و لوقمانیش دەستکراوەتر دەبێ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی. قەشە نووری دەڵێت: "قەشە دلێر متمانەی ئێمەی بە لوقمان چەند هێندە کردبوو، بۆیە دەستم بە تۆمارکردنی ناوی جەماعەت بۆ کەنەدا و ئوسترالیا کرد، 7000 دۆلاریشی وەک پارەی 35 کەیس وەرگرت، لە پارەی 12 کەیسیش خۆش بوو، چونکە پارەیان نەبوو".

هەشت مانگ لەمەوبەر لوقمان سەعید، شاری کاستامونو بەجێدەهێڵێ و هیچ کەسێک نایبینێتەوە. قەشە نووری دەڵێ: "لوقمان ماڵئاوایی لە ئێمە کرد، دواتریش گوتی لە کەنەدام، ئێمە بەردەوام داوامان دەکرد وێنە یان ڤیدیۆی خۆیمان بۆ بنێرێ، بەڵام هیچی نەنارد، ئیدی کەوتمە گومانەوە".

لوقمان ئاشکرا دەبێت و هەمووان دەزانن کە قەشە نەبووە. قەشە نووری گوتی: "بڕیار بوو مانگی 9 بچینە چاوپێکەوتن، بەڵام وادەکان بە بەردەوامی بۆ کەیسەکانی کەنەدا و ئوسترالیا دەگۆڕان، ئیدی زانیمان مەسەلەکە هەمووی درۆیە، بۆیەش زوو پەیوەندیم بە قەشە دلێرەوە کرد، بەڵام ئەویش گوتی دوای گەڕانەوەی لە تورکیا یەکسەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەودا پچڕاندووە و لوقمان سەعید قەشە نییە".

ئاکام عوسمان، چەند ساڵێکە لە شاری کاستامۆنو لە تورکیا دەژی، کوردە و چووەتە سەر ئاینی عیسا و هاتوچۆی کڵێسا دەکات، ئەو کە لەوێ لوقمانی ناسیوە، دەڵێت: "لوقمان تەمەنی 45 بۆ 48 ساڵ دەبوو، خۆی دەیگوت خەڵکی هەولێرم و خۆشناوم. لە تورکیا ماڵێکی ئاسایی هەبوو، بەڵام خۆش دەژیا، بەردەوام جلوبەرگی گرانبەهای لەبەردەکرد، ژنێکی عەرەبی هەبوو، بەڵام دوای ماوەیەک گوتی لێی جیابوومەتەوە. لوقمان خۆی دەیگوت ژنێکی دیکەشی لە دهۆک هەیە و 5 منداڵی هەن".

ئاکام زیاتر لەبارەی لوقمانەوە قسە دەکات و دەڵێت: "سەرەتا خۆی بە قەشە ناساندبوو، بۆ خۆی زیرەک بوو، زانیاری زۆری لەسەر کڵێساکانی دونیا هەبوو، دوای بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکەکە دەستیکرد بە بانگەشەی ئەوەی سپۆنسەری کڵێسای لە کەنەدا هەیە و لە ئوسترالیاش پشتگیری دەکرێ. فۆرمێکی بۆ ئەو مەسیحیانەی دەیانویست بچنە کەنەدا و ئوسترالیا پڕدەکردەوە و بۆ ئیمێڵێکی دەنارد، فۆرمەکەی بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی دەهێنایەوە و تێیدا نووسرابوو کە سوپاس بۆ ئێوە، بە گەورەیی خودا قبوڵ کراون".



لوقمان بەتەنیا نەبووە، وەکو ئاکام دەڵێ: "ئەوانە باندێکی 4 بۆ 5 کەسی کورد بوون، لە چەند شارێکی دیکەی تورکیاش ئەم کارەیان کردووە، دواتر خۆیان ونکردووە و چوونەتە شارێکی دیکە".

بەپێی زانیارییەکانی ئاکام، ئەو پیاوە پارەی لە کورد، عەرەب، فارس و ئەفغانەکانیش وەرگرتووە. ئاکام دەڵێ "خەڵکی ئێرانی هەبوو تەنیا ناوی لوقمانیان بیستبوو بۆ ئەو سپۆنسەرییە هاتبوونە تورکیا، بەڵام دەستبەتاڵ گەڕانەوە، لوقمان لە هەر خێزانێکی عەرەب و فارس و ئەفغانی چوار تا پێنج هەزار دۆلاری وەرگرتووە، بەڵام لە کوردەکان تەنیا 200 دۆلاری وەرگرتووە".

ئێستا خاوەن کەیسەکان سۆراخی لوقمان دەکەن. قەشە نووری گوتی: "قسەمان لەگەڵ هەواڵگریی تورکیا کرد، پێیانگوتین لوقمان دوایین جار چووەتە ئوردن". بەگوتەی ئاکام عوسمانیش هەندێک دەنگۆ هەن کە گەڕابێتەوە هەرێمی کوردستان.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (540) - دووشەممە 2019/1/28

## ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی: ئەگەر هەیە کۆمەڵ بەشداری حکومەت پێبکەین

**ڕووداو- هەولێر**

د.ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پارتی لەگەڵ هەریەک یەکێتی و گۆڕان، حکومەت پێکدەهێنێت. گوتیشی "بەشداری لایەنەکانی دیکە کەوتووەتە سەر ئەگەر؛ ئەگەر هەیە کۆمەڵ بەشداری پێبکەین و پێچەوانەکەشی ڕاستە". ئاراس حەسۆ میرخان باسی لەوەشکرد، نزیکبوونەوەی باش لەنێوان پارتی، یەکێتی و گۆڕان هەیە. لەپێناو خێراترکردنی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت، بڕیارە "لەم هەفتەیەدا" کۆبوونەوەی سێقۆڵی بکەن. پارتی وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کە خاوەنی 45 کورسییە، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کردووە، بەڵام هێشتا هیچ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی نەکردووە.

### فراکسیۆنەکان دەستیان بە ئامادەکردنی پرۆژە یاسا کردووە

# یەکەم کاری پەرلەمان پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی دەبێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**


(فۆتۆ: ڕووداو)

فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە چڕی سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسان بۆ ئەو کابینە نوێیەی حکومەت کە بەهۆی ناکۆکیی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنەوە هێشتا دیار نییە کەی پێکدەهێنرێت. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە پارتی بەهۆی ژمارەی کورسیەکانیەوە، بە پرۆژە یاساکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانەوە ماندوو نابێت. ئەوەش وایکردووە، ئەو حیزبە پێشوەختە داوای ڕێککەوتن بکات لەسەر هەندێک لە یاسا گرنگەکان. سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕانیش وایدەبینێ، ڕێککەوتنیان لەگەڵ پارتی بۆ نووسینەوەی کارنامەی حکومەت، مشتومڕەکانی نێو پەرلەمان کەمتر دەکاتەوە.

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، نایشارنەوە، ئەگەرچی دڵنیان لەوەی بەهۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکاندا هاتووە، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی سوێندخواردنیانەوە دەستیان بە ئامادەکردنی پرۆژە یاساکان کردووە، بەتایبەت ئەوانەی کاری لە پێشینەن.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، باسی چەند گەڕێکی دانوستاندنەکانیان دەکات لەگەڵ شاندی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوەش وەک زەمینەسازی بۆ دەست سووککردنی پەرلەمان لە چوار ساڵی داهاتوودا "لەسەر پرۆژە گرنگەکان ڕێکدەکەوین، تاوەکو ببنە کارنامەی حکومەت".

کاری لە پێشینەی زۆربەی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییانەی (ڕووداو) قسەی لەگەڵ کردوون، خۆی لە پرسی چاکسازی و داهاتە نەوتییەکان و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە دەبینێتەوە. ئەو پرۆژە یاسایانەی خولی چوارەمی پەرلەمان و حکومەتی تاڕادەی ماندبوون، سەرقاڵکرد. بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنەکانەوە کاریان لەسەر نەکرا. عەلی حەمەساڵح، دەڵێ لە دانیشتنەکانیان لەگەڵ پارتی بۆ گفتوگۆ لە بارەی کارنامەی حکومەتەوە "ڕێککەوتووین لە مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی حکومەتدا، یاسای چاکسازی و یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان تێبپەڕێندرێ و هەر لە سێ مانگی سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتدا، کار لەسەر یاسای یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت، کە ئەوانەش لە یاسا هەرە گرنگەکانن".

لە ساڵانی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان، ململانێی کاری سیاسی و پەرلەمانیی بەشێوەیەک توند ببوو، ئاسان نەبوو تێبگەی کێ داوای چی دەکات. چونکە بەدرێژایی ئەو چوار ساڵەی فراکسیۆنەکانی دەرەوەی حکومەت و حیزبەکانی نێو دەسەڵاتیان تۆمەتبار دەکرد بە خۆدزینەوە لە چاکسازی، لە مانگەکانی کۆتایی تەمەنی پەرلەماندا کەوتنەوە بەر نەشتەری ڕەخنەی فراکسیۆنی پارتی، بەوەی نایانەوێ پرۆژە یاسای چاکسازی تێپەڕێندرێ.

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی هەگبەی فراکسیۆنەکەیان ئاشکرا دەکات بۆ ئەو خوولە نوێیەی پەرلەمان و دەڵێ، پەسەندکردنی یاسای چاکسازی بە هەندێک دەستکاریی و دەوڵەمەندکراوی، کاری لەپێشینەی ئێمەیە "دەزانین لەسەر هەندێک لایەن قورس دەکەوێ و دژی بەرژەوەندی ئەوانەیە کە بەناوی جۆراوجۆر چەند مووچەیەک وەردەگرن، بەڵام لە یەکەمین هەنگاودا 100 ملیار دینار بۆ خەزێنەی گشتی حکومەت دەگەڕێتەوە". هێڤیدار ئەحمەد، باسی بوونی ناوی 155 کەس دەکات کە بە پلەی وەزیر بیانووی مووچە وەرگرتنیان بۆ دۆزراوەتەوە لەگەڵ بوونی بەرپرسی وا کە مووچە و خواردن و خەرجی 60 پاسەوانی پێدەدرێ لەکاتێکدا تەنیا پاسەوانێک یان دووانی هەیە.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، باسی دوو پرۆژە یاسای دیکە دەکات لە بواری پەروەردە و تەندروستی. بەپێی پرۆژە یاساکانی ئەوان، ئیدی دەبێت پزیشک و کارمەندانی کەرتی گشتی، خاوەنی هەمان کواڵێتی و پسپۆڕی و بایەخی ئەو پزیشک و کارمەندانە بن کە لەکەرتی تایبەت کاردەکەن و سیستمی پەروەردەش والێبکرێ، خوێندن خۆشەویست و پڕ خزمەت بکات.

> بەرپرسێکی یەکێتی
>
> **دەمانەوێ پێش پێکهێنانی حکومەت، لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، داهاتە نەوتییەکان، هێزی پێشمەرگە و چاکسازی لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوین**

> **بەرپرس هەیە مووچەی 60 پاسەوان وەردەگرێ، بەڵام یەک پاسەوانی هەیە**
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

لە دۆخێکی ئاوادا کە هێشتا حیزبە براوەکانی هەڵبژاردن لە گفتوگۆ سەرەتاییەکانی پێکهێنانی حکومەت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندان و فراکسیۆنەکانیش فایلەکانی دەستیان پڕ دەکەن لە پرۆژە یاسا بۆ ئەوەی شەڕی پەرلەمانیی پێ گەرم بکەن، دەبێ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، چۆن وێنا بکرێت؟ وەک خولی چوارەم و سێیەم، چوار ساڵی گرژ و پڕ لە دەستشکاندنەوەی بێئاکام دێنێتەوە ڕێگای حکومەت، یان هێورتر هەنگاو دەنێ؟

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی بە پێویست دەزانێ لەبارەی ئەو یاسا گرنگانەی کە وەک ئەو دەڵێ: "ناکرێ بە زۆرینە و کەمینە تێبپەڕێندرێن" چونکە وەک باسیدەکات، ژمارەی کورسییەکانی پارتی 45 کورسییە و لەگەڵ کورسی لایەنێک یان کۆتاکان دەتوانێ هەموو ئەو پەرۆژە یاسایانە تێبپەڕێنی کە دەیەوێت "هەر بۆیە دەمانەوێ پێش پێکهێنانی حکومەت، لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، داهاتە نەوتییەکان، هێزی پێشمەرگە، چاکسازییەکانی حکومەت ڕێکبکەوین".

فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کارنامەی هەڵبژاردندا دروشمی هەلی کار و خزمەت و ئارامیی، دەدا بە گوێی دەنگدەرانیدا. ئێستا فراکسیۆنەکە پرۆژە یاسایەکی بۆ سۆشیال و چاکسازی و ئەکتیڤکردنی سندوقەکانی داهات ئامادە کردووە و دەیانەوێ لەگەڵ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، پێشکەش بکەن. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی: "ئەگەر لە سەرەتاوە لەسەر یاسا گرنگەکان ڕێکبکەوین، پەرلەمان نابێتە شوێنی ململانێی قورس و لێکتێنەگەیشتن".

هێشتا دانوستاندنەکانی پێکهێنانی ئەمکابینەیەی حکومەت کۆتاییان نەهاتبوو، فراکسیۆنەکان بە هەمانشێوەی ئێستا ئامادەکارییان دەکرد بۆ پرۆژەبارانکردنی پەرلەمان. یەکێتی یەکەمین پرۆژە یاسای خۆی کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کرد، هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو کە دواجار هەر ناکۆکییەکانی ئەو یاسایە، سەری دووساڵی پەرلەمانی خوارد.

شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێ یاسای چاکسازی هی ئەوان بووە حکومەت کردوویەتی بە پرۆژەی خۆیی و جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە ئامادە دەکەنەوە. شێرکۆ جەودەت دەڵێ: "دەستووری هەرێمی کوردستانیش ئەولەویاتی کارەکانمانە لەگەڵ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان و دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، فراکسیۆنی نەوەی نوێ، پرۆژە یاسایەکیان ئامادە کردووە بۆ بڕینەوەی هاوکاریی مانگانە بۆ خوێندکارانی سەرجەم قوناخەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و بەپێی قۆناخەکان هاوکاریی بۆ خوێندکاران دیاریکراوە لەگەڵ پرۆژەی چاکسازی. هەرچی کۆمەڵی ئیسلامیشە، وەک عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکسیۆن باسیکرد، هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی پەیوەندیدارن بە باشترکردنی ڕەوشی ژیانی خەڵک و مووچەی کەمئەندامان و مافەکانی منداڵ و لە بوارە سیاسییەکەشدا، بەرنامەی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردن، کراوەتە بنەمای ئامادەکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی کاری لەسەر دەکەن. گوتیشی: "هەمواری یاسای توندوتیژی خێزانی، چاکسازی، تیرۆر، کار، سندوقی داهاتە نەوتییەکان و جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازی کەمئەندامان، لەلای ئێمەوە کاریان لەسەر دەکرێت".

# سێشەممە پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی باڵا کۆدەبنەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای کەرکووک و وەزارەتی دادی عێراق، پرسی هاوبەشیی ڕاستەقینە لە دۆسیەی نەوت و هێزە ئەمنی و سەربازییەکان، بوونەتە خاڵی ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی. ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو بڕیارە هەردوولا جارێکی دیکە کۆببنەوە. دوای ئەوە، هەردوو لایەنەکە و گۆڕان لە هەولێر کۆدەبنەوە. پەرلەمانتارێکی پارتی، نیگەرانیی پارتی لە یەکێتی دەردەبڕێ و دەڵێ "وا تێدەگەین تاوەکو ئێستا ئامانجی یەکێتی کاتکوشتنە نەک دانوستاندنی جددی".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، تەئکید دەکاتەوە کە بەرەوپێشچوون لە گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی و پارتی بەدی هاتووە "بەڵام نەگەیشتووەتە ئەوەی بڵێین لەم کۆبوونەوەیەی ئەمجارەدا دەگەنە ئەنجام، ئەم کۆبوونەوەیە هەوڵێک دەبێت بۆ ئەوەی خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان بە تەواوی کەمبکرێتەوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت ئێستا حیزبەکەی داوا لە پارتی دەکات "لەسەر سیاسەتی گشتی حکومەت ڕێکبکەون و سیاسەتە گشتییەکەش بەمانای ئەوەی یەکێتی وەک پارتی ئاگای لە دۆسیەی نەوت بێت و لە بابەتی هێزە چەکدارەکانیش وەک پارتی بڕیاردەری سەرەکی بێت".

تاوەکو چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، فایلی کەرکووک و وەزارەتی داد لە بەغدا کە یەکێتی داوای دەکرد وەک یەک پاکێج بە فایلی پێکهێنانی حکومەتەوە ببەسترێنەوە، هۆکاری لێکدووریی نێوان پارتی و یەکێتی بوون، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، پارتی لە پرسی کەرکووکدا نەرمی نواندووە و داوای کردووە یەکێتیش نەرمی بنوێنێ. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پارتی بە یەکێتی گوتووە کە لاری نییە لەوەی پارێزگاری کەرکووک یەکێتی بێت، بەڵام دەبێت یەکێتیش ڕازی ببێ پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بدرێتە دەست حکومەت و پرسی وەزارەتی دادیش خراوەتە بەرامبەر سازانی یەکێتی لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتدا.

> **ناتوانین بەردەوام کات لەبەردەم دانوستاندندا درێژ بکەینەوە**
>
> پارتی

ڕێبوار بابکەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی، دەڵێ پۆستەکانی بەغدا بەپێی خاڵبەندی دابەشکراون و خاڵەکانی یەکێتی لە پۆستی سەرۆککۆماردا تەواو بووە "ئەگەر دواجار پارتی ڕازی ببێ وەزارەتی داد بداتە یەکێتی، لە چاکەی خۆیەتی"، ئەو پەرلەمانتارەی پارتی لە بارەی داواکارییە نوێیەکانی یەکێتی دەڵێ "لە کابینەکانی پێشووش یەکێتی لە فایلی نەوتدا هاوبەشی ڕاستەقینە بووە، وەک لایەنێکی سەرەکی نێو حکومەت مامەڵەی کردووە و بەداخەوە هەستدەکەین تەنیا دەیەوێ کات بکوژێ و حەزی لەوە نییە حکومەت زوو پێکبهێنرێ".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، داوا دەکات یەکێتی لەوە زۆرتر کات نەکوژێ "چونکە پارتی هەر ئاوا ناچێتە ژێرباری ئەوەی یەکێتی بەهەموو شێوەیەک یاری بە کات بکات و پشوودرێژی لای پارتی کۆتایی دێت، دانوستاندنیش بریتی نییە لەوەی تۆ بەردەوام داواکاریت هەبێت".

پارتی و یەکێتی، سێ لیژنەیان پێکهێناوە کە لەیەک کاتدا گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی بەغدا، کەرکووک، کوردستان دەکەن. سێ لیژنە کە توانای بڕیاردانیان نییە و تەنیا بە ڕاپۆرتێکی گشتی، شاندی باڵا و دەسەڵاتداری کۆبوونەوەکان ئاگادار دەکەنەوە لەوەی بەدەستهاتووە. بەڵام لە نوێترین پێشهاتدا، پارتی بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای دووری دانوستاندنەکان داوای لە بزووتنەوەی گۆڕان کردووە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان سازبکرێ و گۆڕان لە سەرەتاوە مەیلی لەسەری نەبووە و دواتر ڕازی بووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێ هێشتا پارێزگاری کەرکووک و وەزارەتی داد، خاڵی ناکۆکی نێوان ئێمە و پارتییە: "بەڵام وەک سەرەتا نییە و لیژنەکان لەنێو وردەکارییەکاندان و دواتر شاندی باڵای یەکێتی و پارتی، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە لیژنەکان پێیگەیشتوون". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی لەکاتی قسەکردنی بۆ (ڕووداو) بەڕێگاوە بوو بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی قسە لەبارەی گەڕی داهاتووی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ پارتی و ئەو کاغەزەی دەبرێتە سەر مێزی دانوستاندنەکە، بکەن.

ئەمریکییەکان بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەک، دەیانەوێ دۆخی کەرکووک ئاسایی بکەنەوە و ڕۆژی 24ی ئەم مانگە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی کەرکووک، داوایان کردووە مەلەفی ئەمنی ناوەندی کەرکووک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی شارەکەوە بەڕێوەببرێت و هیچ هێزێکی دیکەی تێدا نەمێنێ. پاراستنی سنوورەکانی دەوروبەری پارێزگاکەش بەپێشمەرگە و سوپای عێراق بسپێردرێت.

ئەگەر پرۆژە ئەمریکییەکە سەرکەوتوو بێت لە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، پارتی دەگەڕێتەوە شارەکە بۆ ئەوەی گرییەکی بەردەم پێکهێنانی حکومەت بکرێتەوە؟

نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ لەکاتی سەردانی بارزانی بۆ بەغدا لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هاتووەتە ئاراوە و ئێمە گوتوومانە ئاساییکردنەوەی کەرکووک واتا "گەڕانەوەی هێزەکان بۆ شوێنی خۆیان و بەڕێوەبردنی کەرکووک لەلایەن کەرکووکییەکان و وەرگرتنەوەی بارەگاکانمان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان".

گوتیشی: "بەڵام برادەرانی ئێمە لە لیژنە هاوبەشەکان لەگەڵ برادەرانی یەکێتی بگەنە هەر ئەنجامێک، پێی ڕازی دەبین".

بەرپرسێکی ئاگاداری بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبوونەوەکانی پێکهێنانی حکومەت، درێژەکێشانی دانوستاندنەکان بۆ ڕێکنەکەوتنی پارتی و یەکێتی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ ئەو دوو لیژنەیەی ئێمە هەمانە لەگەڵ پارتی، گرفتێکی وایان نییە کە پێکنەیەین: "چونکە پارتی گرفتی لەگەڵ پرۆژەی گۆڕان نییە و گوتوویانە داواکارییەکانیان پەسەند دەکرێ. بۆ خۆشمان دەمانەوێ حکومەت چاکسازی ڕیشەیی بکات و ئەو پرۆژەیەی ئێوەش جێگای دەبێتەوە و ماوەتەوە لەسەر دۆسیەی نەوت ڕێکبکەوین تاوەکو سندوقی داهاتە نەوتییەکان گرفتی لەسەر نەمێنێ لە کارنامەی حکومەتدا".

لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکانیشەوە کە گۆڕان داوای کردووە سیستمی خاڵ پەیڕەو بکرێ، ئەو بەرپرسەی گۆڕان دەڵێ: "ئێمە داوامان کردووە تەنیا وەزارەتەکان و پۆستە باڵاکان بە خاڵ نەبێت، بەڵکو هەموو پۆستەکان لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و جێگرەکانیان و وەزیر و دیوانی سەرۆکایەتییەکان و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەپێی خاڵ دابەشبکرێن، نەک بەڕێککەوتن".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وا تێدەگات پارتی لاری نییە لەوەی خاڵ پێڕەو بکرێ "بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێتی پێداگیریی لە پۆستی زیاتر لە خاڵ دەکات و فایلی دیکەی هێناوەتە نێو پاکێجی پێکهێنانی حکومەت، ئاسان نییە پارتی بۆ هەموو پۆستەکان بە سیستمی خاڵ ڕازی ببێ".

گوتیشی "پێموایە کاتێک گفتوگۆکان دێنە سەر وردەکاریی دابەشکردنی پۆستەکان، بابەتەکە ئاڵۆز دەبێت و کاتی زۆر دەوێ، بەتایبەتی یەکلاکردنەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت کە ئێمە و یەکێتیش داوای دەکەین".


پارتی و یەکێتی، سێ لیژنەیان پێکهێناوە بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی بەغدا، کەرکووک، کوردستان

## 315 ڕۆژ لە زیندانی ئاسایشی گشتیدا بووە

# تۆمەتباری سەرەکی دۆسیەکەی زانا حەمەساڵحی قائیمقام بێ تاوان دەرچوو



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دوای نزیکەی 7 ساڵ لە دۆسیەی مامەڵەکردن بە زەوییەکانی قولەڕەیسی لە سلێمانی، دەستەی گشتی سزایی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەکەی بە بێتاوان ناساند، چونکە ئەو بەڵگانەی لەدژی هەبوون، بەڵگەی پێویست نەبوون بۆ تاوانبارکردنی. خاوەنی دۆسیەکە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی تۆمەتبار دەکات و دەڵێت داوای لێکردووە ببێتە شەریک لە پرۆژەکانی، بەڵام ئەو قبوڵی نەکردووە، بۆیە کێشەی بۆ دروستکردووە.

حاجی حوسێن کە تۆمەتباری سەرەکی دۆسیەکەیە، باس لەوە دەکات کە دۆسیەکە سیاسی بووە، خۆی و زانا حەمەساڵح، قایمقامی پێشووی سلێمانی کرابوونە ئامانج و چەند کەسێکی دیکەش تێوەگلێندرابوون، بەڵام نەتوانرا ئەو بەڵگانە پشتڕاست بکرێنەوە و بێتاوان دەرچوون.

حوسێن حەمەعەلی تۆفیق کە بە حاجی حوسێن ناسراوە، لە بارەی ئەو کێشەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2012/3/27 لە ئاسایشی گشتی لە سلێمانی بانگکرام بۆ شایەتیدان لەسەر بابەتێک کە ئێستاش نەمزانی چی بوو. کاتێک چووم ئیفادەیەکی ئامادەکراویان خستە بەردەمم و گوتیان واژۆی بکە و برۆ، بینیم نووسراوە زانا حەمەساڵح دوو ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەری بە بەرتیل وەرگرتووە، عومەر عەلی محەممەد، بەڕێوەبەری زەویوزاری سلێمانی لاندکرۆزەرێکی بە بەرتیل وەرگرتووە، ئاراس ناجی نووری، سەرۆکی شارەوانی ڕۆژئاوای سلێمانی زەوی بە بەرتیل وەرگرتووە، بەڵام گوتم ئەگەر بە مشاریش دوولەتم بکەن واژۆی ناکەم".

بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگایی حاجی حوسێن کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە "تۆمەتبار حوسێن حەمەعەلی تۆفیق، خەڵکی گوندی قولەڕەیسی و خاوەنی موڵک و زەوییە، لە هەمان کاتدا کاری کڕین و فرۆشتنی زەوی کردووە، بە قسەی خۆی (قادر حەمەجان عەزیز) کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش بووە، چەند جار داوای لە تۆمەتبار کردووە کە ببێتە شەریک لە دروستکردنی بەنزینخانە و پرۆژەی تردا بە پارەی تۆمەتبار، بەڵام تۆمەتبار ڕازی نەبووە".

دوای ڕەتکردنەوەی داواکەی قادر حەمەجان لەلایەن حاجی حوسێنەوە، ڕۆژی 2012/3/26 لەگەڵ چەند خزمێکی وەکو شایەت بانگ دەکرێن بۆ ئاسایشی گشتی/ ڕامیاری بەشی لێکۆڵینەوەی تاوان، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە بە سیفەتی "تۆمەتبار" ئیفادەی لێ وەردەگیرێ.

حاجی حوسێن دەڵێ: "لە ساڵی 2001ـەوە حاکم قادر کێشەی لەگەڵ من هەبوو، ئەو کاتەی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بوو، چەند جارێک داوای لێکردم بە پارەی خۆم شەریکم بێت لە چەند کارێکی بازرگانی، بەڵام پێمگوت من کار بۆ خۆم دەکەم، نەک بۆ خەڵک، بۆیە توورە بوو، بانگی دوو پاسەوانەکەی کرد و گوتی ئەو پیاوە ناوی حوسێن حەمەعەلییە، یەک جاری تر بێتە ناو شارەوانی بە هەر بیانوویەک بێت، من ئێوە دەردەکەم".

### تۆمەتەکەی چی بوو؟

بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگا "تۆمەتی ئەوەی دەدرێتە پاڵ کە گوایە زەوی و سەیارەی بە بەرتیل بە قائیمقام و حیمایەکانی داوە، بەڵام تۆمەتبار هەر لە سەرەتاوە ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی ڕەتدەکاتەوە، لە ڕۆژی 2012/4/1 وەکو تۆمەتبار وتەی لێ وەردەگیرێ کە زەوی داوە بە حیمایەکانی قائیمقام و هەروەها زەوی داوە

**راپۆرتی دادگا:**

- **حاجی حوسێن لەژێر ئەشکەنجەدا بە زۆر ئیعترافی پێکراوە**
- **هیچ بەڵگەیەک نییە قائیمقام و پاسەوانەکانی بەرتیلیان لە حاجی حوسێن وەرگرتبێ**
- **حاکم قادر دانی بەوەدا ناوە کە حاجی حوسێن ئەشکەنجە دراوە**

بە (ئاراس ناجی نووری) و (عومەر عەلی محەممەد) وەک بەرتیل بۆ ئەوەی لە مامەڵەکانیدا کارئاسانی بۆ بکەن".

بەگوتەی حاجی حوسێن، لەبەر ئەوەی واژۆی نەکردووە لەسەر ئەو ئیعترافە، لە ئاسایش ئەشکەنجەیان داوە و دەڵێ: "کە زانییان واژۆی ناکەم، گوتیان پشتێنەکەت بکەوە، منیش کردمەوە، توند چاویان بەستم و ڕاست و چەپ دەستیان لە پشتەوە کەلەپچە کردم. بە تەختە کەوتنە گیانم و ماوەیەکی زۆر لێیاندام، تاوەکو بوورامەوە، ئاویان پێداکردم تاوەکو بێمەوە هۆشی خۆم و ئیفادەکە واژۆ بکەم، بەڵام نەمکرد، چەند جارێک ئیفادەکەیان گۆڕی، لە ئۆتۆمبێلەوە کردیان بە زەوی، دواتر بە پارە، دواجار گوتیان تەنیا بە دەنگی بەرز ئیفادەکە بخوێنەوە ئازادت دەکەین، بەڵام دەمزانی ئەگەر وابکەم خەڵکێک بەناهەق تووشی کێشە دەکەم، بۆیە نەمکرد".

### ئیعتراف لەژێر ئەشکەنجەدا

دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە پشتبەستن بە 13 بەڵگە بۆی ڕوونبووەتەوە کە حاجی حوسێن لەژێر ئەشکەنجە و لێداندا ئیفادەی لەسەر زانا حەمەساڵحی قایمقام و ئەوانی دیکە داوە. بۆیە دادگا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتانەی داوە کە ئاراستەی حاجی حوسێن کراون. دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دانپێدانانەکەی حاجی حوسێن لەژێر کاریگەری زەبروزەنگ و ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی تۆمەتباردا وەرگیراوە، بۆ ئەمەش 13 بەڵگەیان هەیە.

هەر سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی حاجی حوسێن لە ڕاپۆرتی دادگادا هاتووە: "وتەی چەند شایەتێکیش هەیە ئەو کاتەی حاجی حوسێن ڕاگیرابوو لەنێو ئاسایش، بینیویانە لێیدراوە و ئاسەواری ئەشکەنجە بە لەشیەوە دیار بووە، ئەمەش پشتڕاستی وتەی تۆمەتبار دەکاتەوە کە لەژێر ئەشکەنجەدا دانی بەو تاوانەدا ناوە..".

حاجی حوسێن سکاڵای لەسەر پێنج کارمەندی ئاسایش تۆمار کردووە کە ئەشکەنجەیان داوە: "لە بنکەی پۆلیسی سەرا سکاڵام لەسەر 5 کارمەندی ئاسایش تۆمار کرد کە بە چاوی خۆم بینیومن لەوکاتەی ئەشکەنجەیان دەدام، بەدڵنیاییەوە زۆر کەسی دیکەش هەن کە بە چاوی بەستراوەوە ئەشکەنجەیان داوم، بەڵام من نەمدەبینین و نەمدەناسین، بۆیە سکاڵام لەسەریان تۆمار نەکردووە".

لە دۆسیەی حاجی حوسێندا بەڵگەی زیاتر لەبارەی ئەشکەنجەدانی خراونەتە ڕوو، وەک لە کۆنووسی دۆسیەکەدا هاتووە: "بەڵگەیەکی دیکە گوتەی حاکم قادر حەمەجانە کە کاتی خۆی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بووە و بە سیفەتی شایەت لە دادگا وەرگیراوە کە خۆی سەردانی حاجی حوسێنی کردووە، ئەو پێیگوتووە ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن، حاکم قادریش گوتوویەتی ڕاستە و بە قسەی خۆی ئیجرائاتیان کردووە بەرامبەر ئەوەی لە لێیداوە، ئەمەش بەڵگەی ئەشکەنجە بووە بۆ تۆمەتبار لەکاتی ڕاگرتنی لە ئاسایش".

بەڵگەیەکی دیکە کە دادگا پشتی پێبەستووە، قسەی هەردوو پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان سەرگوڵ ڕەزا و پەیمان عیزەدینە کە ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ بوون و دەڵێن سەردانی حاجی حوسێنیان کردووە لە ئاسایش، شوێنی ئەشکەنجەدانی پێوە بووە و ڕاپۆرتیشیان بۆ پەرلەمان بەرزکردووەتەوە. حاجی حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت: "چەند پەرلەمانتارێک بوون، تووشی شۆک بوون، تەنانەت سەرگوڵ ڕەزا کە منی بەم حاڵەوە بینی فرمێسک لە چاوی هاتەخوارەوە".

یەکێکی دیکە لەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن کە حاجی حوسێن ئەشکەنجە دراوە، متاڵەعەیەکی سازان مستەفا، ئەندامی داواکاری گشتییە لە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی کە لە 2012/4/10 خستوویەتییە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کە بە چاوی خۆی شوێنەواری لێدانی دیوە بە جەستەی حاجی حوسێنەوە و داوای کردووە بدرێتە لیژنەی پزیشکی بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی پزیشکی. ئەمەش ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار پشتڕاست دەکاتەوە لەکاتی ڕاگرتنی لە ئاسایش. هەر لە دۆسیەکەدا هاتووە: "تۆمەتبار دەڵێ دوای متاڵەعەی داواکاری گشتی بردیانم بۆ نەخۆشخانە، کرێم و چارەسەریان بۆ وەرگرتم و گرتووەکانی ناو ئاسایش ڕاسپێردرابوون بە نۆرە بمشێلن و دەرمانم بکەن، تاوەکو ئاسەواری ئەشکەنجەم پێوە نەما".

لە دۆسیەی حاجی حوسێندا ئاماژە بە ڕاپۆرتە پزیشکییەکان دراوە: "ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەی حاجی حوسێن لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەدەستیهێناون ڕوونیان کردووەتەوە کە ئاسەوار و کاریگەری زەبری دەرەکی پێوەدیارە".

**حاجی حوسێن:**

- **ئەگەر زانای قائیمقام مابایە ئەویش بێتاوان دەردەچوو**
- **سکاڵام لەسەر پێنج کارمەندی ئاسایش تۆمار کردووە کە ئەشکەنجەیان داوم**

### بۆچی دۆسیەی حاجی حوسێن لە ئاسایشی گشتی بوو؟

لە کۆنووسی دۆسیەی دادگایی حاجی حوسێندا بە گومانەوە باس لە لایەنی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکات کە ئاسایشی گشتییە.

وەک لە کۆنووسەکەدا هاتووە: "دادگای سلێمانی تێبینی کرد لایەنی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوەی ئەم کێشەیە ئاسایشی سلێمانییە نەک ئاسایشی گشتی، چونکە گوتراوە ڕەشوەکە لەنێو شاری سلێمانی ڕوویداوە، بۆیە جێگەی گومانە کە لێکۆڵینەوە لەم دۆسیە لەلایەن ئاسایشی گشتی کراوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی ئیداری هەبێت لەلای دادوەری لێکۆڵینەوە بە ڕاسپاردنی ئاسایشی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە، ئەمەش پشتڕاستی گومانی تۆمەتبار دەکات کە کێشەکەی هەڵبەستراوە".

### گومان لە واژۆی حاجی حوسێن

لە دادگا ئیفادەیەک هەیە کە دەگوترێت هی حاجی حوسێنە و لەسەر زانای قایمقام و ئەوانی دیکە داویەتی، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت ئیفادەکە هی من نەبووە، لە ڕاپۆرتی بەڵگەی تاوان و لەلایەن کەسی شارەزاشەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە بەمەبەست واژۆکە بەناوی من دانراوە، یاری بەو واژۆیە کراوە، بۆیە دادگاش ڕەتیکردەوە".

ڕاپۆرتێکی دادگای تاوانەکانی سلێمانی/1 کە بە نووسراوی ژمارە 576/ج/2012 لە ڕۆژی 2017/5/21 دەرچووە، دەڵێت: "بەپێی ڕاپۆرتی ئەدلەی جنائی (تعمد) هەیە لە گۆڕینی واژۆی سەر وتەکانی تۆمەتبار لە (2012/4/1) سەرەڕای ئەوەی تۆمەتبار لە هەموو دانیشتنەکانی دادگا نکۆڵی دەکات لەوەی ئەمە واژۆی ئەو نییە و چەندینجار ئیفادەی ئامادەکراویان بۆ هێناوە واژۆی بکات، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە بیکات".

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "گریمان ئەوە واژۆی تۆمەتبار بێ، ئەوا تعمدکردن لە گۆڕینی واژۆیەکەی ئەگەر بەڵگەبێ لەسەر شتێک، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆمەتبار ئیرادەی سلب کراوە و ناچار بووە ئەم واژووە بکات".

دادگا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ئەو ئیعترافەی لە 2012/4/1 واژۆی حاجی حوسێنی بەسەرەوەیە ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

"یەکەم: تۆمەتبار لە 2012/3/27 وتەی تەواوی وەرگیراوە بە ئامادەبوونی پارێزەرەکەی و نکۆڵی لەو تاوانە کردووە کە دراوەتە پاڵی، لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا ناکرێ دووبارە وتە لە تۆمەتبار وەربگیرێ، ئەگەر هیچ تازەگەرییەک نەبووبێ. دووەم: وتەی تۆمەتبار لە 2012/4/1 وەرگیراوە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەری و بەبێ ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبار بۆ ئامادەبوونی بریکارەکەی، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

هەروەها ئەوەی دادگای گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە تۆمەتەکەی حاجی حوسێن هەڵبەستراوە، گوتەی شایەتەکانە کە لە دۆسیەکەدا ناویان هاتووە "دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوە وتەی دوو شایەتی دیکەی بەناوەکانی (دەماوەند و پشتیوان) وەرگرت کە پاسەوانی (زانا حەمەساڵح) قامیقامی پێشووی سلێمانی بوون، دادگا نەیدی یەک شایەت لە کێشەکەدا پشتڕاستی ئەو دانپێدانانەی تۆمەتبار بکاتەوە".

هەروەها دادگا بۆی ڕوون بووەتەوە "هیچ بەڵگەیەکی ماددی نییە کە تاوانی پێدانی ڕەشوە بە بەرپرسەکان بسەلمێنێ". هەروەها: "ژمارە و شوێنی ئەو پارچە زەویانەی گوایە بە بەرتیل لەلایەن ئەو تۆمەتبارە درابێت بە پاسەوانەکانی قایمقام و هەریەکە لە (عومەر محەممەد) و (ئاراس شێخ ناجی) دەرنەکەوت، بەڵکو دەرکەوت تەنیا بە قسەیە و واقعی نییە، چونکە هیچ شتێک وەک بەرتیل دەستی بەسەردا نەگیراوە".

لە کۆتاییدا دادگا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەڵگەی تەواو باوەڕپێکراو نییە بۆ تاوانبارکردنی حاجی حوسێن سەبارەت بەو سێ تۆمەتەی ئاراستەی کراون بەپێی بەندی 310 لە یاسای سزادان و بڕیاریاندا بە هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ تۆمەتی ئاراستەکراو و ئازادکردنی تۆمەتبار و هەڵوەشانەوەی ئەو بارمتەی لێی وەرگیراوە پاڵپشت بە ماددەی 182/ج لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی.

دەستەی گشتی سزایی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانیش، بە زۆرینەی دەنگ لە 2018/12/12 بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکە داوە و بەرائەتی بۆ حاجی حوسێن حەمەعەلی دەرکردووە.

حاجی حوسێن 315 ڕۆژ لە زیندانی ئاسایشدا بەند کراوە و 16 ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسیدا بووە. ئەو دەڵێ: "ماوەی 237 ڕۆژ لە زینداندا مامەوە، 16 ڕۆژی لە زیندانی تاکەکەسی بووم، لە 2012/11/18 دادگا بڕیاری بێتاوانیی منی دەرکرد و بەکەفالەت ئازادکرام، دواتر بڕیارەکەی دادگا تەمیزکرایەوە، ڕۆژی 2013/9/23 دووبارە دەستگیرکرامەوە و 78 ڕۆژ لە زینداندا بووم، لە 2013/12/9 دووبارە بەکەفالەت ئازادکرام، بەڵام جارێکی دیکە بڕیارەکە تەمیزکرایەوە، لە 2017/4/17 چوومەوە بەردەم دادگا، ئەمجارەش بە کەفالەتی 20 ملیۆن دینار ئازادکرام، بەو مەرجەی لە هەموو دانیشتنەکانی دادگا ئامادە بم، دوای چەند دانیشتنێکی دادگا بۆ سێیەم جار بەرائەتم وەرگرت".

### "دۆسیەکەم سیاسی بوو"

حاجی حوسێن ڕەتیدەکاتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە زانای قائیمقام و ئەوانەی دیکەشەوە هەبووبێت و دەڵێ: "من مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی زەویم کردووە، تەنیا بۆ مامەڵەکانم سەردانی شارەوانی، قایمقامیەت، پارێزگا و شوێنەکانی دیکەم کردووە، پەیوەندی تایبەتیم لەگەڵ هیچیان نەبووە، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی کە پێشتریش حەزی بە من نەبوو، کێشەی بۆ دروستدەکردم، دەیویست لەو ڕێگەیەوە من و زانای قایمقامیش تۆمەتبار بکات، چونکە دواتر زانیم کە مام جەلال، زانای بۆ پۆستی پارێزگار

# کێ لەپشت گرانبوونی نرخی غازە؟

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

لە چەند رۆژی رابردوودا نرخی غاز لە هەولێر بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەرپرسانی هەولێر لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەدان، بەڵام ناکۆکیی نێوان کارگەی غازی هەولێر و ئەو کۆمپانیایەی غاز بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات، کێشەی غازی لە هەولێر کردووە بە بۆمبێکی تەوقیتکراو. بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر دەڵێ کۆمپانیاکە بەشە غازی هەولێر دەدات بە ئێران، کۆمپانیاکەش دەڵێت بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر و 18 کارگە بازاڕی غازی هەولێریان قۆرخکردووە و ئەوان هۆکاری گرانبوونی نرخی غازن.

هەردی هەورامی، خاوەنی کارگەی غازی هەورامان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "دوو جۆر غاز هەیە، غازی حکومی کە حکومەت دابینی دەکات و نرخەکەی 6500 دینارە، ئەو غازە لە زستاندا پێداویستیی هەولێر پڕناکاتەوە، بۆیە غازی بازرگانی دێنین، هەولێر لە زستاندا رۆژانە پێویستی بە 400 تۆن غاز هەیە، بەڵام ئەو بڕە ناگاتە دەستمان، کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار رۆژانە (12) تەنکەر بۆ هەولێر دەنێرێ کە نزیکەی 300 تۆن دەکات، ئەمە هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی غازە لە هەولێر".

بەبڕوای هەردی هۆکارێکی دیکەی گرانبوونی

> **کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار غازی هەولێر دەنێرێ بۆ ئێران**
> بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر

غاز ناردنی غازە بۆ ئێران "چەند جارێک داوامان لە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان کردووە فشار بخاتە سەر کۆمپانیاکە بۆ ئەوەی پشکی هەولێر زیاد بکات و بکرێتە 15 تەنکەر، بەڵام ئەوان داواکارییەکەیان قبوڵ نەکردووین".

خاوەن کارگەکان داوا دەکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو عێراق خۆی سەرپەرشتی فرۆشتنی غاز بکات، هەردی هەورامی دەڵێ: "حکومەتی عێراق خۆی سەرپەرشتی ئەو غازە دەکات کە بۆ کارگەکان دەچێ و نرخیشیان بۆ دیاری دەکات. کرێی ئۆتۆمبێلیشیان بۆ دەدات، بۆیە غازی بازرگانی لە عێراق نییە. پێویستە حکومەتی هەرێمیش خۆی سەرپەرشتی فرۆشتنی غازەکە بکات و تەنیا کاری گواستنەوە بداتە کۆمپانیا نەک فرۆشتن، بەمەش کەس ناتوانێ بازرگانی پێوەبکات و وەکو ئێستا گەندەڵی تێدا ناکرێ".

گرانبوونی لەناکاوی نرخی غاز لە هەولێر بەرپرسانی ناچار کرد بیر لە چارەسەری خێرا بکەنەوە. بەختیار پشدەری، بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر دەڵێ: "رۆژی 2019/1/22 لەگەڵ قائیمقام و سێ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار کۆبووینەوە. رێککەوتین کە تا کۆتایی ئەم مانگە رۆژانە 17 تەنکەر غازمان بۆ بنێرن بە رۆژانی هەینیشەوە، لە 2019/2/1یشەوە هەموو رۆژێک 15 تەنکەرمان بۆ بنێرن، لە دهۆکیش کە رۆژانە 7 تەنکەریان بۆ دەڕوات، بکرێ بە 9 تەنکەر و تاوەکو 2019/3/1 بەردەوام بێت".

بەڵام وەکو بەختیار پشدەری دەڵێ، کۆمپانیاکە پەشیمان بوونەوە: "گوتیان بەڕێوەبەرەکەمان لە دوبەیە، بۆیە لەم مانگەدا رۆژانە تەنیا 15 تەنکەر غازتان بۆ دەنێرین. دواتر ئاگادارتان دەکەینەوە کە رۆژانی هەینی بینێرین یان نا، بەڵام من لێیان تووڕە بووم و پێمگوتن لەو بڕە غازە کەمتر بنێرن رێگەنادەم تەنکەرەکانتان بێنە هەولێر، بڕیاریشمدا ئەگەر رۆژانی هەینی غاز بۆ هەولێر نەنێرن، سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم".

> **بازاڕی غاز لەلایەن بەڕێوەبەری غازی هەولێر و 18 کۆمپانیاوە قۆرخکراوە**
> کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر پێیوایە کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار هۆکاری گرانبوونی نرخی غازە لە هەولێر و دەڵێت: "بەرزبوونەوەی نرخی غاز لە هەولێر هۆکارەکەی کۆمپانیای گۆڵدن جاگوارە، چونکە ئەو غازەی رۆژانە بۆ هەولێری دەنێرن کەمە، بەشەکەی هەولێر بۆ ئێران و شوێنی دیکە دەنێرن".

بەڵام کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار کە بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ داناغاز بۆ ماوەی ساڵێک غازی پارێزگاکان دابین دەکات، رەتیدەکاتەوە ئەوان بەشە غازی هەولێر بۆ ئێران بنێرن. برادەر حەمەسەعید، بەرپرسی بەشی فرۆشتن لە کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار بە (ڕووداو)ی گوت: "دانا غاز ئاگادارە لەو 52 تەنکەرەی رۆژانە لێیان وەریدەگرین، نیوەی زیاتر دەچێت بۆ سنووری هەولێر. بێجگە لەو غازەی بە حکومی دەیاندەینێ، رۆژانە کارگەکانی هەولێر چوار بۆ پێنج تەنکەریش وەک غازی بازرگانی باردەکەن کە تەنیا 15 هەزار دیناری زیاترە لە غازە حکومییەکە و بە پارەیەکی زۆرتر دەیفرۆشنەوە، ئێمە مانگێکە یەک تەنکەریشمان بۆ ئێران نەناردووە".

برادەر حەمەسەعید دەشڵێ: "بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر پێیگوتین ئەگەر رۆژانە 17 تەنکەرمان بۆ نەنێرن، رێگەنادەم تەنکەرەکانتان بێنە هەولێر. ئێمەش وەک کاردانەوە تەنکەرەکانمان راگرت و ماوەیەکی کەم غازمان نەنارد، بەڵام لەبەر خەڵک و داواکاریی قائیمقامی هەولێر و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دووبارە دەستمان بە ناردنی کردەوە".

کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر و کارگەکانی هەولێر بە پاوانکردنی بازاڕی غازی هەولێر تۆمەتبار دەکات. برادەر گوتی: "هیچ قەیرانێک لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک نییە، بە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان و قایمقامی هەولێریشمان گوتووە هەرکاتێک پێویستتان بوو، ئێمە پێنج تەنکەری زیادەتان بۆ دەنێرین. چەند ساڵە 12 تەنکەرمان بۆ هەولێر ناردووە و کێشەیان نەبووە، ئەمساڵ بۆمان کردوون بە 15 تەنکەر، بەڵام هەر رازی نین".

برادەر دەشڵێت: "لەنێو هەولێر 18 کارگەی غاز هەن، گروپێکیان دروستکردووە و دەستیان بەسەر بازاڕی هەولێردا گرتووە، بەئارەزووی خۆیان غازەکە دەفرۆشن، ئێمە بە تەنکەری خۆمان غاز دەنێرین بۆ هەولێر، تاوەکو ناو بەڕێوەبەرایەتی غازی هەولێر هەر تۆنێک 459 هەزار دینار دەکەوێت، واتە بوتڵێکی غاز 5530 دینار دەکەوێت، بەڵام لە هەولێر غازێک بە 15 هەزار دینار فرۆشراوە، ئەوەیە هۆکاری کێشەی غاز لە هەولێر، بەڵام ئەوان دەیانەوێ تۆمەتەکە بخەنە پاڵ ئێمە".

بەڵام بەختیار پشدەری رەتیدەکاتەوە لەگەڵ کارگەکانی غاز رێککەوتبن و بازاڕیان پاوان کردبێ و دەڵێ: "هەولێر رۆژانە پێویستی بە 400 تۆن هەیە، بەڵام کۆمپانیاکە 225 تۆنی دەنارد. بەزۆر پێمانکردوون بە 285 تەن، ئەوەی دیکە هەر ئەو کۆمپانیایە بە نرخێکی زیاتر دەیداتە 18 کارگەکەی هەولێر و 35 کارگەی دیکەی سنووری پارێزگای هەولێر، کۆمپانیاکە بە پارەی زیاتر و بە نرخی کازاخستان و ئێران دەیدەنە کارگەکانی هەولێر. ئەوانیش ناچارن لێیانوەرگرن و لەبەر بەرژەوەندی خەڵک بە زەرەریش بە خەڵکی بفرۆشنەوە، چونکە ئەگەر غازەکەیان لێوەرنەگرین کۆمپانیاکە دەیداتە ئێران".

کۆمپانیاکە دەڵێ ئامادەین لە بڕی پێویست زیاتر غاز بۆ هەولێر بنێرین، بەڵام مەرجیان هەیە. برادەر گوتی: "ئەوان دەڵێن هەولێر رۆژانە پێویستی بە 400 تۆن هەیە، ئامادەین 450 تۆنیشیان بۆ بنێرین، بەڵام بەو مەرجەی لە هاوینیشدا هەمان بڕە غازمان لێوەربگرن. ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ دانا غاز کردووە بۆ ساڵێک، 18 ملیۆن دۆلارمان خەواندووە و پێشەکی دوو مانگمان داوە. بەپێی گرێبەستەکە دەبێت رۆژانە 1000 تۆن لە دانا غاز وەربگرین. لە زستاندا کە خواستی زۆر لەسەر غاز هەیە، کارگەکانی غاز لەگەڵ بەڕێوەبەری غازی شارەکان رێکدەکەون و غازەکە دەفرۆشنەوە، کارگەی غاز هەیە مانگانە نزیکە 40 هەزار دۆلار قازانج دەکات، بەڵام هاوینان لەبەرئەوەی خواست لەسەری کەمە نایانەوێت، بۆیە ناکرێت زستان کە بازاڕمان هەیە نەهێڵن قازانجی لێبکەین و بەزۆر لێمانوەربگرن، هاوینیش کە بازاڕمان نابێت، پشتمان تێبکەن و غازمان لێوەرنەگرن".

کۆمپانیای گۆڵدن جاگوار نایشارێتەوە کە غاز بە ئێران دەفرۆشن، برادەر دەڵێت :"بەڕێوەبەرایەتی غازی شارەکان بێجگە لە زستان کە خواست لەسەر غاز زۆرە، کاتەکانی دیکە ئەو بڕە غازەمان لێوەرناگرن، ئێمەش بەپێی گرێبەستەکە پێویستە رۆژانە هەزار تۆن غاز لە دانا غاز وەربگرین، خەزانەکەی ئێمەش نزیکەی 6 هەزار تۆن غاز دەگرێ، بۆیە بەناچاری غاز بە نرخێکی هەرزانتر دەدەینە ئێران، ساڵانەش نزیکەی 40 هەزار تەن غاز دەچێتە ئێران، لەوێشەوە بۆ پاکستان و ئەفغانستان".

لە هەرێمی کوردستان 137 کارگەی غاز هەن (54 لە هەولێر، 63 لە سلێمانی و 20 کارگەش لە دهۆک.

> **حکومەت دەرەقەتی کۆمپانیاکە نایەت**
> خاوەن کارگەیەک

خاوەن کارگەیەک دەڵێت دابەشکردن و فرۆشتنی غاز لە هەرێمی کوردستان لەلایەن چەند کەسێکەوە قۆرخ کراوە. ئەو خاوەن کارگەیە کە نەیویست ناوی بهێنرێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر حکومەت خۆی غازەکەی دابەش دەکرد و هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام پێنج ساڵە ئەم بەزمە دروستبووە. حکومەت ئێستا بۆی نییە دەست لە کاروباری ئەو کۆمپانیایە وەربدات، بۆیە ئەگەر کۆمپانیاکە تۆنێک غاز بە 100 دۆلاریش بفرۆشێ کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکات و حکومەتیش دەرەقەتی نایەت".






دەستنیشان کردبوو، بۆیە دەڵێم دۆسیەکە سیاسی بوو".

گوتیشی: "دڵنیام ئەگەر زانای قائیمقام لە ژیاندا بووایە، بێ تاوان دەردەچوو".

سەبارەت بە تۆمارنەکردنی سکاڵا لەسەر حاکم قادر، لە کاتێکدا حاجی حوسێن دەڵێت ئەو هۆکار بووە کە ئەو ماوە زۆرە لە زیندان بێ. دەڵێت "یەکلابوونەوەی ئەو کەیسە 7 ساڵ لە تەمەنی بردم، بۆیە نامەوێت چیدی تووشی دادگا ببمەوە، بەڵام من لەبەردەم دادگایەکی کراوە و بە ئامادەبوونی حاکم قادر و زیاتر لە 100 کەس ئەو قسانەم بە حاکم قادر گوتووە کە لە چەند ئیش داوای لێکردووم بە پارەی خۆم ببمە شەریکی و کار بکەین بەیەکەوە، بەڵام قبوڵم نەکردووە، ئەمە خۆی بەڵگەیە".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە حاکم قادرەوە کرد کە ئەوکات بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بووە، بەڵام ئامادەنەبوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات.

ساکار جەمال، هاوسەری زانا حەمەساڵح، قایمقامی کۆچکردووی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "لەم دۆسیەیە هەموو ئەوانەی تۆمەتبار کرابوون بێتاوان دەرچوون، بۆیە دەڵێم زانا بووە قوربانی کێشەیەکی سیاسی و هیچی دیکە. زانا بووە قوربانی کوتلە و کوتلەکارییەکانی نێو یەکێتی".

بنەماڵەی زانای قائیمقام سکاڵایان تۆمار کردووە، ساکار جەمال دەڵێ: "ئێمە بەپلەی یەکەم سکاڵامان لەدژی حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی گشتی تۆمار کردووە، دوای ئەوەش لەسەر هەموو ئەو کەسانەی ئەو رۆژە لە دەوام بوون، بەڵام دۆسیەکە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە".

### شایەتەکان چی دەڵێن؟

پشتیوان سەڵاح محەممەد کە برازای زانا حەمەساڵحە و لە نووسینگەکەشی بووە، لە دۆسیەکەدا وەکو شایەت ناوی هاتووە، پشتیوان بە (ڕووداو)ی گوت: "رۆژی 2012/4/12 من لەلای کاکە زانا بووم لە زیندان، گوتی باوەڕم بە دادگا هەیە و دەچم ئیفادە دەدەم، رۆژی یەکشەممە بە کەفالەت ئازاد دەکرێم و کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی دەکەم، باس لەوە دەکەم کە هەموو ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵم سیناریۆن و دوورن لە راستییەوە، بەڵام رۆژێک دواتر تەرمەکەیان داینەوە".

سەبارەت بە شایەتیدانەکەشی لە دادگا گوتی

> **هاوژینی زانا حەمەساڵح: سکاڵامان لەسەر حاکم قادر تۆمار کردووە**

:"ئێمە نزیکەی شەش کەس بووین، پرسیاریان لێکردین کە حاجی حوسێن دەناسن یان پەیوەندی لەگەڵ ئێوە و زانای قایمقام چی بووە؟ گوتمان نە بینیومانە و نە دەشیناسین، بەڵام ئەو کەسە دەیناسێ کە سیناریۆکەی بۆ دروستکردووە، هەر ئەوەندەیان لێپرسین و تەواو".

ئاراس ناجی نووری، سەرۆکی پێشووی شارەوانی رۆژئاوای سلێمانی کە یەکێک بوو لەو کەسانەی لەم دۆسیەدا دەستگیرکرابوو، بە تۆمەتی ئەوەی بەرتیلی لە حاجی حوسێن وەرگرتووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "گوندی قولەرەیسی لە سنووری شارەوانی رۆژئاوا بوو، منیش وەکو بەڕێوەبەرێک لە دۆسیەکە بانگکرام، جاری دووەمیش وەکو شایەت لەگەڵ خەسرەو کەمال کە ئەوکاتە سەرۆکی شارەوانی بوو، دادوەرەکە گوتی حاجی حوسێن دەناسی؟ گوتم لەم دۆسیەدا بینیومە و پێشتر نەمناسیبوو، چونکە حاجی حوسێنیش وەکو هەموو کەسێکی دیکە بۆ مامەڵەکانی هاتووەتە لام و هیچ پەیوەندییەکی دیکەمان نەبووە، بەهۆی ئەم دۆسیەشەوە روخساریم بیرکەوتەوە، ئەو کەسێک بوو تاوەکو لە دەرگای نەدایە نەدەهاتە ژوورەکەم و هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوانماندا نەبووە".

لەبارەی پەیوەندی حاکم قادر بە دۆسیەکەوە، ئاراس ناجی دەڵێ: "هەموومان دەزانین سیاسەتی ئەمڕۆ رکابەرایەتییە، ئەوەی من بزانم زانای قائیمقام کەسێکی باش بوو، خزمەتی سلێمانی دەکرد، حاکم قادریش بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی بوو، دۆسیەکە پەیوەندی بە ئاسایشی گشتییەوە نەبوو، بەڵام دادگا هەموو بڕیارەکانی دەدا، من لەسەر ئەم دۆسیەیە لە 2012/3/7 تا 2012/8/8 دەستگیرکرام و لە زیندانی کانی گۆمە بووم تاوەکو ئەو رۆژەی هاتمە دەرەوە".

بەبڕوای ئاراس ناجی، ئەگەر زانای قائیمقام مابووایە ئەویش بێ تاوان دەردەچوو "ئێمە هەموومان بێتاوان دەرچووین، دۆسیەیەکی گەورەمان لەدژ کرابووەوە، ئەگەر کاک زاناش بمابایە وەکو ئێمە بێتاوان دەبوو".

### کێشەی حاجی حوسێن و براکەی

لە ژمارە 535ی هەفتەنامەی ڕووداو لە 2018/12/24 حاجی حوسێن لەلایەن براگەورەکەیەوە بە ساختەکردنی نەخشەی شارەوانی بۆ زەوییەکانی قولەرەیسی لە سلێمانی تۆمەتبار کرا کە بە گوتەی ئەو، ئەو موڵکانەی حاجی حوسێن فرۆشتوویەتی بایی نزیکەی 120 ملیۆن دۆلارە، بەڵام حاجی حوسێن دەڵێ: "ئەوانە تۆمەت بوون کە بۆیان هەڵبەستم، چونکە پارێزگا بە نووسراو دڵنیایی داوە کە نەخشەکە کێشەی نییە، تەنانەت دوای ئەوەی لیژنەیەک پێکهێنرا، لە پارێزگا بە نووسراوی فەرمی جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، من تەنیا 5 دۆنم زەویم لە گوندی قولەرەیسی هەبووە و هەندێک زەوی دیکەش کە هی خەڵکی دیکە بووە کڕیومەتەوە، هیچ شتێکی نایاساییم نەکردووە".

عومەر حەمەعەلی کە برا گەورەی حاجی حوسێنە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە وایزانیوە بێتاوانە بۆیە سەرەتا بەرگری لێکردووە، بەڵام حاجی حوسێن رەتیدەکاتەوە و دەڵێ: "من سەرەتا وامزانی بەرگریم لێدەکات، بۆیە پێش دەستگیرکردنم داوای لێکردم وەکالەیەکی گشتی بۆ هەموو موڵک و ماڵەکەمی بۆ بکەمەوە تاوەکو دەستی بەسەردا نەگیرێت، منیش بۆم کرد، بەڵام دواتر زانیم ئەو لەگەڵ بەرپرسەکەی یەکێتی دەستی تێکەڵە، لەو ماوەیەشدا سێ ملیۆن دۆلاری منی بردووە، بۆیە ئێستا لە ئەڵمانیا، تورکیا و سلێمانیش سکاڵام لەسەر تۆمار کردووە".

سەبارەت بەوەشی کە براکەی دەڵێت حاجی حوسێن 10 جار هەوڵی رفاندن و کوشتنی داوە و بەرپرسێکی سەربازی لە هەولێر حەشاری داوە، حاجی حوسێن دەڵێ: "ئەوەشیان هەر تۆمەتە، ئەگەر راست بووایە دادگا منی تاوانبار دەکرد و ئێستا لە زیندان دەبووم، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نەبوو، دادگاش کەیسەکەی داخست، ئەو بەرپرسە تەنیا خزمێکە و رێزم لێدەگرێت و رێزی لێدەگرم، من لە ماڵی خۆمم نەک لە ماڵی ئەو حەشار درابم".

بەهۆی میدیای دیجیتاڵ

# چارەنووسی تەلەڤزیۆن لە مەترسیدایە

ڕووداو- هەولێر

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا میدیاییە زەبەلاحەکانی جیهانی ناچار کردووە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. بۆریس ترۆپتۆڤیچ، سەرۆکی لقی کرواتیای گرووپی میدیایی ستیریا، لە کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژە لە هەولێر کە بە سپۆنسەریی (ڕووداو) بوو، باسی ئەوەی کرد کە داهاتوو بۆ میدیای دیجیتاڵییە، هەموو پلاتفۆرمە میدیاییەکان ناچارن دواجار بۆ مانەوەی خۆیان پەرە بەو بەشە بدەن.

ئەو گوتی کە وەک چۆن سەرچاوەی داهات بۆ ڕۆژنامە نەما، ئاوا بۆ تەلەڤزیۆنیش نامێنێ، ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانە مەزنەی کە لە خەڵکدا ڕوویداوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕێکلام بووە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ڕۆژنامەکان لە ڕۆژئاوا، پێشتر ڕۆژنامەکان حیزبی بوون و بۆ داهاتی خۆیان پشتیان بە فرۆشی ڕۆژنامە لەناو جەماوەری حیزب دەبەست. لە ساڵی 1900 نزیکەی 60%ی داهاتی ڕۆژنامەکان لەسەر ڕێکلام بوو. ئەم داهاتە لەگەڵ دەرکەوتنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەرەبەرە کەمی کرد و ئێستا ڕۆژنامەکان 70%ی داهاتی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵدا کە زۆربەی کاتەکانی مرۆڤ لەسەر ئامێرە دیجیتاڵییەکانە، نەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیش کەوتوونەتە بەر هەڕەشە، لە کاتێکدا نزیکەی 65%ی داهاتی ڕێکلامی جیهانی دیجیتاڵ بۆ گووگڵ و فەیسبووک دەچێ.

ترۆپتۆڤیچ، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، دەڵێت: "بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کاژێرانەی خەڵک لەسەر ئامێرە دیجیتاڵییەکان بەسەری دەبەن بەو مانایە نییە کە گرنگیدانی خەڵک بە هەواڵ و زانیاری کەم بووەتەوە، بەپێچەوانەوە زیاد بووە، تەنیا ئەوەندەیە کە خەڵک لە پلاتفۆرمە میدیاییە نەریتییەکانەوە ڕووی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کردووە".

داتای ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە ئەو بۆچوونەی ترۆپتۆڤیچ پشتڕاست دەکەنەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی 2017ی (globalwebindex)، لەنێو خەڵکانی تەمەن 16 بۆ 44 ساڵ، نزیکەی 60 %ی

> **65%ی داهاتی ڕێکلامی جیهانی دیجیتاڵ بۆ گووگڵ و فەیسبووک دەچێ**

> **پارە وەک چۆن بۆ ڕۆژنامە نەما، بۆ تەلەڤزیۆنیش نامێنێ**

> **بینەرانی یوتیوب لە تێکڕای بینەرانی 10 بەرنامەی هەرە ناوداری تەلەڤزیۆنەکان زیاترن**

خەڵک لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە هەواڵەکان دەزانن. هەر کەسێکی ئاسایی ڕۆژانە 6 بۆ 7 کاژێر کات لەسەر ئامێرێکی دیجیتاڵی بەسەر دەبات.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، کەسانی تەمەنی 16 بۆ 44 ساڵ، ڕۆژانە حەوت کاژێر ئۆنلاینن، واتە لەسەر یەکێک لە ئامێرە دیجیتاڵییەکانن (مۆبایل، ئایپاد یان لاپتۆپ)، لە کاتێکدا کەمتر لە یەک کاژێر گوێ لە ڕادیۆ دەگرن، کەمتر لە کاژێرێک ڕۆژنامە و گۆڤار دەخوێننەوە و کەمتر لە دوو کاژێری کاتیشیان بۆ بەرنامەکانی تەلەفزیۆن تەرخان




بۆریس ترۆپتۆڤیچ، سەرۆکی لقی کرواتیای گرووپی میدیایی ستیریا

دەکەن. بۆیە کۆمپانیاکان بەو بڕوایە گەیشتوون کە ڕیکلام لەڕێی تەلەڤزیۆن چیدی بەس نییە بۆ گەیشتن بە بینەر.

بەڵام ئەگەر هەموو گروپە تەمەنییەکان لەبەرچاو بگیرێن، ئەوە ژمارەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەوە جیاوازن، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا تاوەکو ئێستاش هاوسەنگییەک لە نێوان بەکارهێنانی میدیای نەریتی و میدیای دیجیتاڵدا هەیە. لە ئەمریکا تاوەکو ئێستاش بایەخ بە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دەدرێ، لە کاتێکدا ئەوروپییەکان زۆر حەزیان بە تێکەڵاویی لەڕادەبەدەر لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە. لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی وەکو ئیمارات و تایلاند جیاوازییەکان لە قازانجی دیجیتاڵ میدیا و بەرنامە ئۆنلاینەکانە.

ترۆپتۆڤیچ بەپێی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە پێشبینی دەکات لە دەیەی داهاتوودا بەکارهێنانی دیجیتاڵ میدیا بگاتە 80 %، لە کاتێکدا لە ساڵی 2000 تەنیا 3 %ی خەڵکی جیهان دیجیتاڵ میدیایان بەکاردەهێنا.

## بۆچی خەڵک ڕوو لە دیجیتاڵ میدیا دەکەن؟

کۆمپانیای نێتفلیکس Netflixکە کۆمپانیایەکی پەخشی ئۆنلاین و بەرهەمهێنانی فیلم و بەرنامەیە، زیاتر لە 148 ملیۆن بەکارهێنەری لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، بەو پێیەش ژمارەی بەکارهێنەرانی لە هەموو تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی جیهان زیاترە. ژمارەی بینەرانی یوتیوب لە ژمارەی تێکڕای بینەرانی 10 بەرنامەی هەرە پڕبینەری تەلەڤزیۆنەکان زیاترە. گومانیش دەکرێ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئامازۆن ڤیدیۆ هەتا ساڵی 2020 بگاتە 60 ملیۆن کەس.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی نێتفلیکس و یوتیوب یان ئامازۆن ڤیدیۆ، ئەوەیە بە پێچەوانەی تەلەفزیۆنەکان بینەر ناچار ناکەن لەسەر یەک بەرنامەی دیاریکراو بمێنێتەوە، بەڵکو هەزاران بژارەی جیاواز دەخەنە بەردەستی بەکارهێنەر، بۆیەش بەکارهێنەر خۆی سەرپشکە لە نێوان ئەو لێشاوی فیلم و بەرنامەیەدا کامیان هەڵبژێرێ، بەڵام لە تەلەڤزیۆنە نەریتییەکاندا بینەر هیچ چاری نییە جگە لەوەی چاو لەو بەرنامەیە بکات کە لە خشتەی بەرنامەکانی ئەو کەناڵەدا هەیە .لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکاندا، بەکارهێنەر دەتوانێ لەو کات و شوێنەی خۆی دەیەوێ سەیری ئەو بەرنامە یان فیلم یان ڤیدیۆیە بکات کە دەیەوێ.

جیا لەمە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (وەکو یوتیوب، نێتفلیکس یان فەیسبووک) ڕێگە بۆ بەکارهێنەر دەدەن لە بینەرێکی ئاساییەوە ببێتە داهێنەری بەرهەمی ڤیدیۆیی، واتە لە بری ئەوەی ناچار بێ لە گۆشەنیگای کەسێکی دیکەوە سەیری ڕووداوەکان بکات، خۆی ئەو گۆشەنیگایە بێ. بە گوتەی ترۆپتۆڤیچ ئەمە واتە :"هەموو کەسێک لە شوێنی خۆیەوە دەتوانێ سەرچاوەیەکی میدیایی بێ"، ئەمەش دیاردەیەکە ئامێر (مۆبایل و ئایپاد) و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (فەیسبووک، یوتیوب و نێتفلیکس) کردوویانە بە شتێکی مومکین.

## ئەزموونی 24 ساتا

بۆریس ترۆپتۆڤیچ دەستی باڵای لەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە کە لە گروپی میدیایی ستیریادا ڕوویانداوە و ئەو گروپەیان لە دەزگایەکی میدیایی نەریتییەوە بۆ دەزگایەکی دیجیتاڵی گۆڕیوە، وەکو خۆی لە بەشێک لە کۆنفرانسەکەدا گوتی: "دەبوو هەموو شتێک بگۆڕین و کۆی ڕێکخستنی دەزگاکە نوێ بکەینەوە". ئەم گۆڕانکارییەش تەنیا هۆکار نییە بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر کاری خۆیان لەدەست بدەن، بەڵکو دەرفەت و هەلی نوێی کاریش دروستدەکات.

بۆیەش گروپی ستیریا پلانی داناوە لە ماوەی 10 ساڵدا نیوەی ستافەکەی نوێ بکاتەوە، 30%ی ستافەکەی لەو شوێنانە دابنێ کە نوێن و بەهۆی دیجیتاڵیبوونی میدیاوە دروستبوون، نیوەی ستافەکەشی بە تەواوەتی تەرکیز بخەنە سەر بەشە دیجیتاڵەکە. ئەم بایەخەش کە بە بەشی دیجیتاڵ دراوە وایکردووە 70 %ی داهاتی ڕێکلامی گروپەکە لە بەشی دیجیتاڵەوە بێ. بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانە، 24 ساتا بووەتە گەورەترین دیجیتاڵ میدیای کرواتیا و ناوچەی باڵکان و خاوەنی پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی کرواتیاشە.

سەرۆکی دەزگا میدیاییە کرواتییەکە بە (ڕووداو)ی گوت کە ڕۆژنامەکەیان هەتا ئێستاش "قازانج دەکات"، بۆ ئەمەش باڵانسێکیان لە نێوان کواڵیتی ڕاپۆرت و داوای خەڵک دروستکردووە، جەختی لەوەش کردەوە کە لە ڕۆژنامەدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لە دیجیتاڵ میدیادا نین، لەوانەش "لە کاری ڕۆژنامە بژارەی دیزاین زیاترە، چیرۆکەکان وردترن و دەرفەتی ئەوە هەیە هەست و سۆزی خەڵک بۆ لای مەسەلەکان ڕابکێشرێ".

گەورەکان بەشدارییان نەکرد

# داڤۆسی ئەمساڵ ڕەونەقی نەبوو




زنار شینۆ و ڕۆبێرت ئێدواردس
ڕووداو- داڤۆس

ساردوسڕیی کۆڕبەندەکەی ئەمساڵی داڤۆس هیچی کەمتر نەبوو لە کەشە ساردەکەی، ئەمەش بە فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەکانەوە لە فڕۆکەخانەکانی سویسرا دیاربوو. فڕۆکەخانەی زیورخ، 159 کیلۆمەتر و فڕۆکەخانەی سانت گالن 117 کیلۆمەتر لە داڤۆس دوورن، لە ڕۆژانی کۆڕبەندەکەدا بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو یەکەمیان 32%ی گەشتەکان و دووەمیشیان 14 %ی گەشتەکانی کەم بوونەوە.

هەفتەی ڕابردوو چلونۆیەمین کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لە شارۆچکەی داڤۆسی سویسرا بەڕێوەچوو، بەڵام ئەمساڵ داڤۆسێکی ساردوسڕمان بینی، سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بە پاساوی جۆراوجۆر بەشدارییان لە کۆڕبەندەکەدا نەکرد.

> **نیوەی دانیشتووانی جیهان داهاتی ڕۆژانەیان 5.50 دۆلارە**

لە هۆڵەکانی کۆڕبەندەکە پانێل لەدوای پانێل بەڕێوەدەچوو، هەر لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربێجان لەسەر هەرێمی کاراباخ بگرە تا کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، پۆپۆلیستەکان، پرسی پاراستنی ژینگە، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، تەکنەلۆژیا، بەکارهێنانی پلاستیک و زیانەکانی و چەندین پرسی دیکە گەنگەشە کران.

ئابوونەی ئەندامبوون یاخود بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس بەپێی ئاستی بەشداریی و چالاکی لە نێوان 60 هەزار بۆ 600 هەزار فرانکی سویسرییە، بەڵام نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئابوونە نادەن. هەروەها پارەی هاتوچۆ و شوێنی مانەوە بۆ کەسانی ئەکادیمیی بەشداربووی کۆڕبەندەکە خەرج دەکرێ.

کۆڕبەندی ئەمساڵی ئابووریی جیهان لە داڤۆس بەبێ بەشداری حکومەتی ئەمریکا بەڕێوەچوو، بەجیهانیبوونی ژمارە چوار (Globalization 4.0) دروشمە سەرەکییەکەی کۆڕبەندەکە بوو.

## نایەکسانی

نایەکسانی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان، مژارێکی گەرم بوو لە شوێنێک کە پڕ بوو لە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیای زەبەلاح. ڕێکخراوی ئۆکسفامی نێودەوڵەتی لە کۆڕبەندەکەدا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و جیاوازی گەورەی نێوان کەمداهاتەکان و ملیونێر و ملیاردێرەکانی خستەڕوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە نیوەی دانیشتووانی جیهان، داهاتی ڕۆژانەیان تەنیا 5.50 دۆلارە، تەنیا یەکجار بچنە لای پزیشک یان کرێی خوێندن بدەن، دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە.

لە کاتێکدا دەوڵەمەندەکانی جیهان، ساڵانە لە وڵاتە هەژارەکانەوە 170 ملیار دۆلار، لە نەدانی باجی کۆمپانیاکانیان قازانج دەکەن. 262 منداڵ لە جیهاندا لەبەر هەژاری ناتوانن بچنە قوتابخانە.

نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاواندا لە بازارەکانی کار و پۆستە باڵاکانی دەزگاکان و کۆمپانیاکاندا مژارێکی گەرمی ئەم ساڵەی کۆڕبەندی ئابووری بوو. نەمانی مەودای نایاکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە پێویستی بە 118 ساڵە.

## 40 ملیۆن مرۆڤ لە جیهاندا کۆیلەن

ڕێکخراوی پێرستی کۆیلایەتی جیهان لە کۆڕبەندەکە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لە جیهاندا 40.3 ملیۆن کەس لە جیهاندا وەکو کۆیلە دەژین، کە 71%یان مێن و 29%یان نێرن.

"کۆیلەکان" بەسەر دوو گروپدا دابەشکراون "ئیشکردن بەزۆر و بەشوودانی بەزۆر" ئەوەی یەکەمیان ژمارەیان 24.9 ملیۆن کەسە و دووەمیشیان ژمارەیان 15.4 ملیۆن کەسە.

> **40 ملیۆن کەس لە جیهاندا کۆیلەن**

کۆریای باکوور و لیبیا و ئەریتریا و سوودان و کۆنگۆ و ساحل ئەلعاج، لەو وڵاتانەن کەمترین هەوڵیان داوە بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی، بەڵام ئەو وڵاتانەی هەوڵی زۆریان بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی داوە بریتین لە ئەمریکا، بەریتانیا، سوێد، بەلجیکا، کرواتیا، ئیسپانیا، نەرویج، پۆرتوگال و مۆنتینگرۆن.

## گۆڕانکاریی کەشوهەوا.. هەڕەشە گەورەکە

خافیر بۆلسۆنارۆ، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی بەرازیل هاوشێوەی سەرۆکی ئەمریکا دوژمنێکی سەرسەختی ڕێکەوتنی کەشوهەوای ساڵی 2015یە، بەشداری ئەو لە کۆڕبەندەکە ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە.

پارێزەر و چالاکڤانەکانی هەرە ناسراوی ژینگەپارێزی و کەشوهەوابەشداریان لە کۆڕبەندا کرد. دەیڤید ئاتنبۆرۆ لەگەڵ شازادەی بەریتانیا ولیەم پانێلێکیان لە بارەی کەشوهەواوە بۆ ڕێکخرابوو، خاتوو گرێتا تونبێرگی 16 ساڵانیش گوتارێکی پێشکەش کرد، بەڵام هیچ لە هەڵوێستەکانی بۆلسۆنارۆیان نەگۆڕی.

دەیڤید ئاتنبۆرۆ یەکێک لەو سێ کەسانە بوو خەڵاتی کریستالی ئەمساڵی کۆربەندی داڤۆسی وەرگرت، ئامۆژگاری نەوەی نوێی سەرکردەکانی جیهان دەکات و دەڵێت "دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە هەر ژەمێکی خواردنمان لە سروشتەوە بێ، واتە خۆمان سروشت تێکدەدەین".

هۆکارەکانی گەرمبوونی گۆی زەوی و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما زۆرینەی پەیوەستن بە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاوە. نزیکەی 70%ی ژینگە بەهۆی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوەیە. داوا لە بەشداربووانی کۆڕبەندەکە کرا پەنا بۆ وزەی پاک ببەن. بەڵام ئەوانەی ڕەخنە دەگرن لەوانەیە بێئاگان کە لە نێو جەرگەی ئەوروپا تەزووی کارەبا ئێستاش زۆر باوە کە بە خەڵووز بەرهەمدەهێندرێ.

## ناکۆکیی ناکۆتای سیاسی و ئابووری

"گومانم لەوە هەیە کە دەگوترێ بارودۆخی جیهان باشتر دەبێت، ئەگەر هەر کەسێک تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە. بەبڕوای من دەبێ ئێمە وەها لە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانمان تێبگەین کە بیر لە بەرژەوەندی ئەوانی دیکەش بکەینەوە) ئەمە قسەی ئەنجێلا مێرکل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بوو. ڕووی قسەکانی مێرکڵ لە ترەمپ بوون، چونکە لە سایەی ترەمپدا پەیوەندییەکانی (ئەوروپا- ئەمریکا) لەسەر پرسەکانی بازرگانی و ئابووری گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار. ئەوروپا بۆ هەر هەنگاوێکی سەرۆکی ئەمریکا کاردانەوەیەکی هاوشێوە دەنوێنێت. هێڵی نۆرد ستریم 2ی گواستنەوەی گازی سروشتی لە ڕووسیا بۆ ئەڵمانیا، پێداگیری ئەوروپییەکان لەسەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، لەگەڵ ڕەخنەکانی ترەمپ لە پێنەدانی 2%ی داهاتی نیشتیمانی ئەندامانی ناتۆ بۆ سیستەمی بەرگری، هۆکارگەلێکن بۆ تێکچوونی ئەم پەیوەندیانە. ناڕاستەخۆ لە داڤۆسەوە پەیام بۆ واشنتن دەنێردران. ناکۆکییە بازرگانییەکانی چین و ئەمریکاش بەشداربووانی ئەوروپی و ئاسیایی لە داڤۆس نیگەران کردبوو.

## سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپیۆ لە ڕێگای ڤیدیۆ کۆنفرانسێکەوە لەگەڵ بۆرگێ برێندا سەرۆکی کۆربەندی ئابووری جیهان لە داڤۆس بەشداری کرد. لە بارەی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوتی :"لەگەڵ هەر سەرکردەیەک قسەم کردبێت پابەندبوونی ئەمریکام بە ئاسایش و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە دووپاتکردووە. نامانەوێت بە تەنیا ئەوە بکەین و پێویستیمان بە دروستکردنی هاوپەیمانە". لە بارەی ئێرانیشەوە پۆمپیۆ دەڵێت "کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەیەکی واقیعییە لە یەمەن و سووریا، هەروەها حیزبوڵڵاش. ئێران دەستێوەردان لە سەروەری و سەربەخۆیی عێراقدا دەکات".

## "ماکینەی گەشەی ئابووری چیدی بە گازوایل ئیش ناکات"

شینزۆ ئابێ، سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن کە وڵاتەکەی سەرۆکایەتی گروپی 20 لە ساڵی 2019دا دەکات گوتارێکی تایبەتی هەبوو. ئەو باسی لە گرنگی سەردەمی دیجیتاڵ و حوکمڕانی و گەشەی ئابووری کرد. پێشنیازی کرد کە مەکینەی گەشەی ئابووریی جیهان چیدی بە گازوایل ئیش نەکات بەڵکو زیاتر پەنا بۆ داتای دیجیتاڵ ببرێ".

## کوردیش لە داڤۆس بوون

ساڵی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی، بەشداری داڤۆسی کرد، بەڵام ئەمجارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار نەبوو.

باسیمە عەبدولڕەحمان ئەندازیارە و لەهەولێرەوە هاتبوو بۆ داڤۆس، یەکێک بوو لە هاوبەڕێوەبەرە گەنجە هەڵبژێردراوەکان بۆ پانێڵەکانی کۆربەندەکە. پێشرەو حاجی بەکریش کە بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی هاوکاریکردنی کۆچبەر و پەنابەرانە لە کوردستان، لە پرۆگرامەکانی پەیوەست بە ئێن جی ئۆکان بەشدار بوو.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژەوە ناردمیانەوە بۆ لای باوکم



**خێزانێکی ئێزدی شوێنەکەیان ئاشکرا کردین**

چیرۆکی هەشتەم (بەشی دووەم و کۆتایی)

نەوزاد مەحموود
ڕووداو - دهۆک

ئیمان و ئامۆزاکەی بەردەوام بوون لە خۆشاردنەوە، بەڵام هیچ ئاسۆیەکیشیان لێوە دیار نەبوو. دەیانزانی دواجار دەبنە نێچیری هەوەسی چەکدارانی داعش :"ڕۆژێک هاتن، گوتیان دەتانبەین بۆ گوندی (قزلقایو) چونکە پیاوە ئێزدییەکان ئێستا هاتوونەتە ناومانەوە و هەرکەسە خانوو و ماڵی خۆی دەدەینێ. بەڵام درۆیان کرد.

ئیمان و ئامۆزاکەی و نەنکی لەگەڵ خێزانێکی دیکەی ئێزدی بڕیاری هەڵاتن دەدەن "بەپێی پەتی و برسێتی و تینوێتی هەڵاتین. بەدرێژایی شەو ڕۆشتین تاوەکو دنیا ڕووناک بووەوە، ئیدی دەبوو خۆمان بشارینەوە تاوەکو دیسانەوە دنیا تاریک دەبێتەوە".

ئەم ڕاکردنەیان ریسکێکی مەترسیدار بوو، بەڵام مانەوە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ریسکێکی خراپتر بوو. ئیمان دەڵێت: "کە شەو داهاتەوە ویستمان دەست بە ڕۆیشتن بکەینەوە. ئەو خێزانەی دیکە کە لەگەڵمان بوون گوتیان لەوە زیاتر ناتوانین بڕۆین، زۆر تکامان لێکردن و پێمانگوتن مردن باشترە لەوەی بگەڕێینەوە بۆ ژێر چەپۆکی ئەوان. پێموایە ئەوان خراپ تێکشکابوون و هەرچیمان گوت لەگەڵیان، بێسوود بوو".

## خێزانە ئێزدییەکە ناپاکییان لەگەڵ کردین

خێزانە ئێزدییەکە ئیمان و ئامۆزاکەی هیوابڕاو دەکەن، ئیدی ناچار دەبن تکایەکی دیکەیان لێبکەن "پێمانگوتن کە هەر لەگەڵمان نایەن، لای داعشەکان باسی ئێمە مەکەن و مەڵێن ئەوانیشمان لەگەڵ بوون". ئەوان بەڵێنیان دا، بەڵام پەیمانشکێنی هەر ئەوکاتە دەستپێدەکات کە خۆیان دەگەیێننە لای چەکدارانی داعش و هەموو شتێک ئاشکرا دەکەن "چەند کاژێرێکی کەم تێنەپەڕی، چواردەورمان بە چەکداری داعش گیرا، بەداخەوە ئەوان ناپاکییان لەگەڵ کردین".

ئیمان، خەونی بەباچووی دەبینی. هەموو ئەو دیمەنە شیرینانەی لە مێشکیدا وێنای کردبوون کە لە خاڵە سنوورییەکانی پێشمەرگە نزیک بینەوە و پیاوێکی ئۆقرە لێبڕاو دەستەکانی بۆ ڕابوەشێنێ و پێشوازی لێبکات، تراویلکە دەرچوون. وا جارێکی دیکە خۆیان لەبەردەم چەکدارانی داعشدا دەبیننەوە "لەنێوان خۆیان هەندێک قسەیان کرد و پاشان کەسێک لەوان گوتی دەبێت هەر لێرە بیانکوژین، لەسەر زەوییەکە دایاننناین و لوولەی دەمانچەکانیان خستە سەر سەرمان، من چاوەڕێی جووڵەیەکی پەنجەی بووم بۆ ئەوەی کۆتا هەناسەم بدەم، بەڵام لەو کاتەدا تەلەفۆنێکیان بۆ هات، دوای خولەکێک قسەکردن، پەشیمان بوونەوە لە کوشتنمان، گەڕاندیانینەوە بۆ هەمان شوێن".

پاش گەیشتنەوە بە ئاواییەکە، نیزال، کچە مامی ئیمان کە تەمەنی 13 ساڵ بووە، پەلکێش دەکەنە نێو ئۆتۆمبیلێکەوە :"تاوەکو ئۆتۆمبیلەکەش لە چاوی ئێمە ون بوو، دەمبینی چۆن نیزال دەیکێشا بە جامی ئۆتۆمبیلەکەدا و هاواری دەکرد و بانگی من و نەنکمی دەکرد".

هەر ئەو ڕۆژە ئیمان و برای نیزال گەڕێنرانەوە بۆ گوندی (کسر المحراب) بەڵام ماندوو و لەناخەوە تێکشکاو و بێتاقەت بەبێ نیزال "نیزال بۆ من هەموو شتێک بوو". بۆ ڕۆژی دواتر حاجی تورکمانی کە ئەمیرێکی داعش بووە و خەڵکی تەلەعفەر بووە، بە ئیمان دەڵێ دەتبەین بۆ لای کچە مامەکەت، بەڵام ئیمان باوەڕی پێنەکردووە "بەهۆی خۆشەویستیم بۆ نیزال ڕازی بووم. بەدڵخۆشییەوە ڕۆیشتین بۆ بینینی نیزال و گوتم لەگەڵ خۆم دەیهێنمەوە، بەڵام ئەوانە ناپاک و درۆزن بوون، بینیم بەرەو تەلەعفەر دەڕۆین".

## دەیکەن بە کەنیزەک

ئیمان، بە دیاریکراوی نازانێ لە چ ناوچەیەکی تەلعەفەر لە ئۆتۆمبێلەکە دایانگرتووە، بەڵام تێگەیشتبوو کە دیداری لەگەڵ نیزال درۆ بووە

**کچەکان بە تیروپشک بەسەر چەکدارەکاندا دابەش دەکران**

"من و ئەحمەد براینە نهۆمی دووەمی بارەگایەکی سەربازی. دوای 10 خولەک هاتن ئەحمەد ببەن، ئەحمەد پێداگیری کرد و گوتی بەبێ ئیمان لێرە ناڕۆم، بەڵام چەکدارەکان بەربوونە گیانی و لە قادرمەکانەوە کەوتە خوارەوە، هەموو شتم بیر بچێت ئەو لێدانەم لەبیر ناچێت".

ئیمان، تاوەکو شەو لەو بارەگایە مایەوە. کچێکی دیکەشیان هێنا ناوی سامییە بوو، بەڵام ئیمان نەیناسیوە، کاژێر 9ی شەو ئەمیرێکی داعش بەناوی ئەبوو موعتەز بەچەکدارێکی هاوڕێی دەڵێ: "من ئیمان دەبەم و تۆش سامییە ببە، چەکدارەکەی لەگەڵ ئەبوو موعتەز بوو کورد بوو، چونکە کاتێک سامییە دەگریا، چووە لای بە کوردی پێیگوت مەگری، ئیدی من بە ناچاری بوومە کەنیزەکی ئەبوو موعتەز".

## برا کەنیزەک بە برا دەفرۆشێ

"ئەو شەوە، ئەبوو موعتەز هیچی لێنەکردم. بەیانی کاتێک لە خەو هەستام لەماڵ نەمابوو. لە کچەکەیم پرسی باوکت لە کوێیە؟". بەپێی وەڵامی کچەکەی، ئەبوو موعتەز چووبووە شەڕێکی دژ بە سوپای عێراق :"دوای حەوت ڕۆژ هاتەوە، دەیزانی خاڵی لاوازی من نیزالی ئامۆزامە، گوتی خۆت ئامادە بکە دەتبەمە لای ئەو، بەڵام بردمی بۆ ماڵی براکەی و فرۆشتمی بە براکەی، براکەی ناوی سوبحی بوو".

ئیمان نزیکەی سێ مانگ توانی خۆی لە بەردەم زەبروزەنگی بێبەزەییانەی سوبحی و هاوژینە داعشەکەی ڕابگرێ. هەمیشە ئەوان بیانوویەکیان هەبووە بۆ ئەوەی ڕووشکێنی بکەن و ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئازاردانی "کە سوبحی لێم بێزار بوو، فرۆشتمی بە کەسێکی دیکە پێیاندەگوت ئەبوو فاتمە و ئەبوو عائیشە، بەڵام من هەمیشە مەبەستم بوو ناوە ڕاستییەکەی ئەوان بزانم و پێیاننەدەگوتم، تەنانەت بە منداڵەکانیشیان دەگوت ناوی ڕاستەقینەی باوکیان ئاشکرا نەکەن، سەیری کتێبی مناڵەکانیانم دەکرد، بینیم لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابوو، ماریا سوبحی و عائیشە عەبدولکەریم، ئیدی تێگەیشتم".

مووسڵ، لەو ڕۆژانەدا بێ دەرودیوارترین شاری دنیا دەهاتە بەرچاو. شارێک کە ترس هەموو شتێکی ڕێکدەخست و هەر پیشاندان و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنیش، هونەرێکی کاریگەری دەستەمۆکردن و بێدەنگکردنی دانیشتووانەکەی بوو.

قژە پڕ و ڕەشەکەی بەسەر شانەکانیدا هێناوەتە خوارەوە. دەست بەقژیدا دەهێنێ وەک ئەوەی بیەوێ تاڵەکانی شاهێدیی بۆ بدەن "من قژمم زۆر خۆشدەویست و هەروا دایکیشم زۆری خۆشدەویست. لە منداڵییەوە نەمبڕیوە و دەمگوت بمکوژن ناهێڵم بیبڕن. بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیرناچێت کە هاوژینی ئەبوو عائیشە بە مقەستێکەوە هات بۆم و قژی هەڵپاچیم، چونکە کاتێک کچەکەی لێیدام، بەرەنگاری بوومەوە".

چەند ڕۆژێک پاشتریش خراپتر سزای داوە: "ڕۆژێک هەر لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارێ لەبەر باران و سەرما داینام، هەڵدەلەرزیم، ئێوارە گوتیان وەرە ژوورەوە، بەڵام هەر بەو جلە تەڕانەوە مامەوە، چونکە جلیان نەدامێ خۆم بگۆڕم".

ئیمان، لە ڕۆژانی کەنیزەکایەتیدا کچان و ژنانی هاوشێوەی خۆی زۆر بینیوە. چیرۆکی هەموویان تراژیدی و خەمگین بووە. یەکێک لەوانە چیرۆکی کچێکی ئێزدی بووە بەناوی نارین. ئەو کاتەی کە دەستگیرکرابوون، ئەوانیان بردووەتە قوتابخانەیەک لە بەعاج، دوو ژووری پڕ لە کچ. یەکێکیان بە پێکەنینەوە گوتوویەتی: "پێویست نییە هەمووتان بترسن، چونکە ناشیرینەکان دەمێننەوە و بۆ خۆیان هەر لێرە دەبن".

دواتر 15 کەس لەوان براونەتە تەلعوزێر و لەوێ بە تیروپشک دابەشکراون. نارین بەر کەسێکی سووری کەوتووە بەناوی ئەبوو غازی کە تەمەنی 25 ساڵ بووە، زۆر کەڵەگەت و قەڵەو بووە. خوشکێکی نارین بەر مووسڵاوییەک کەوتووە.

نارین دەڵێت: "من و خوشکێکم و کچێکی دیکەیان بردینە ماڵێک، لە یەک ژوور و لە یەک کاتدا دەستدرێژییان کردە سەر هەرسێکمان".

نارین و هاوڕێکانی، ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بوونەتەوە. لێدان و دەستدرێژیی بەکۆمەڵ. هەر بۆیە بڕیار دەدەن خۆکوشتنێکی بە کۆمەڵ هەڵبژێرن، پێکەوە دەستدەکەن بە خواردنی ژەهری مشک، بەڵام زوو پێیان دەزانن و دەیانگەیێننە نەخۆشخانە و لە مردن ڕزگاریان دەکەن.

لە ناوەڕاستی ساڵی 2015 زیاتر لە 100 ئافرەتی توونسی گەیشتنە ڕەققە. ئەوان لەژێر کاریگەریی فەتوای شێخێکی توونسیدا بڕیاریان دابوو تێکەڵی جیهادی داعش ببن لە سووریا. چونکە شێخەکە گوتبووی کەمیی ژنان لەنێو ئەو خەلافەتەدا بووەتە خاڵی لاوازی شەڕکەران. ئەو گوتبووی بە جیهادی نیکاح، هەمان ئەو پاداشتەیان دەستدەکەوێ کە چەکدارانی داعش لە بەرەکانی شەڕدا گیانی خۆیانی بۆ بەخت دەکەن. بەڵام ئەو ژمارە کەمەی ژنان کە سەتان چەکدار چاویان تێبڕیبوون، نەیانتوانی کێشەکە چارەسەر بکەن.

ئەبوو عائیشە، ماڵەکەی لە ناوچەی موشیرفەی یەکەمەوە گواستەوە بۆ گەڕەکی 17ی تەمووز. ساڵێک و 10 مانگ لەو گەڕەکە بووە. ئیمان دڵنیایە لەوەی ئەگەر ئاژەڵێکیش بووایە هەر ڕووبەڕووی ئەو دۆخە دەبووەوە. "ئەبوو عائیشە، کەسێکی خراپ بوو. ئازاری دەدام و لێیدەدام و دەستدرێژی دەکردە سەرم، هەندێکجار لەبەر خۆمەوە دەمپرسی خودا کەی دێتە وەڵام، خودای هیچ ئاینێک ستەم قبوڵ ناکات، بەڕاستی منداڵ بووم و بەرگەی شتەکانم نەدەگرت. نازانم ئەو جیهانە لەکوێ بوو کە نەیدەویست ببینێ ئەبوو عائیشە چی لە من دەکات؟".

**سێ کچ پێکەوە ژەهرمان خوارد، بەڵام ڕزگاریان کردین**

ڕۆژێک هێرش کرایە سەر مووسڵ. بەپێچەوانەی ئەو چەکدارانەی داعش کە گرژ و مۆن و تەپی بوون، ڕوخساری ئیمان بە نزیکبوونەوەی زۆرتری دەنگی شەڕ، دەگەشایەوە "زۆر دڵخۆشیم نیشاندا، ئەو سەگانە بردمیان بۆ تەلەعفەر و فرۆشتمیان بە دکتۆرێک ناوی ئیحسان تەلەعفەری بوو، بەڵام پێیاندەگوت ئەبوو عەبدوڵڵا، یەکەم ڕۆژ کە کڕیمی، هەر لەوێ لە نوێنگەکەی دەستدرێژی کردە سەرم".

## بۆ لای باوکم بە بۆمبڕێژکراوی



بیری حەردان و کۆڵانە تەپوتۆزاوییەکان و سێبەری دار زەیتوونە پیرەکان دەکات. بیری دایکی و باوکی و برا بچووکەکەی. بیری بۆنی ئەو خۆڵە ئاوڕشێنکراوەی شنەی بەیانی لەگەڵ خۆی دەیگێڕا بە کوچە و گوزەرەکاندا. بەڵام بە هاواری دەنگی ڕەفەل، هاوژینە تووڕە و تۆسنەکەی دکتۆر ئیحسان ڕاچڵەکی. ئەو دەنگەی وەک گوێزان تیژ و بڕندە بوو: بۆ وەڵام نادەیتەوە هەی ئێزدی کافر و بەرەڵڵا "من لە ترسی ئەوەی وەک دوێنێ شەو داری ماسیحەیەک لە گیانمدا نەشکێنێ، بەپەلە ڕۆشتم بەرەوڕووی، بەڵام ئەو هەر لەسەر بیانووی لێدانم بوو، کێشای بەسەرمدا و لەهۆش چووم".

ساڵێک و سێ مانگ تێپەڕیبوو بەسەر دیلێتی ئیماندا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەستی کردووە چەکدارانی داعش شپرزەتر و بێ ئۆقرەتر دەبن. سوپا دەستی بە هێرشی زەمینی کرد و دکتۆر ئیحسان بەپەلە هاوژین و منداڵەکانی کۆکردەوە و لەڕێگای کەسێکەوە ڕەوانەی تورکیای کردن، بەڵام ئیمانی لە ماڵەکەیدا هێشتەوە.

ئیمان دەڵێت: "منی برد بۆ لای سەمەر. سەمەر کچێکی ئێزدی بوو پێشتر لە تەلەعفەر ناسیم، جارێکیان دکتۆر ئیحسان سەمەری هێنا بۆ لای من لە ماڵەوە و تاوەکو 12 شەو دەردەدڵمان بۆ یەک هەڵڕشت، من ئێستاش سەمەرم خۆشدەوێ".

ڕۆژانی دواتر ئیمان و سەمەر و ڕەنا و ڤیان یەکتریان بینییەوە. ڤیان لەکاتی داگیرکردنی مووسڵدا بەبەرچاوییەوە هاوژینەکەی کوژرابوو، دواتر حەوت جار کڕین و فرۆشتنی پێکرابوو.

شەوێک ئاگاداریان کردبوونەوە کە خۆیان کۆبکەنەوە و دەچنە سووریا، بەڵام بەهۆی ئەوەی فڕۆکەیەک کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی پێشەوەی بۆردومان کرد، پلانەکەی تێکدا. لە چۆڵەوانییەکی نزیک سنوورەکانی سووریا دەمێننەوە "شەو هەر لەو چۆڵەوانییەدا خەوتین، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ئەوە دوایین شەوم دەبێت لەگەڵ داعش".

ئیمان و سەمەر، درانە دەست چەکدارێک بەناوی ئەبوو جاسم. ڕۆژی 28ی ئابی 2017، ئەوان بێئاگا بوون لەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو ئەوان دەگەیێنێتە باوەشی باوکیان، تاوەکو ئامانجەکە شانۆگەرییەکی خوێناوی بێت، نەک دیدارێکی پڕ لە گریانی خۆشی. ئەبوو جاسم تەلەفۆنەکە دەداتە دەست سەمەر، تاوەکو قسە لەگەڵ باوکی بکات، سەمەر ناونیشانی جێگاکە بەهەموو وردەکارییەوە بە باوکی دەڵێ و تێیدەگەیێنێ کە ئیمان و ڕەنا و ڤیانیشی لەگەڵدایە "باوکی سەمەر گوتی لە شوێنی خۆتان مەجوڵێن، ئێستا ژمارەی باوکی ئیمانیش پەیدا دەکەم".

لە مۆبایلەکەوە گوێی لە دەنگی باوکێتی. ئەمە چ ڕۆژێکە خودایە، ئەبوو جاسم چۆن ئاوا بیری کەوتووەتەوە میهرەبانی بنوێنێ؟!!

**داعشێک منی فرۆشت بە براکەی**

ئیمان و سێ کچەکەی دیکە دەگەنە لای پێشمەرگە و ئۆتۆمبێلەکەش ناتەقێتەوە. ئیمان دەڵێت: "شۆفێرەکە چەکدارێکی داعش بوو، ئێمە نزیک بووینەوە لە یەکێک لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانم هۆکارەکە چی بوو، ئەو گەڕایەوە و ئۆتۆمبێلەکەی جێهێشت. واتێگەیشتین بۆ ئەوە گەڕابێتەوە کە دواتر لەڕێگای کۆنترۆڵەوە بیتەقێنێتەوە، ئێمە گەشتینە نێو پێشمەرگە و ئۆتۆمبیلەکە نەتەقییەوە".

زۆربەی کەسوکارەکەی چووبوونە پێشوازی، بەڵام ئەو بیر و خەیاڵی هەر لەلای نیزال بوو کە تا ئێستا چارەنووسی ونە. ئیمان، لە تراومای مەینەتی و نائومێدییەوە هاتووەتە دەرەوە و بۆ ژیان دەگەڕێتەوە، بەڵام هێشتا دەبێ لەنێو کامپێکی گەورەی ئاوارەییدا بە چاوەڕوانی بمێنێتەوە. دەیەوێ تێبگات هەگبەی چارەنووس چیدیکەی تێدا ماوە بۆ ئەو.

## سلێمانی هاوردەکردنی مریشک قەدەغە دەکات



**رووداو- سلێمانی**

رزگار حەمەد خدر، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی رایگەیاند، بڕیاریانداوە هاوردەکردنی مریشک بۆ پارێزگای سلێمانی رابگرن، ئەمەش بەهۆی زۆری بەرهەمی ناوخۆی مریشک لەو پارێزگایە.

رزگار حەمەد بە (رووداو)ی راگەیاند: "بۆ مانگی دووی ئەمساڵ بڕیارمانداوە هاوردەکردنی مریشک قەدەغە بکەن، پێشتر مانگانە 500 تۆن مریشک هاوردە دەکرا، بەڵام بەهۆی زۆری بەرهەمی ناوخۆیی مریشک کە ئێستا رۆژانە 100تۆن دەبێت، هاوردەکردنیمان بۆ مانگی دوو قەدەغە کردووە". گوتیشی "بەرهەمی ناوخۆی مریشک زۆر زیادبووە، بۆیە داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین باجی زیاتر بخاتە سەر مریشکی هاوردە".

### نرخەکەی گەیشتووەتە 25 هەزار دۆلار

# دوو پڕۆفیسۆر توێژینەوە لەسەر سەگی پشدەر دەکەن



دوو پڕۆفیسۆرەکە توێژینەوە لەسەر 100 سەگی ناوچەی پشدەر دەکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوو پڕۆفیسۆر لە زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین، لە چوارچێوەی تێزی دکتۆرای قوتابییەکدا، لە ڕێگەی DNA و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی، هەوڵی ناساندنی سەگی پشدەر لە لیستی سەگە نایابەکانی جیهاندا دەدەن.

ناوچەی پشدەر لە باشووری کوردستان زێدی رەسەنی ئەو سەگەیە و هەر بە ناوی ناوچەکەش ناوی رۆیشتووە. ئەم سەگە پێشتر تەنیا بۆ پاسەوانی بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا جگە لە پاسەوانی، بۆ جوانی و مەبەستی بازرگانیش بەخێو دەکرێت، نرخی جۆرە دەگمەنەکانی گەیشتووەتە سەرووی 25 هەزار دۆلار.

پڕۆفیسۆر دکتۆر بەهجەت تەیفور، مامۆستای کۆلێژی پزیشکی ڤێتەرنەری لە زانکۆی سلێمانی کە سەرپەرشتیاری لایەنی مۆرفۆلۆژی تێزی دکتۆراکەیە، دەڵێت: "هیچ گومانمان نییە لەوەی سەگی پشدەر سەگێکی رەسەنی کوردییە، مێژووی پەیدابوونی بۆ زیاتر لە 3 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، تەنانەت وێنەکەی لەسەر هەڵکەندراوێکی سەردەمی ئاشوورییەکان هەیە".

بەهۆی نایابی سەگەکە، هەر یەک لە تورکیا و ئێران دەیانەوێت رەچەڵەکی ئەم سەگە بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، تورکیا سەگێکی هاوشێوەی ئەم سەگەی هەیە ناویان ناوە کانگال، هەروەها ئێرانیش هەیەتی و بە هاوشار ناوی رۆشتووە.

دکتۆر بەهجەت دەڵێت: "بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پێش هاتنی تورکەکان بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ ئەم سەگە لەکوردستان هەبووە، بۆیە پێدەچێت رەچەڵەکی سەگی کانگال هەر سەگی پشدەر بێت، ئامانجی ئێمەش لەم توێژینەوەیە ئەوەیە رەسەنێتی ئەم سەگە بەشێوەیەکی زانستی لەڕێی DNA و جیاوازی شێوەی دەرەوەی لە لیستی سەگە نایابەکانی جیهان بەکوردی بناسێنین و لەو مەترسییە بیپارێزین کە بە تورکی یان بە ئێرانی تۆمار بکرێ".

گوتیشی: "توێژینەوەکەی ئێمە یەکەمین توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئەم سەگە، جگە لە سەلماندنی رەسەنێتی، ئامانجمانە دەرگایەک بۆ ناساندنی ئەم سەگە بەرووی جیهاندا بکەینەوە".

نایابیی جۆری سەگی پشدەر سەرنجی بیانییەکانیشی راکێشاوە، هەر بۆیە لەدوای ساڵی 2003 هەندێ لە ئەفسەرانی سوپای ئەمەریکی و ئوسترالی چەند دانەیەک لە سەگی پشدەریان لەگەڵ خۆیان بردووە.

سەگی پشدەر حەزی لە ناوچەی سارد و فێنکە، بۆیە لە ناوچە گەرمەکان لە هاویندا گرفتی بەخێوکردنی هەیە، ئەم سەگە رەنگی زۆرە، لەوانەش زەرد، قاوەیی، بۆر، سپی، رەش و شینی کاڵ، رەنگی تێکەڵاویشی هەیە.

د.بەهجەت تەیفور دەڵێت: "زۆربەی سەگەکان رەنگیان زەردی کاڵە، واپێدەچێت رەنگی بنچینەی ئەم سەگە زیاتر زەرد بووبێ".

هەرچەندە دوو پڕۆفیسۆرەکە نەگەیشتوونەتە ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکەیان، بەڵام د.بەهجەت دەڵێت "قەبارەی سەگی پشدەر لە کانگال و هاوشاری گەورەترە، هەروەها بەرزترە و کەللەی سەریشی لە هی ئەوان جیاوازە".

د.یوسف بەرزنجی کە خاوەنی 33 توێژینەوەیە لەسەر ئاژەڵ و پەلەوەر، یەکێکی دیکەیە لە سەرپەرشتیارانی توێژینەوەکە و دەڵێت: "لەڕێگەی DNAیەوە کار لەسەر 20 بۆهێڵی سەگی پشدەر دەکەین، تا جۆرە نایابەکانی دیاری بکەین، لەڕێگەی شێوەی سەگەکان و هێڵەکانی پەنجەمۆریشیان هەوڵ دەدەین بۆهێڵە تایبەتەکانی ئەم سەگە دەستنیشان بکەین تا لەو رێگەیەوە بەراوردی بکەین بە سەگی کانگال و هاوشاری ئێرانی و بیسەلمێنین کە سەگی پشدەر سەگێکی رەسەنی کوردییە".

ئەم دوو پڕۆفیسۆرە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی دروستیان دەستکەوێت، توێژینەوەیان لەسەر زیاتر لە 100 سەگی پشدەر کردووە. د.یوسف دەڵێت: "ئەو 100 سەگەی وەرمانگرتوون تەمەنیان لە یەک تاوەکو 11 ساڵ دەبێ، بەپێی تەمەنەکان دابەشی سەر گروپی بچووک و گەنج و پیرمان کردوون، بۆ دیاریکردنی بۆهێڵەکانیش نموونەکان بۆ تاقیگەیەکی پێشکەوتووی کۆریای باشوور دەنێرین".

د. یوسف بەرزنجی گوتی ئەگەر ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان دەستکەوت، ئەنجامەکە بۆ جین بانکی نێودەوڵەتی دەنێرن تاوەکو لەوێ بەراود بکرێت بە تەواوی سەگەکانی جیهان "ئەگەر دەرکەوت جۆرێکی تایبەتە، ئەوە بەناوی پشدەر یان کوردستان تۆمار دەکرێ".

ئامانجێکی دیکەی ئەم پڕۆفیسۆرانە ئەوەیە زێدی رەسەنی ئەم سەگە بەشێوەیەکی زانستی لە کوردستانیش دیاری بکەن، باشترین جۆرەکانیش لە چ ناوچەیەک هەیە دیاری بکەن.

د.یوسف دەڵێت: "بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان بۆمان دەرکەوتووە باشترین کێش و گەورەترین قەبارە بە پلەی یەک لە ناوچەی قەڵادزێیە، بە پلەی دوو لە دوکان و سیتەکە، رەنگی بنچینەی ئەم سەگەش لەوانەیە زەرد بووبێ، بەڵام تا ئێستا نازانین زێدی رەسەنی سەگەکە چ ناوچەیەکی کوردستانە".

فەقێ محەممەد، ئاژەڵدارێکی ناوچەی بنگردی دەڤەری مەرگەیە و 12 سەگی پشدەری جۆری نایابی هەیە. فەقێ محەممەد دەڵێت: "سەگەکانم هەموویان لە جۆری نایابن، کڕین و فرۆشتنیان پێ ناکەم، بەشێکیان بۆ جوانی و بەشێکیشیان بۆ پاسەوانی ئاژەڵەکانم بەکاردێنم، پێشتر شەڕەسەگمان پێدەکردن بەڵام سێ ساڵە وازمان لەم یارییە هێناوە".

بە گوتەی فەقێ محەممەد، خەڵکانێک بژێویان لەسەر ئەو سەگانەیە، بە تایبەتی دوای پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەوێ ڤیدیۆی سەگەکانیان بڵاودەکەنەوە و بەو جۆرە موشتەری بۆ خۆیان رادەکێشن.

فەقێ محەممەد دەڵێت: " توتکە سەگی یەک مانگی بە 1000 — 4000 دۆلار دەفرۆشن، سەگە دەگمەن و رەسەنەکانیش بەتایبەت ئەوانەی لە شەڕدا سەردەکەون، نرخیان تا 25 هەزار دۆلار چووە".

سەگی پشدەر ساڵانە دووجار زاوزێ دەکات، ماوەی سکپڕییەکەی نزیکەی 65 رۆژە، ئەگەر خواردنی باشی بدرێتێ، بە جارێک 18 بەچکەی دەبێ.

### سەگە نەخۆشەکان دەکوژرێن

وەزارەتی کشتوکاڵ خاوەنی هیچ داتایەک نییە لەسەر ژمارەی سەگەکانی کوردستان بە گشتی و سەگی پشدەر بەتایبەتی، چونکە تا ئێستا هیچ سەرژمێرییەک بۆ سەگ لە هەرێمی کوردستان نەکراوە.

دکتۆر مامەند محەممەد، بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری هەولێر، دەڵێت "لە کوردستان وەک پێویست گرنگی بەسەگ نەدراوە، بۆیەش هیچ سەرژمێرییەکی بۆ نەکراوە، تەنانەت بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەی چەند ساڵێک وەک پێویست ڤاکیسنی کۆتانی سەگیشمان نییە، بۆیە زۆرجار کە تووشی نەخۆشی دەبن لێژنەکان پاڵپشت بە یاسایەک بڕیار لەسەر کوشتنیان دەدەن، بەڵام ئێمە ئەمە بەکارێکی باش نازانین".

هەردوو توێژەرەکە بۆیان دەرکەوتووە سەگی پشدەر هاوشێوەی هەندێ ئاژەڵی دیکەی کوردی روو لە لەناوچوونە و لە هەرێمی کوردستان بەتێکڕا نزیکەی 2 تاوەکو 3 هەزار سەگی نایاب ماون، بەشێک لەم سەگانەش لەلایەن هەندێ کەسەوە بازرگانییان پێوەدەکرێ و هەنارده دەکرێنە دەرەوەی کوردستان.

**تایبەتمەندییەکانی سەگی پشدەر:**

- سینگی پانە و 22 سانتیمەتر دەبێ.
- بەرزییەکەی 75 88 سانتیمەتر دەبێ.
- کێشی لە نێوان 75 100 کیلۆگرامە
- مل ئەستوورە
- پەلەکانی پێنج پەنجەیان هەیە

### 30%ی هەناردەی ئێران و سووریا دەکرێت

# ساڵانە دوو ملیۆن ئامێری تەلەفزیۆن دەهێنرێنە کوردستان



زیاتر لە 100 جۆر ئامێری تەلەفزیۆن لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەکارهێنانی سمارت فۆن بۆ گەیشتن بە هەواڵ و پەخشی کەناڵەکان، هێشتا کاریگەرییەکەی لەسەر تیڤی بە تەواوی دەرنەکەوتووە، ساڵانە نزیکەی 2 ملیۆن ئامێری تەلەفزیۆن هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، دواتر بەشێکیان بە قاچاخ هەناردەی ئێران و سووریا دەکرێنەوە.

ئەگەرچی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی خاوەنی هیچ ئامارێک نییە لەبارەی ژمارەی ئەو تەلەفزیۆنانەی ساڵانە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، چونکە ئەوان لە مۆڵەتەکانیان ناچنە ناو وردەکاریی کاڵا ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام بە گوتەی بازرگانان، ساڵانە زیاتر لە ملیۆنێک و 750 هەزار ئامێری تەلەفزیۆن هاوردە دەکرێن، بەشێکی لەناو عێراق ساغ دەبێتەوە و بەشەکەی دیکەشی بە نافەرمی هەناردەی ئێران و سووریا دەکرێ.

بەیار محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە گروپی کۆمپانیاکانی وەتەنی بۆ بازرگانی گشتی، کە گروپەکەی یەکێک لە سێ بریکارە سەرەکییەکەی کۆمپانیای سامسونگی کۆرییە بۆ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، دەڵێت: "عێراق یەکێک لە بازاڕە پڕفرۆشەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەگشتی و ئامێری تەلەفزیۆن بەتایبەتی، بەپێی بەدواداچوون قەبارەی بازاڕی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ساغبوونەوەی ئامێری تەلەفزیۆن لەباری ئاساییدا ساڵانە لە نێوان ملیۆنێک و 500 تاوەکو ملیۆنێک و 750 هەزار تەلەفزیۆندایە بە هەموو مارکەکانی".

بەگوتەی بەیار، بەرهەمەکانی سامسونگ بە یەکێک لە پڕ فرۆشترین مارکەکانی تەلەفزیۆن لە عێراق دادەنرێت، فرۆشی ساڵانەی بەرهەمەکانی بە هەموو قەبارە و مۆدێلەکانی تەلەفزیۆن لە نێوان 500 تاوەکو 700 هەزار تەلەفزیۆندایە، ئەم ژمارەیەش نزیکەی 40%ی کۆی ئەو تەلەفزیۆنانەیە کە ساڵانە لە عێراق دەفرۆشرێن "بەڵام کۆمپانیای سامسۆنگ خواستی ئەوەی هەیە فرۆشی ساڵانەی لە عێراق بۆ ملیۆنێک تەلەفزیۆن بەرز بکاتەوە". بەیار وادەڵێت.

ئەو تەلەفزیۆنانەی هاوردە دەکرێن نرخیان بەگوێرەی قەبارە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی قەبارەکانیان لە 32 ئینج دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 82 ئینج، نرخەکانیشیان لە 142 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 5500 دۆلار.

بەیار محەممەد ئەمین دەڵێت: "لە هەموو قەبارەکان فرۆشمان هەیە، بەڵام زۆرترین فرۆشمان لە شەش قەبارەدایە (40، 43، 49، 50، 55 و 60) ئینجی، نزیکەی 70%ی فرۆشمان لە پارێزگاکانی عێراقە".

بەگوێرەی ئامارێکی نافەرمی کە دراوەتە (رووداو) لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 100 جۆر تەلەفزیۆن هەن، بەڵام ئەو تەلەفزیۆنانەی مارکەی جیهانین ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات، ئەوانی دیکە زۆربەیان کۆپی مارکەکانن هەر کۆمپانیا و بازرگانێک دوای زیادکردنی چەند پیتێک مارکەیەکی بۆ خۆی دروستکردووە دەیفرۆشێت، بۆ نموونە مارکەی جەنەراڵی ژاپۆنی زیاتر لە 15 کۆپی لە بازاڕ هەیە، یەکێک لە کۆپییەکان جەنەراڵ RK77 ـە.

رزگار قاسم عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای جەنەراڵ RK77 دەڵێت: "سەرەتا ئێمە و زۆربەی بازرگانەکانی دیکە، مارکەی جەنەراڵی ژاپۆنیمان بەهەمانشێوەی خۆی لە چین کۆپی دەکرد یان پیتێکی ناوەکەمان دەگۆڕی، دواتر بەهۆی سکاڵای کۆمپانیای جەنەراڵ ئەو جۆرەیان قەدەغە کرا، ئێمە لەڕێگەی پارێزەرێک توانیمان مارکەی جەنەراڵ RK77 لە چین بەناوی خۆمان تۆمار بکەین، ئێستا بێجگە لە کۆمپانیاکەی ئێمە، کارگەکانی چین ناتوانن بەو ناوە تەلەفزیۆن بۆ هیچ بازرگانێک و کۆمپانیایەک دروست بکەن، بووەتە مارکەیەکی تایبەت بە خۆمان".

رزگار قاسم ساڵانە 10 هەزار تەلەفزیۆن دەفرۆشێت و بۆ پارێزگاری لە فرۆش و ناوی مارکەکەشی، ئێستا بەکواڵیتی باش بەرهەمەکانی دروست دەکات و هاوشێوەی مارکە بە ناوبانگەکانیش دڵنیایی چاککردنەوەی ساڵێک دەداتە کڕیارەکانی.

رزگار قاسم دەڵێت: "بۆ پارێزگاری لەناوی مارکەکەمان هیچ کات ئامادەنین بە کواڵیتی خراپ تەلەفزیۆنەکان دروست بکەین، بۆیە تارادەیەک توانیومانە پارێزگاری لەفرۆشمان بکەین و ساڵانە نزیکەی 5 هەزار تەلەفزیۆنی قەبارە 32 ئینج دەفرۆشین و نزیکەی 5 هەزاریش لە قەبارەی 43، 50، 55 ئینجی دەفرۆشین، زۆرترین فرۆشمان لە هەرێمی کورستانە 40%ە، نزیکەی 25%ی ئامێرەکان بۆ سووریا دەنێرین و 10%ی بۆ ئێران و ئەوەی دیکەش لەعێراق دەفرۆشرێت ".

رزگار نەیشاردەوە مارکەی جەنەراڵی یابانی لە کوردستان لەژێر هەڕەشەی لەدەستدانی متمانە دایە و دەڵێت "خەڵکانێک لە بازاڕ هەن تەنیا بۆ قازانج بە کواڵێتی زۆر خراپ تەلەفزیۆن بەناوی جەنەراڵ دروست دەکەن، هەندێکیان شاشەی پێوانەی 40 دەبەستن و کەمێک چێوەکەی گەورە دەکەن و بە 43 دەیفرۆشن، زۆربەیان لەسەری دەنووسن full Hd یان 4k کەچی وا نییە، چەندی فێڵی دیکەش دەکرێت، هەموو ئەمانەش وایکردووە رۆژ بەرۆژ متمانەی خەڵک بە مارکەی جەنەراڵ لاواز بێت". گوتیشی "ئێستا کێبڕکێ بازرگان لەسەر بەرزکردنەوەی کواڵێتی بەرهەمەکان نییە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کێ زۆرترین دەفرۆشێ".

جگە لە مارکەی جیهانی و کۆپیکراوەکان، هەندێ کۆمپانیا هەن مارکەی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن، بۆیە هەندێکیان جگە لە چین و عێراق و هەرێمی کوردستان لە هیچ وڵاتێکی دیکەنین، مارکەی سۆنێک یەکێکە لەو جۆرە مارکانە.

عەبدوڵڵا رەسوڵ، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای سۆنیک، بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی ئامێری ئەلیکترۆنی کە کۆمپانیاکەی ماوەی 12 ساڵە بریکاری مارکەی سۆنێکی چینییە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، دەڵێت :"مارکەکەی ئێمە کۆپیکراو نییە، ئەو کارگەیەی تەلەفزیۆنی مارکەی سۆنیک بۆ ئێمە دروست دەکات، بەهەمان کوالێتی بۆ وڵاتانی ئەوروپی بەناوی دیکە دروستی دەکات، لەخودی چین و ئیمارات مارکەکەی ئێمە هەیە، بۆیە مارکەی ئێمە لەرووی کوالێتییەوە بەراود ناکرێت بە مارکە کۆپیکراوەکانی دیکەی بازاڕ".

لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش فرۆشی تەلەفزیۆن زۆر کەم بووە، خەڵکیش بەهۆی کەمدەرامەتی زیاتر روویان لە مارکە هەرزان و کۆپیکراوەکان کرد، ئەمەش وایکرد ژمارەیەک کۆمپانیا بریکاریان لەهەرێمی کوردستان بکشێننەوە بەتایبەت مارکە تورکییەکان، چونکە فرۆشیان زۆر دابەزی و لەرووی نرخیش کێبرکێ کۆپکراوەکانی چینیان پێنەدەکرا.

عەبدوڵڵا رەسوڵ، دەڵێت :"زیاتر لە حەوت کۆمپانیای بە ناوبانگ و کە پێشتر فرۆشیان لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق لەلوتکەدا بوو، بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، فرۆشیان زۆر کەمی کرد، بۆیە ناچاربوون بریکاریان لە هەرێمی کوردستان بکشێننەوە، ئێستا تەلەفزیۆنی کۆپیکراوی چینی ئەوەندە لەبازاڕ زۆر بووە و نرخی دابەزیوە، کاریگەری لەسەر فرۆشی مارکە ناسراوەکانیش هەبووە".

## مەجید جەعفەر، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای دانە غاز بۆ (ڕووداو):

# ئاستی بەرهەمهێنانی غاز لە کوردستان بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرز دەکەینەوە



مەجید جەعفەر بزنسمانێکی ئیماراتی و بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتی و بەڕێوەبەری گشتیی کریسنت پێترۆلیۆمە کە یەکەم کۆمپانیای تایبەتی نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. کۆمپانیای دانە غاز لە نیسانی 2007 وە لە کوردستان چالاکە و لەگەڵ هاوبەشەکانی بە یەکێک لە گەورەترین وەبەرهێنەرە بیانییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێ. مەجید جەعفەر لەم هەڤپەیڤینەدا باسی پڕۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان و پلانی داهاتوویان بۆ پەرەپێدانی کەرتی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان دەکات.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: یەکێک لەو فاکتەرانەی ئۆپێک لە کاتی بڕیارداندا لەبەرچاوی دەگرێ، قەبارەی یەدەکی نەوتی ئەمریکایە، بۆچی ئەم فاکتەرە هێندە گرنگە بۆ بازاڕی نەوت و ئەو کاریگەرییە زۆرە لەسەر نرخی نەوت دادەنێ؟**

**مەجید جەعفەر:** نەوتی لیتەی ئەمریکا لە چوار ساڵی ڕابردوودا 70%ی ئەو گەشەیەی تێر کردووە کە لە داوای سەر نەوتدا دروست بووە، جیا لەمەش ئەمریکا ئێستا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا، بۆیەش هیچ گومانی تێدا نییە کە نەوتی ئەمریکا فاکتەرێکی گرنگە. ئەوەی گرنگە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی لیتەیە، خەڵکیش ژمارەکانی بودجەی نەوتی لیتە وەکو ئاماژەیەک بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی (ئەمریکا) لە داهاتوودا سەیر دەکەن. داوای سەر نەوت بەردەوامە لە زیادبوون، پیشەسازی نەوتیش هەموو کاتێک دەیەوێ لە نێوان داوا و خستنەڕوودا سەقامگیری و هاوسەنگی هەبێ، چونکە ئەوەی بەڕاستی کاریگەری لەسەر نرخ دادەنێ ئەو هاوسەنگییەیە.

**ڕووداو: داهاتووی غازی سروشتی چۆن دەبینن؟ بەرهەمهێنەرانی غازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە زۆری چاویان لەسەر کام بازاڕە؟ ئایا ڕکابەرەکانی کەنداو دەتوانن ململانێی غازی سروشتیی ڕووسیا بکەن، بەتایبەتیش لە بازاڕەکانی ئەوروپا؟**

**مەجید جەعفەر:** ئێمە بڕوامان وایە کە غازی سروشتی سووتەمەنی سەدەی 21 بێ و ڕۆڵێکی سەرەکی لە کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆندا هەبێ، چونکە غازی سروشتی بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پیشەسازییەکانی دیکە سووتەمەنییەکی پاکترە. بە بۆچوونی ئێمە دەکرێ بە بەکارهێنانی غاز لە شوێنی نەوت و خەڵووز پارەیەکی زیاتر بگەڕێنرێتەوە و دەردانی کاربۆن و سەرچاوەکانی دیکەی پیسکردنی هەوا کەم بکەینەوە. هەر بۆیە ئێمە گەشبینین بە داهاتووی غاز، تەنانەت پێمانوایە بایەخی غاز زیاتریش ببێ، لەو کاتەی کە سەرچاوە پاکەکان خەریکە زیاتر دەردەکەون، چونکە غازی سروشتی دەتوانێ لە قۆناغی دابڕان لە سەرچاوەکانی دیکە ببێ بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وزە، واتە لەو کاتەی کە سەرچاوە پاکەکان هێشتا توانای بەرهەمهێنانی وزەی پێویستیان نییە.

بەگوێرەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، مەزندە دەکرێ هەرێمی کوردستان خاوەنی 200 تریلیۆن پێ سێجا غاز بێ، ئەمەش بەو مانایەیە کە کوردستان دەتوانێ کێشەی بەرهەمهێنانی وزە و پێویستییەکانی پیشەسازیی نێوخۆ و شوێنەکانی دیکەی عێراق دابین بکات، دەشێ هەناردەشی بکات. ئێمە شانازی دەکەین بەوەی لە دوو گەورەترین کێڵگەی غازی هەرێمی کوردستان کار دەکەین، بەمدواییەش یادی 10 ساڵەی بەرهەمهێنانی بەردەوام و سەرکەوتووانەی غازمان کردەوە. کاری ئێمە لە کوردستان ساڵی 2007 دەستیپێکرد، ڕوئیای ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و کارکردنی هاوبەشی ئەو کەرتە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجامی ئەرێنی لێکەوتەوە. ئێمە لە ساڵی 2007 لەگەڵ ئەو و دکتۆر ئاشتی گرێبەستمان واژۆ کرد و یەکەمجاریش لە ساڵی 2008 توانیمان غاز بەرهەمبهێنین، واتە تەنیا دوای 15 مانگ لە (واژۆکردنی گرێبەستەکە)، ئەمەش سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر تەگەرە، لەوانەش ناسەقامگیریی عێراق لەو کاتەدا، تەگەرەیەکی دیکەش ئەوە بوو کە دەبووایە بێ بەڵێندەری نێودەوڵەتی ژێرخانەکە دروستبکەین و بۆڕییەکان بە شاخەکان و مەیدانە مینڕێژکراوەکاندا بەرین. بەمدواییە ئێمە زیادبوونی 35%ی بەرهەمهێنانمان ڕاگەیاند، لە نزیکیشەوە لەگەڵ دکتۆر ئاشتی هەورامی و هاوکارانی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کاردەکەین بۆ ئەوەی لە دوو بۆ سێ ساڵی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنان دوو بەرامبەر بکەین. ئەمە لەلایەکەوە پێویستییە نێوخۆییەکانی سەرچاوەی وزە دابین دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە خەرجییەکی زیاتر دەگەڕێنێتەوە و قازانجی ئابووری بۆ حکومەت و ئابووری نێوخۆ دەبێ.

**ڕووداو: دانا غاز یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیا ناحکومییەکانی غازی سروشتییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، چالاکییەکانی ئێوە لە کوێن؟**

**مەجید جەعفەر:** دانە غاز سەرمایە و چالاکی لە میسر، ئیمارات و کوردستان هەیە.

**ڕووداو: ئەگەر باسی کوردستان بکەین، ئێوە کێڵگە غازییەکانی چەمچەماڵ و خۆرمۆر چۆن دەبینن؟**

**مەجید جەعفەر:** دانە غاز لەگەڵ کریسنت پێترۆلیۆم لە پرۆژەی غازی کوردستاندا کاردەکەن. ئەو دوو کۆمپانیایە خاوەنی 35%ی پێرڵ پێترۆلیۆمن، هەر کام لە کۆمپانیا ئەوروپییەکانی (MOL) ، (OMV) و (RWF) یش 10%ی پشکیان هەیە. ئێمە ئێستا خەریکی گەورەکردنی توانای بەرهەمهێنانین و پرۆگرامی لێدانی بیر لە هەردوو کێڵگەی چەمچەماڵ و خۆرمۆر جێبەجێ دەکەین.

**ڕووداو: توانای بەرهەمهێنانی ئەو دوو کێڵگەیە چەندە؟ ڕۆژانە چەند ملیۆن پێ سێجا لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنن؟ پلانتان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی چییە؟**

**مەجید جەعفەر:** ئێستا ڕۆژانە 400 ملیۆن پێ سێجا غازی کۆندێنسێت و غازی شل بەرهەمدەهێنین، پلانی ئێستاشمان ئەوەیە لە سێ ساڵی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنان لە هەردوو کێڵگەکە بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرزبکەینەوە، هەروەها لە ناوچەکانی دیکەش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتووین کاری گەڕانیان تێدا بکەین.

**ڕووداو: ئێستا لە خۆرمۆرەوە غاز بەرهەمدەهێنن، ئەی کەی دەرهێنانی غازی سروشتی لە کێڵگەی چەمچەماڵ دەستپێدەکەن؟**

**مەجید جەعفەر:** ئێستا خەریکی هەڵسەنگاندن و لێدانی بیرین لە کێڵگەکە، پلانی پەرەپێدانی خۆشمان بۆ پەسەندکردن پێشکەش بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کردووە.

**ڕووداو: چۆن ئەو غازەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنن دەیفرۆشن؟ چۆن بەرهەمەکەی خۆتان لە بازاڕە نێوخۆییەکەی کوردستان بەکاردەهێنن و بۆ چ مەبەستێکە؟**

**مەجید جەعفەر:** ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان غازە زێدەبارەکە دەکڕێتەوە و چاودێری فرۆشتنی غازی کۆندێنسێت و غازی شل بە کڕیارە نێوخۆییە جێباوەڕەکان دەکات.

**ڕووداو: قەبارەی وەبەرهێنانتان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019 چەند دەبێ؟ ئایا ئەم وەبەرهێنانە هەلی کاری نوێ بۆ خەڵک دروست دەکات؟**

**مەجید جەعفەر:** لە یەکەم دەیەی کارکردنی خۆمان لە هەرێمی کوردستان 1.3 ملیار دۆلار وەبەرهێنانمان کردووە، لە چەند ساڵی داهاتووشدا 800 ملیۆن دۆلاری دیکە وەبەرهێنان دەکەین، تاوەکو پلانی فراوانکردنەوەی پێ جێبەجێ بکەین.

**ڕووداو: ئێستا زیاتر پێویستتان بە چ جۆرە شارەزاییەک هەیە لە کوردستان؟ چەند لە فەرمانبەران و ستافەکەتان خەڵکی هەرێمی کوردستانن؟**

**مەجید جەعفەر:** ئێستا زیاتر لە 80%ی ستافەکەمان خەڵکی ئێرەن و چاوەڕێ دەکەین لە پێنج ساڵی داهاتوودا 90%ی ستافەکەمان خەڵکی لۆکاڵ بن، هیواداریشین لە داهاتوودا ئەو ڕێژەیە بگەیەنینە 100%. ئێمە وەبەرهێنانیشمان کردووە لە پێگەیاندنی خەڵکی ئێرە، بۆ ئەوەی شارەزایی هێزی کاری خۆمان لە هەموو بوارەکاندا پەرەپێبدەین.

نەوتی لیتەی ئەمریکا 70%ی ئەو گەشەیەی تێرکردووە کە لە داوای سەر نەوتدا هەبووە

400 ڕۆژانە ملیۆن پێ سێجا غاز لە کوردستان بەرهەمدێنین

گەشبینین بە داهاتووی غاز

غازی سروشتی سووتەمەنی سەدەی 21 دەبێ

80%ی ستافەکەمان خەڵکی هەرێمی کوردستانن

# کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا دڵنیایی دەدەنە ئۆپێک

ڕووداو - هەولێر

کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا نیگەرانیی ئۆپێکیان سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ئاستی نەوتی بەرهەمهاتووی جیهان ڕەواندەوە، کاتێک ڕایانگەیاند کە ئەوانیش هاوشێوەی ئۆپێک دەیانەوێ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکەنەوە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی ئەمریکا پێش ڕووسیا و سعوودیە کەوت. ئێستا ئەمریکا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانە. گەشەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بە جۆرێک بووە کە ئێستا 12 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەمدێنن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە بۆنەیەکی دەگمەندا، هەردوو کۆمپانیای (ئۆکسیدێنتڵ پێترۆلیۆم) و (هێس کۆرپۆرەیشن) ی ئەمریکی لەگەڵ محەممەد بارکیندۆ، سکرتێری گشتیی ئۆپێک، لە پانێڵێکی هاوبەشی داڤۆسدا بەشدار بوون کە تێیدا لایەنی ئەمریکی دڵنیایی بە ئۆپێک دا لەبارەی دابەزاندنی ئاستی بەهەمهێنانی نەوتی لیتەی ئەمریکا.

جۆن هێس، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای (هێس) لە بەشێک لە پانێڵەکەدا ڕایگەیاند: "گەشەی خێرای نەوتی لیتەی ئەمریکا هێندە پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە نییە، بەڵکو زیاتر بۆ تموحی سەرمایەداران بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتە دەگەڕایەوە، چونکە ئەگەر بیرتان بێ پیشەسازیی نەوتی لیتەیی لە 2016 گەشەیەکی بەرچاوی کرد، لە کاتێکدا ئەوکات نرخی نەوت لە دەوروبەری 40 دۆلار یاریی دەکرد".

هێس جەختی کردەوە لەوەی کە ئێستا 6%ی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان لەسەر نەوتی لیتەیە، ئەو ڕێژەیەش هەتا نێوەڕاستی بیستەکانی ئەم سەدەیە بۆ 10% بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە دوای ئەوە "ڕێک دەبێتەوە".

ڤیکی هۆلوب، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای (ئۆکسیدێنتڵ)یش ڕایگەیاند: "بە بڕوای من ئەو پارەیەی جاران نارژێتە ناو کێڵگەکانی پێرمیان (لە ڕۆژئاوای ئەمریکا)، پێموایە وەبەرهێنەران لەمەودوا داوا لە کۆمپانیاکان دەکەن قازانجیان بۆ بگەڕێننەوە، لە کاتێکدا پێشتر وەبەرهێنەران داوای ئاوایان نەبوو".

لە سەرەتای 2017ەوە، ئەندامانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و هاوپەیمانەکانیان بە سەرکردایەتی ڕووسیا، بەرهەمهێنانی نەوتیان دابەزاندووە، بۆ ئەوەی ئاستی نەوتی یەدەکی ناو ئەمبارەکانی جیهان کەم ببێتەوە و لە بەرامبەریشدا نرخەکانی نەوت بەرز ببنەوە. جۆن هێس گوتی: "ئۆپێک ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەوەی بازاڕەکانی نەوت جێگیر ببن، پێویستە پێزانینمان بۆ ئەو هەوڵە هەبێ".

نرخەکانی نەوت لە مانگی ئۆکتۆبەری پارساڵ بۆ سەرووی 86 دۆلار بەرزبوونەوە، بەڵام لەو کاتەوە جارێکی دیکە دەستی بە دابەزین کرد و لەکاتی پانێلەکەی بارکیندۆ لەگەڵ هێس و هۆڵۆپ نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئۆپێک 62 دۆلار بوو.

ئەمینداری گشتیی ئۆپێک سەبارەت بە دۆخی بازاڕی نەوت گوتی: "پیشەسازیی نەوت لەژێر هەڕەشەیەکی جیهانیدایە". جەختی لەوەش کردەوە کە پێیان باشە گفتوگۆکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا بەردەوام بێ، هەرچەند کۆمپانیاکانی نەوت و غازی ئەمریکا بەهۆی یاساکانی وڵاتەکەیانەوە ناتوانن لە هیچ هەوڵێکی کەمکردنەوەی بەرهەمهێناندا بەشدار بن.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووسیا بەشدارێکی سەرەکیی هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بووە، زۆربەی شارەزایان پێیانوایە بێ بەشداری ڕووسیا هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو. کیریل دیمیتریەڤ، سەرۆکی سندوقی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی ڕووسیا، یەکێک لە ئەندازیارانی پلانە هاوبەشەکەی ڕووسیا و سعوودیە بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەم بووە و لە پانێڵێکی جیاوازی داڤۆسدا ڕایگەیاند کە ململانێ لەگەڵ نەوتی لیتەی ئەمریکا لە قازانجی وڵاتەکەی نییە.

دیمیتریەڤ لەمبارەوە گوتی "بۆ دابەزاندنی ئاستی نەوتی لیتەی ئەمریکا پێویستە نرخەکانی یەک بەرمیل نەوت 40 دۆلار بێ. بەڵام ئەمە بۆ ئابووریی ڕووسیا باش نییە. ئێمە نابێ مل لە بەر ملی پیشەسازیی نەوتی شەیلی ئەمریکا بنێین". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بووەتە هۆی ئەوەی داهاتی ڕووسیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە بڕی 110 ملیار دۆلار بەرزبێتەوە.



کۆمپانییە نەوتییەکانی ئەمریکا ڕۆژانە 12 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن



## شەهروخی لە هەولێر خەڵاتدەکرێت

**هیوا سەلاح/ ڕووداو-هەولێر**

ئەمڕۆ 28-1-2019 لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، عەزیز شەهرووخی هونەرمەندی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگاتە هەولێر. لەمبارییەوە فەرهەنگ غەفوور، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"عەزیز شەهرووخی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زیاتر لە 40 ساڵە لە بواری گۆرانی و میوزیکی کوردی خزمەتدەکات، بۆیە بڕیارمان دا وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر ڕێورەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ ڕێکبخەین". فەرهەنگ غەفوور گوتیشی"لە کاژێر 10:30 بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، ڕێورەسمی خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ ئەم هونەرمەندە سازدەکەین، ئەویش کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی خۆشی پێشکەشدەکات".

# بێری شەڵماشی

# فیلمێک لەسەر هەولێر دروست دەکات

بێری شەڵماشی، دەرهێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە فەرەنسا لەدایکبووە، تەمەنی تەنیا یەک مانگ بووە کە لەگەڵ دایک و باوکی گەڕاونەتەوە شاخ و دوو ساڵ لە شاخ ژیاوە، پاش دوو ساڵ لەگەڵ باوکی و دایکی دەچنە هۆڵەندا و لەوێ گەورە دەبێت. دواتر تێکەڵی هونەری حەوتەم دەبێت و لە کۆلیژی سینەما لە ئەمستردام ماستەر لە سینەمادا وەردەگرێت، دوای وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە دێتە هەرێمی کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین دەبێتە مامۆستای سینەما. بێری شەڵماشی لە ماوەی ڕابردوودا سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێک بوو بەناوی (هاوارێک لە سەربانەوە) کە لەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێرە لە بەهاری 1991، بێری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زۆرتر لەبارەی فیلمەکەی قسە دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**





**ڕووداو: پەیامی فیلمی هاوارێک لەسەربانەوە چییە؟**

**بێری:** فیلمی "هاوارێک لەسەربانەوە"، چیرۆکی کچێک بەناوی شیرین دەگەڕێتەوە کە دەچێتە بەرەکانی جەنگ و خەبات دەکات، فەرهادیش بەردەوام لەسەربان چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکات، ڕۆڵەکەی فەرهاد کوڕێک بەناوی ئیسماعیل زاگرۆس کە دانیشتووی ئەڵمانیایە بەرجەستەی دەکات و کارەکتەری شیرینیش گۆنجا قەرەسوو ئەکتەری تورک دەیگێڕێت. شیرین و فەرهاد، چیرۆکێکی ئەڤینداری نێوان کوڕ و کچێکی کوردە کە قوربانی بە هەموو شتێک بۆ بەیەکگەیشتن دەدەن، بەڵام لەم فیلمەدا شیرین ئەمجارە قوربانی بە عەشق و خۆشەویستی دەدات بۆ ڕزگارکردنی خاک و نیشتیمان.

**ڕووداو: ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی فیلمی شاریقە نمایشکرا، دەنگدانەوەی چۆن بوو؟**

**بێری:** ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی شاریقەی ئیمارات بەشداری کرد. ئەوانەی ئەم فیلمەیان بینیوە زۆر پێی سەرسام بوونە. هەر تەنیا چیرۆک و ئازایەتی ژنی کورد نەبووەتە جێی سەرنجی سینەماکاران، بەڵکو کوچە و کۆڵانە کۆنەکانی هەولێر باشترین و جوانترین شوێنن بۆ وێنەگرتنی فیلمی سینەمایی، دەخوازم ئەم گەڕەکانە وەک خۆیان بمێنن و پارێزگارییان لێ بکرێت.

> فیلمێک لەسەر گوندی گەورەدێ دروست دەکەم

**ڕووداو: بۆچی هەولێرت بۆ وێنەگرتنی ئەم فیلمە هەڵبژارد؟**

**بێری:** من دەمێکە عاشقی هەولێر و قەڵای دێرینی هەولێرم، حەزم کرد هەولێر وەکو سیمبولی خۆڕاگری و قوربانیدان لە فیلمەکەمدا وێنا بکەم، لەلایەکی دیکەوە سیناریۆی فیلمەکە باسی 25 ساڵ پێش ئێستای دەکرد، گەڕەکی عارەبان و دەوروبەری زۆر گونجاوبوون بۆ نیشاندانی ئەو سەردەمە.

**ڕووداو: ئەی بۆچی دووبارە ناوی کارەکتەرانی فیلمەکەت ناوناوە شیرین و فەرهاد؟**

**بێری:** دەمویست ئەم داستانە مەزنە بە فۆرمێکی نوێ زیندوو بکەمەوە، هەمیشە لە داستانەکاندا پیاوەکان زاڵ بوونە و کچەکان چاوەڕێی پیاوەکان بوون، من حەزم کرد ئەم داستانە بە دیدێکی ئافرەتانەوە بنووسمەوە، ژن خۆی پاڵەوانی داستانەکە بێت، هەڵبژاردنی ناوی شیرین و فەرهادیش بۆ ئەکتەرەکان پێم باش بوو سیمبولێکی کوردی لە جیاتی ناوێکی بیانی دەستنیشان بکەم.

**ڕووداو: پڕۆژەی نوێت لە بواری سینەما چییە؟**

> کۆڵانەکانی هەولێر گونجاوترین شوێنن بۆ وێنەگرتنی فیلم

**بێری:** نوێترین پرۆژەی من فیلمێکی نوێیە بەناوی گەورە دێ کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، باوک و دایکم لەگەڵ من لەو گەورە دێیە بۆ ماوەی دوو ساڵ ژیاوین، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە قسەمان کردووە کە لەو کاتە لەوێ ژیاون، بۆیە پێموایە فیلمێکی جوان دەبێت.

**ڕووداو: بۆچی ئەکتەرێکی کچی تورکت بۆ رۆڵی شیرین هەڵبژارد؟**

**بێری:** هەڵبەتە من پێموایە ئەکتەری کچی زۆر باشمان لەکوردستان هەیە، بەڵام ئەو کچە تورکە ئەکتەرێکی زۆر لێهاتووە و زۆر لەگەڵ کارەکتەری شیرین دەگونجا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کچە لە هۆڵەندا دەژیا، زۆرتر کاتمان هەبوو ڕاهێنان لەسەر ئەم کارەکتەرە بکەین، دواتر من توانیم لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە ئەم ئەکتەرە تورکە ئاشنای کێشەی نەتەوەیەک بکەم، بێتە هەولێر و تێکەڵی کولتووری ئێمە بێت و خۆی فێری زمانی کوردی بکات، ئەمەش کارێکی باشە.

**ڕووداو: بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کۆلیژی هونەر لە زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بوویت، بۆچی جێتهێشت؟**

**بێری:** دیارە ئەو کۆلیژەی من تێدا مامۆستا بووم، بەو سیستەمە جیهانییە نەبوو کە لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێت، هێشتا لە گرنگیی سینەما تێنەگەیشتوون، ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە لەم زانکۆیە بەسەرم بردووە هەست بە ئازار و ناڕەحەتی دەکەم، بەهەموو شێوەیەک کۆلیژی هونەر فەرامۆشکراوە.

> زانکۆی سەلاحەددین هێشتا لە گرنگیی سینەما تێنەگەیشتووە



## ئۆژین نەوزاد بۆ (ڕووداو):

# باوەڕم نەدەکرد بەمشێوەیە بەناوبانگ بم



(فۆتۆ: ڕووداو)

به بەندێک بەناوی "ئەی خودا خەفەتبارم" لە دانیشتنێکدا ناوبانگی دەرکرد، چەندین کەس لە ڕێگەی کەناڵەکانیانەوە لە یوتیوب بڵاویان کردووەتەوە و ملیۆنان کەس سەیریان کردووە. تێکستی سادە و لیریکی لە بەندەکانیدا بەکاردەهێنێ، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئاسان بچێتە نێو خەڵک و زوو لەبەر بکرێ. لە ماوەی ڕابردوودا کلیپێکی بڵاوکردەوە کە سەتان هەزار بینەری لە یوتیوب هەبووە. ئۆژین نەوزاد وەڵامی پرسیارەکانی هەفتەنامەی (ڕووداو) دەداتەوە.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: لە تەمەنێکی بچووکدا بەناوبانگ بوویت، پێتوابوو وا زوو بەناوبانگ بیت؟**

**ئۆژین نەوزاد:** ڕاستییەکەی نەخێر، بڕوام نەدەکرد بەمشێوەیە خێرا بەناوبانگ بم، کاتێک گۆرانی "ئەی خودا خەفەتبارم" بڵاوبووەوە و بەخێرایی ناسرا شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ من، بەڵام هەستێکی خۆشم هەیە ئێستا کە بەمشێوەیە بەناوبانگ بووم و کارەکانم سەرکەوتوو بوون.

**ڕووداو: ئەزموونت لەگەڵ ناوبانگدا نەبووە، ئێستا کە گەنجێکی بەناوبانگی، ئەزموونێکی چۆنە؟**

**ئۆژین نەوزاد:** ناوبانگ بۆ من شتێکی نوێیە، بەڵام هەستێکی خۆشم هەیە.

**ڕووداو: لە هەفتەکانی ڕابردوودا کلیپێکت بە ستایلێکی جیاواز بەناوی "ئەوینی تۆ" بڵاوکردەوە، ئەم گۆرانییەش سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا، ئەم گۆرانییە چۆن دروستبوو؟**

**ئۆژین نەوزاد:** من پێش ئەوەی بەند بڵێم پلانم هەبووە کە کلیپ و گۆرانیم بە ستایلی جیاواز هەبێت، بەڵام قسمەتەکە وابوو کە بە بەند بەناوبانگ بم، بۆیە لەسەر ئەم ستایلە بەردەوام دەبم و کاری لەسەر دەکەم.

**ڕووداو: کەواتە بەنیاز نیت واز لە بەندگوتن بهێنی؟**

**ئۆژین نەوزاد:** نەخێر واز لە بەند ناهێنم و بەردەوام دەبم، لەسەر هەردوو ستایل کار دەکەم، هەم گۆرانی بەشێوازی جیاواز، هەم دانیشتن و بەندگوتن.

**ڕووداو: دەڵێن نرخی دانیشتن و گەعدەکانی تۆ زۆر گرانە، نرخی دانیشتنەکانت چەندە؟**

> نرخی گەعدەکانم لە 700 دۆلارەوە دەستپێدەکات

**ئۆژین نەوزاد:** سوپاس بۆ خودا، سوپاس بۆ هەوادارانم کە منیان بەدڵە و بۆ دانیشتنەکانیان من هەڵدەبژێرن، نرخی دانیشتەکانم جیاوازن، بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت.

**ڕووداو: دەزانین بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، دەمەوێت پێم بڵێی لە چەند دەستپێدەکات؟**

**ئۆژین نەوزاد:** نرخی دانیشتنەکانم لە 700 دۆلارەوە دەستپێدەکات.

**ڕووداو: هەوادارێ زۆرت هەن، لە ئینستاگرام نزیکەی نیو ملیۆن فۆڵۆوەرت هەن، وەڵامی نامەکان دەدەیتەوە؟**

> بەهۆکاری تایبەت وازم لە خوێندن هێناوە

> واز لە بەندگوتن ناهێنم

**ئۆژین نەوزاد:** نامەکان دەخوێنمەوە، گرنگییان پێدەدەم، بەڵام ناتوانم وەڵامی هەموویان بدەمەوە.

**ڕووداو: ئەو نامانەی بۆت دێن چین؟ جوانترین نامە کامە بووە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوی و دڵخۆشی کردووی؟**

**ئۆژین نەوزاد:** زۆرینەی نامەکان دەستخۆشین، هەموویان دڵخۆشم دەکەن، خەڵکێکی زۆر لە ڕێگەی سۆشیالمیدیاوە خۆشەویستی خۆیانم پێدەگەیەنن، ئەمە بۆ من جێگەی شانازییە.

**ڕووداو: خەڵکێکی زۆر لە تەمەنت دەپرسن، تەمەنت چەندە؟**

**ئۆژین نەوزاد:** من تەمەنم 23 ساڵە.

ڕووداو: خۆشەویستت هەیە؟

> کەپڵم نییە

ئۆژین نەوزاد: نەخێر، خۆشەویستم نییە.

ڕووداو: خوێندنت تەواو کردووە؟

ئۆژین نەوزاد: نەخێر، تا پۆلی 12ی ئامادەییم خوێندووە، دواتر بەهۆی کاری تایبەتەوە وازم لە خوێندن هێناوە و دابڕاوم، ئێستا کردوومەتە مۆڵەت، بەڵام پلانم هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە خوێندن بکەمەوە، مەبەستمە خوێندن تەواو بکەم.

**ڕووداو: ئەو زەحمەتییانە چین کە بەهۆی ناوبانگتەوە هاتوونەتە پێشت؟ یان ڕقت لە چ شتێکی ئەو ناوبانگەیە؟**

**ئۆژین نەوزاد:** زەحمەتی لە هەر کارێکدا هەیە، بەڵام زۆر ڕقم لە ئیستیغلالکردنە، ئێمە زۆر جار لەلایەن هەوادارانمانەوە ئیستیغلال دەکرێین، من ئەمەم پێ خۆش نییە.

رووداو تاراوگە
ژمارە (540) - دووشەممە 2019/1/28

## دەستدرێژیکارە کوردەکە لە ئەڵمانیا دادگایی دەکرێت

**رووداو-بەرلین**

ئەو کۆچبەرە کوردەی کە ساڵی رابردوو دەستدرێژی کردەسەر کچێکی ئەڵمانی و دواتر کوشتی، دادگاییدەکرێت. عەلی بەشاری تەمەن 21 ساڵ لە ئایاری 2018دا لە نزیک چۆڵەوانییەکی کەمپی پەنابەران لە شاری فیسبادنی ئەڵمانیا دەستدرێژیکردە سەر کچێکی ئەڵمانی تەمەن 14 ساڵ بەناوی سوزانا ماریا فیلدمان .عەلی مانگێک پێشتریش دووجار دەستدرێژی کردبووەسەر کچێکی دیکەی ئەڵمانی و ئەشکەنجەی دابوو کە تەمەنی 11 ساڵ بووبوو. ئەو رووداوانە هەرایەکی گەورەیان لە ئەڵمانیا نایەوە و هۆکارێکیش بوون بۆ ئەوەی راوێژکاری ئەو وڵاتە ناچاربێت مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەران توندوتۆڵتر بکات و چاو بەیاساکاندا بخشێنێتەوە.



BIG STORY

### لە گوندێکی جزیرێوە بۆ جوانترین شاری ئەڵمانیا

# کوردێکی ملیۆنێر مارکەی تایبەت بەخۆی هەیە



**مێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو-ئەڵمانیا**

باڵەخانەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی جوانترین شاری ئەڵمانیا رازێندراوەتەوە. گڵۆپە سوورەکان دیوارەکانیان داپۆشیوە. ئاڵاکان هەڵکراون و دەنگی میوزیکێکی جازی خاو لە ژوورەوە دێت. لەبەر دەرگا پیاوێکی پۆشتە لەگەڵ هاوژینەکەی و کورێکی بچکۆلە راوەستاون. هەر میوانێک دێت تەوقەیەکیان لەگەڵ دەکەن و هەندێکیان ماچ دەکەن. هەمووان گوڵ و دیاریی دیکەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. پیاوەکە ناوی شاهین قەرەئەسڵانە. کوردێکە کە هەرچەندە وەک کۆچبەر هاتووەتە ئەڵمانیا، بەڵام ئەمشەو پارێزگاری شارەکەی و بەڕێوەبەرانی باڵای بانکەکان و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی شاری هایدلبێرگ هاتوون تا بەشداری بکەن لە یادی بیست ساڵەی دەستبەکاربوونی وەک بازرگانێکی گەورەی شارەکە.

کەمێک دواتر ئاهەنگەکە دەستپێدەکات و هەمووان باسی زیرەکی و لێهاتوویی شاهین دەکەن. ئەویش هەڵدەستێ و وتارێک دەخوێنێتەوە. لە نێوەڕاستی وتارەکەیدا دەست دەکات بە گریان. ئەو تەنیا خۆی دەزانێت کە بە چ ئێش و ئازار و ماندووبوونێک بووەتە خاوەنی ئەو سەرمایەیەی ئێستا هەیەتی. هەمووان چەپڵەی بۆ لێدەدەن و بە رێزەوە تەماشای دەکەن.

> نابێ مرۆڤ بە پەنجا ملیۆن یۆرۆ خۆی لێ بگۆڕێت

### گاڵتەی مندالأن

شاهین تەمەنی 11 ساڵ بووە کە بەبێ دایکوباوکی و تەنیا لەگەڵ خوشکێکی باکووری کوردستانی بەجێهێشتووە. لە ئەڵمانیا لە ماڵی مامی بووە و بەو تەمەنەوە ناردوویانەتە بەر خوێندن. ئەو باش لەبیریەتی کە هێندە بێپارە و هەژار بووە بەردەوام لە ماڵەوە دوو پارچە کولێرەی سادەیان داوەتێ و بردوویەتی بۆ قوتابخانە: "زۆرجار منداڵە ئەڵمانەکان گاڵتەیان پێدەکردم و بەوە پێدەکەنین کە ئەو نانە سادەیە دەخۆم"، بەڵام ئەمە دەبێتە وانەیەک بۆ شاهین و وای لێدەکات کە رازی نەبێت بەوەی هەیە. ئەو چەند ساڵێک بەبێ دایکوباوکی تێدەپەڕێنێ، بەڵام هەمیشە ئومێدی هەبووە کە رۆژێک دێت پێیان شاددەبێتەوە. خەونەکەشی وەدیدێت.

### بازرگانیی بچکۆلە

شاهین تەمەنی 17 ساڵ دەبێت کە بۆ یەکەمجار خۆی دەبێتە خاوەنکار. لەگەڵ ماڵباتەکەی لە ژێرزەمینی مارکێتێکی گەورەی نێوەڕاستی هایدلبێرگ دوکانێکی دۆنەرفرۆشی دەکەنەوە. ئەو ساڵانە ساڵانی هەرە سەختی ژیانی شاهین دەبن، بەتایبەتیش کە ئەو کوڕە تاقانەکەی دایکوباوکیەتی و خوشکەکانی و هەموو ماڵبات هەمیشە نازیان کێشاوە. شاهین دەڵێت زانیویەتی ئەو سەختییە ئەنجامی دەبێت و پێویستە بەردەوام بێت. رۆژێکیش لە وێستگەی شەمەندەفەر قسەی بازرگانێکی ناسراو سەرنجی رادەکێشێ کە پێیگوتووە گرنگتر لە قازانج وەدەستهێنانی متمانەیە. ئەو قسەیە هەموو ژیانی شاهین دەگۆڕێ و ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر کار بەو قسەیە دەکات: "من بەشی ئەوەندە متمانەم لای خەڵک دروستکردووە کە بزانم ئایندەم مسۆگەرە. لە ملیاردێرێکیان پرسی: تۆ هەموو شتێکت هەیە، چیت نییە؟ گوتی: راستە هەموو شتێکم هەیە، بەڵام متمانەی خەڵکم نییە و هەمیشە تەنیام! خۆشبەختانە من وەک ئەو ملیاردێرە نیم و هەمیشە دەوروبەرم قەرەباڵغە".

### خەونی گەورە

شاهین لەپەنای کاری شەو و رۆژی، بەردەوام بووە لە خوێندن. بۆیەش هەمان ئەو شاهینەی لە تەمەنی 11 ساڵیدا لە گوندێکی جزیرێوە هات و یەک وشەی ئەڵمانیی نەدەزانی، بە هەوڵ و تێکۆشان دەبێتە پزیشک. دواتر دەچێتە نێو سیاسەتیشەوە و لەگەڵ پارتی سەوزەکانی ئەڵمانیا دەبێتە سەرۆکی لقی حیزبەکەی لەو شارەی خۆی. جگە لەوەی دەبێتە سەرۆکی سەندیکایەکی خاوەنکارانیش لە شارەکەی خۆیدا. شاهین خەونەکانی گەورەن و هەرچەندە ئێستا خاوەنی چەند لقێکی زنجیرە مارکێتی بەنێوبانگی (رێڤێ)یە لە ئەڵمانیا و ئەمە سەرمایەی گەورە و متمانەی دەوێت، بەڵام بەمەش رازی نییە و دەڵێت دە ساڵی داهاتووم دەبێ زۆر لەوە گەورەتر بێت کە ئێستا هەمە. ئەو ئێستا خەریکی گەورەکردنی ئەو مارکەیەیە کە هی خۆیەتی و کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمی خۆراکیی پێدەفرۆشرێ و ناوی (دێلیکاتێسا)یە. ئەو ئەم کارە لە ئۆفیسێکی سادەدا دەکات و رۆژانەش خۆی خەریکیەتی. لێیدەپرسین: وەک ملیۆنێر بیرت لەوە نەکردووەتەوە ئۆفیسێکی گەورە و جوانترت هەبێت؟ دەڵێت: نا، نابێ مرۆڤ بە 50 ملیۆن یۆرۆ خۆی لێ بگۆڕێت.

* کاژێر 22:00ی شەوی چوارشەممە، لە کەناڵی (رووداو) بینەری بەرنامەی بیگ ستۆری بن.

### دەڵێت رفێنراوە بۆ کوردستان

# کوردێک بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکەی پەنا بۆ پەرلەمانی فینلاند دەبات

**رووداو – هێلسینکی**

سەر لە ئێوارەیەکی سارد و تاریکی شاری هێلسینکییە، گڵۆپەکانی باڵەخانەی پەرلەمانی فینلاند ورده ورده دەکوژێنرێنەوە و ناوچەکە خامۆش دەبێت. تەنیا چادرگەیەکی بچووکی بەردەم باڵەخانەکە ماوەت کە گەنجێکی کورد دایناوە و داوای هاوکاری بۆ منداڵە رفێنراوەکەی دەکات.

ئەو وازی لە ژیانی ئاسایی و کار هێناوە، هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بەدەستهێنانەوەی منداڵەکەی تەرخان کردووە کە بە گوتەی خۆی رفێنراوە بۆ کوردستان.

هێژا سادق کە خەڵکی باشووری کوردستانە، بە حەسرەتەوە باس لە منداڵە 7 ساڵانەکەی دەکات، کە زیاتر لە دوو ساڵە نەیبینیوە. هێژا بە (رووداو)ی گوت: "ژنەکەم و کەسوکارەکەی لێیان شاردوومەتەوە و نە دەهێڵن قسەی لەگەڵ بکەم، نە بیبینم، نەدەهێڵن لێرە لەگەڵم بژی، رفاندوویانە و بە زۆر لە سلێمانی هێشتوویانەتەوە".

هێژا منداڵ بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی روویان لە فینلاند کردووە، تەنانەت زمانی کوردیش بە تەواوی فێر نەبووە، ساڵی 2010 دێتەوە کوردستان و دوای هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی دانیشتووی شاری سلێمانی بەناوی (ج.ک.ر) هێدی هێدی زمانە کوردییەکەی پاراو دەبێت.

وابەستەبوونی ژنەکەی بە ژیانی کوردستان و حەزی هێژا بۆ گەڕانەوە بۆ فینلاند، دەبێتە سەرەتای کێشە و بە شێوەیەکی ئاسایی جیادەبنەوە، بەڵام دوای ئەوەی (ج)ی هاوژینی مۆڵەتی 30 رۆژ بۆ هێنانەوەی منداڵەکەی وەردەگرێت، ئیدی هێژا چاوی بە منداڵەکەی ناکەوێتەوە: "مانگی هەشتی ساڵی رابردوو بەمەبەستی نوێکردنەوەی ئیقامەکەی هاتە فینلاند و بە مۆڵەتی 30 رۆژ بە رازیبوونی من، هێژوانی کورمی لەگەڵ خۆی بردەوە، تەنانەت 9/15 کاتی نەشتەرگەری بوو، بەڵام منداڵەکەیان لای خۆیان هێشتەوە".

هێژا گوتیشی: "گەرچی باوکی (ج) پەیمانی ئەوەی پێدام منداڵەکە بگەڕێننەوە، بەڵام هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ پچڕاندم".

بەڕای هێژا بەرپرسێکی باڵای حیزبی لە سلێمانی لە پشت ئەم بنەماڵەیەیە و یاساکانیان ئیستغلال کردووە. وەک دەڵێت: "بەناچاری بۆ زانینی رەوشی منداڵەکەم چوومە سلێمانی، هەر لە فڕۆکەخانە و لە شوێنی وەرگرتنی پاسپۆرتەکەم، وەک ئەوەی چاوەڕێم بکەن، بانگکرام و برامە زیندان".

گوتیشی "بە ئەمری حاکم و لەسەر راسپاردەی (ح.ک) کە بەرپرسێکی حزبییە، من بۆ چەند رۆژێک لە نێو دز و پیاوکوژ و بازرگانی مادەی هۆشبەر هێڵدرامەوە و دواتر بە کەفالەت ئازادکرام".



منداڵەکەی هێژا لەلایەن هاوژینەکەیەوە هێنراوەتەوە کوردستان

(فۆتۆ: رووداو)

هێژا چەند مانگێک لە کوردستان ماوەتەوە، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش رێگەی پێنەدراوە منداڵەکەی ببینێ.

ماوەیەکی زۆری دەوێت تا حکومەت و پۆلیسی فینلاندی دان بە رفاندنی منداڵەکەدا دەنێن، ئەمەش لە مانگی 11ی 2017 بوو "دوای هێنان و بردنێکی زۆر لە نێوان فنلاند و بەغدا، رۆتینیاتی پۆلیسی نێودەوڵەتی و پەیوەندی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی، دواجار بە تۆمەتی رفاندنی منداڵەکە بڕیاری گرتنی هاوژینەکەم دەرچوو، رۆژی 2018/6/27 گیرا و چەند رۆژێک مایەوە، بەڵام دواتر بە ئەمری بەرپرسەکە، ئەو حاکمەی بڕیاری گرتنی (ج)ی دابوو، سزا درا و گواسترایەوە بۆ شوێنێکی دوور".

### هێژا دەبێتە چالاکڤان

ئەگەرچی بەهۆی دەسەڵاتدارێتی بنەماڵەی هاوژینەکەی پێشووی، هەروەها بیرۆکراسیەتی فینلاند کە "هەمیشە باوکەکان فەرامۆش دەکەن". هێژا زۆر دڵخۆش نییە بە گەیشتن بە مافەکەی خۆی و گەڕاندنەوەی منداڵەکەی. بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاش داخستنی ئەم کەیسەش ناوەستێ و دەبێتە چالاکڤانێکی ئەو بوارە "داکۆکی لە منداڵانی رفێنراو و هەموو ئەو باوکانە دەکەم کە قوربانیی ئەم سیستەمەن".

ئەو لە رێگەی هەڵمەتەکەیەوە، ئاشنای دەیان باوک بووە کە هەمان کێشەیان هەیە: "دەیان باوکی وەک خۆمم ناسی، بەشێکی لە ئەنجامی بێ هیوایی، بەشێکی بەهۆی نەبوونی پارە و توانا، دەستەوەستان بوون".

لەکاتی چاوپێکەوتنەکەمان لە نێو چادرەکەی لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمان و لە ناوجەرگەی شاری هیلسینکی، لە نێو ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد، چەند ژنێکی کوردمان بینین.

سەبری ناوی خوازراوی یەکێک لەوانە بوو، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی لە کوڕە 29 ساڵەکەی کرد کە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە: "3 ساڵە تووشی گۆشەگیری هاتووە و لە ماڵ نایەتە دەرەوە".

ئەو لەبارەی هاوڕێی کوڕی گوتی: "کوڕەکەم تەمەنی 23 ساڵ بوو کە ژنی هێنا، وەک خێزانێکی ئاسایی تووشی کێشە بوون و لە ژنەکەی جیابووەوە، کەچی منداڵەکانیان لێ زەوتکرد". بە گریانەوە گوتی: "کوڕەکەم زۆر فەقیر بوو، منداڵەکانی زۆر خۆشدەویستن، درۆیان بۆ هەڵبەست و منداڵەکانیان لێ شاردەوە، کوڕەکەم تێداچوو".

### ئەوروپییەکان، داکۆکی لە باوکان ناکەن

"بیرۆکراسیەتی وڵاتانی ئەوروپی هەمیشە گومانی لەسەر رەوایەتی مافی باوکان دروستکردووە و ئەمەش هەندێ جار لەلایەن ژنانەوە ئیستغلال دەکرێت. هێژا دەپرسێ: "چ پێوەرێکی زانستی هەیە کە بڵێت دایک باشترە لە باوک بۆ منداڵەکەی. بەپێی زانیارییەکان نیوەی تاوانی رفاندنی منداڵ لە فینلاند، لەلایەن ئافرەتانەوە بووە".

### کوردستان بووەتە شوێنی منداڵی رفێنراو

بەهۆی زۆربوونی ئەم حاڵەتە ئێستا رێکخراوێک لە فینلاند بەناوی (رێکخراوی منداڵە رفێنراوەکان) دروست بووە و چالاکی لەو بوارەدا دەکەن. سەرۆکی رێکخراوەکە قوربانییەکی هاوشێوەی هێژایە و بە رەچەڵەک ئیسپانییە، پێشتر منداڵەکەی لەلایەن هاوسەرەکەی بۆ وڵاتەکەی پێشووی براوە و دوای ساڵێک و نۆ مانگ پێی گەیشتووەتەوە.

> لە فینلاند رێکخراوێک بەناوی منداڵە رفێنراوەکان دامەزرێنراوە

بەپێی ئامارێکی ئەو رێکخراوە، ساڵانە زیاتر لە 20 حاڵەتی رفاندنی منداڵ لە فینلاند هەیە. لەماوەی ساڵانی 2016-2018 زیاتر لە چوار حاڵەتی رفاندنی منداڵیان بۆ کوردستان و عێراق بووە کە بەڕای بەرپرسانی ئەو رێکخراوە ژمارەیەکی زۆرە.

(رووداو) ئاگاداری چەند کەسێکی هاوشێوەیە، تازەترینیان کەیسی رفاندنی دوو منداڵی کوردی نیشتەجێی ئوسترالیایە بۆ کوردستان و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا کە بەپێی بەیاننامەیەکی رێکخراوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی "بەکارهێنانی نایاسایانەی دەسەڵاتی حکومی و حیزبی لە پشتیەوەن".

هاوڕێ ئەنوەر بەگ، ئامۆزای ئەو دوو منداڵە بە (رووداو)ی گوت: "منداڵەکان بە فیعلی رفێنراون و هەڕەشەش لە باوکیان کرا".

رەوف حەسەن پارێزەر و چالاکڤان، پێشتر بۆ ئەم جۆرە کەیسانە لەگەڵ نووسینگەی پۆلیسی نێودەوڵەتی لە عێراق هاوئاهەنگی هەبووە و کاریشی لەگەڵ کردوون، بە (رووداو)ی گوت: "دەیان کەیسی لەم شێوەیە هەیە و بەشێکیان بە کەسوکاریان گەیشتوونەتەوە و بەشێکیشیان تا ئێستا نادیارن".

گوتیشی: "ژمارەی ئەو کەیسانەی چارەسەر بوون زۆر کەمترن لەوانەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە".

رووداو
ژنان
ژمارە (540) - دووشەممە 2019/1/28



## ژنێکی 75 ساڵ خۆی سووتاند

**رووداو – پشدەر**

ژنێکی دانیشتووی گوندی تووەسوورانی سەر بە قەزای پشدەر خۆی سووتاند و بەهۆی زۆری سووتانەکەیەوە گیانی سپارد، کەسوکارەکەشی دەڵێن چەند ساڵێک بوو نەخۆشی دەروونی هەیە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی راپەڕین بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2019/1/26 ژنێکی 75 ساڵی دانیشتووی گوندی تووەسوورانی سەر بە قەزای پشدەر، دوای ئەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا نەوتی بەخۆیدا کردووە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش ژنەکە 90% جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەریش رەوانەی شاری سلێمانی کرا، بەڵام رۆژی دواتر مرد". شۆڕش ئیسماعیل گوتیشی: "بەپێی قسەی کوڕەکانی، (ئـ.خ.ئـ)ی دایکیان نزیکەی ساڵێکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە".

### تەمەنی 10 ساڵە..

# هەشت ساڵە لەلایەن دایکی و نەنکییەوە ئەشکەنجە دەدرێ

**رووداو – هەولێر**

جەستەیەکی لاوازی وشکهەڵاتووی هەیە، بە تەمەن 10 ساڵە، بەڵام بە جەستە لە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان دەچێ. پێدەچێ سایەی سۆزی دایک بەشی بەخێوکردنی سایە نەکات، هەر بۆیە هێندە لێی بێزارە، دوایین جار کە سایە لەگەڵ باوکی هاتووەتە دەرەوە، دایکی بە باوکی گوتووە :"لەگەڵ خۆت مەیهێنەوە ئەم ماڵە". سایەش دەڵێت :"حەز ناکەم بچمەوە ماڵەوە، چونکە نەنکم لێم دەدات".

(سایە.ی)، نزیکەی هەفتەیەکە لە ماڵی مامی دەژی، ئەو هەرگیز نایەوێ بگەڕێتەوە ئەو ماڵەی کە بەشی زۆری ژیانی تێیدا ئەشکەنجەدان بووە. ئەویش لەلایەن نزیکترین کەسەکانی کە پێشتر دایکی و نەنکی بوون و ئێستا نەنکی (دایکی دایکی) ئەشکەنجەی دەدات.

خۆشترین ساتەکانی سایە لە ماڵەکەیدا ئەو کاتانەن کە باوکی لە دەوام دەگەڕێتەوە و هەفتەیەک جاری واش هەیە دوو هەفتە لە ماڵەوە دەبێ، سایە دەڵێت "ئەگەر باوکم لە ماڵ بێت، نەنکم لێم نادات". بۆیە خۆزگە دەخوازێ باوکی هەموو کاتێک لە ماڵەوە بێ.

سایە 10 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ سنەی خوشکی پێکەوە هاتنە سەر دونیا، بەڵام وەکو کەسە نزیکەکانی دەڵێن "سنە هێندە خزمەت دەکرێ دڵت نایەت تەماشای بکەی".

کاتێک سایە لەدایک بوو، درایە ئافرەتێک کە خزمێکی نزیکیان بووە، دوو ساڵ لەلای ئەو ئافرەتە دەمێنێتەوە، دواتر ئافرەتەکە تەڵاق وەردەگرێ و سایە دەگەڕێنێتەوە نێو خێزانەکەی، بەڵام وەک ئەوەی کەسێکی نامۆ بێ، زۆر گرنگی پێنادەن.

سایە بە جۆرێک پشتگوێ دەخرێ کە شایەنی بەزەیی پێداهاتنەوە بێ، دوو ساڵ لەمەوبەر ئافرەتێک دەیباتە لای خۆی و بەخێوی دەکات، نزیکەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر خێزانی سایە داوای پارە لەو ئافرەتە دەکەن، ئەو ئافرەتەش پارەی نەبووە، بۆیە بە ناچاری سایەی گەڕاندووەتەوە لای خێزانەکەی.

> پێنج خێزان ئامادەبوون سایە بەخێو بکەن، بەڵام باوکی داوای پارەیان لێدەکات
>
> مامی منداڵەکە

خێزانێکی دیکەش لە ناحیەی دیبەگە بەزەییان بە سایەدا هاتووەتەوە و ویستوویانە بەخێوی بکەن، بەڵام دواتر کە چاویان بە خێزانەکەی کەوتووە و زانیویانە بە ئەنقەست سایەیان فەرامۆش کردووە، پەشیمان بوونەتەوە.

خێزانێکی دیکەش کە ماوەیەک دراوسێی ماڵی سایە بووە لە گەڕەکی گڵکەندی شاری هەولێر، بۆ ماوەی سێ هەفتە باوەشیان بۆ سایە کردووەتەوە و جلوبەرگ و گوارەی زێڕیان بۆ کڕیوە. بەڵام سایە دەڵێت :"کە نەنکم چاوی بە گوارەکان کەوت یەکسەر لە گوێی کردمەوە".

خێرخوازێک کە ئاگاداری ژیانی سایەیە، دەڵێت :"سایە لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدا دەژی، جلوبەرگی وەک پێویست نییە. من جارێک جلم بۆ کڕی، بەڵام دایکی جلەکانی لەبەر کردەوە و دای بە منداڵەکانی دیکە، بۆیە هەرچییەکی بۆ بکەین سوودی لێ نابینێ".

وەک ئەو خێرخوازە باسیکرد، لە ماڵەوە وەکو پێویست نانی نادەنێ، تەنانەت بینیویانە سایە لە نێو تەنەکەی خۆڵدا بۆ نان گەڕاوە. سایە دەڵێت :"لە ماڵێ نانم دەدەنێ، بەڵام نەنکم قەت نایەڵێ تێر بە سکی خۆم نان بخۆم".

سایە سێ خوشک و دوو برای هەیە و دەڵێت زۆرم خۆشدەوێن، تەنیا خوشکە گەورەکەم نەبێ "چونکە هەموو جارێک بە قسەی نەنکم لێم دەدات".

کەم شوێنی جەستەی سایە هەیە ئاسەواری ئەشکەنجەدانی پێوە دیار نەبێ، هەر لە تەوقی سەرییەوە تاوەکو بنە پێیەکانی. تازەترینیان سێ پەنجەی قاچی چەپی بوون کە داخ کرابوون. لێمپرسی کێ وای لێکردی؟ گوتی :"نەنکم بە مراک (کەوچک) داخی کردم".

سایە قژی نییە تا دایکی بۆی بهۆنێتەوە، باوکی ماوەیەک لەمەوبەر سەری پاک تاشیوە، بە پاساوی ئەوەی قژی لاوازە، بۆ ئەوەی بەهێز بێ. بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانی یەک بە یەکی شوێنەوارەکانی ئەشکەنجەدان لە سەریدا ببینی. سایە گوتی :"نەنکم جارێک چەقۆیەکی لەسەرم داوە. جارێکیش سەری بەدیواردا داوم".

ئێستا سایە لە ماڵی مامیەتی. مامی سایە کە نەیوست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باس لە ژیانی برازاکەی دەکات و دەڵێت :"ئەو منداڵە لە ژیانێکی سەختدا دەژی، بەرماوەی خواردنی منداڵەکانی دیکەی دەدەنێ. چەندینجار لە نێو بەیتوونە خەواندوویانە، کە بینیمان ژیانی وەهایە، ویژدانمان قبوڵی نەکرد و هێنامان بۆ لای خۆمان".

بە گوتەی مامی سایە، کاتێک سایەی هێناوەتە ماڵی خۆی، جلی کۆنەی زۆریان لەبەر کردووە، ئەوەش نەک لە پێناو ئەوەیدا سایە سەرمای نەبێ، بەڵکو بۆ شاردنەوەی شوێنی ئەشکەنجەدانەکانی بووە".

مامی سایە کە چەند جارێک لەبارەی سایەوە قسەی لەگەڵ برازنەکەی کردووە، دەڵێت "دایکی سایە دەڵێت من سایەم بەخێو نەکردووە، بۆیە هیچ سۆزم بۆی نییە".

ئەو منداڵە تا ئێستا دراوەتە زیاتر لە پێنج خێزان بۆ ئەوەی بەخێوی بکەن، بەڵام گەڕاندوویانەتەوە بۆ لای خێزانەکەی :"چونکە هەر خێزانێک دەیباتە لای خۆی، دایک و باوکی داوای پارە دەکەن، کەسیش ناچار نییە منداڵی خەڵک بەخێو بکات و پارەش بداتە دایک و باوکی".

> داپیری جگەرەی بە جەستەی سایەوە دەنا
>
> شایەتحاڵێک

بە گوتەی مامی سایە، ئەو منداڵە لە تەمەنی دوو ساڵییەوە ئەشکەنجە دەدرێ، بەدرێژایی ئەو ماوەیە تەنیا ساڵێک خۆشی لە ژیانی خۆی بینیوە، ئەویش ئەوکاتە بووە کە لەلای ژنێک بووە و بەخێوی کردووە، بەڵام دواتر ناچار بووە بیگەڕێنێتەوە بۆ خێزانەکەی، چونکە داوای پارەیان لێکردووە.

شایەتحاڵێک کە دوو مانگ لەگەڵ ماڵی باوکی سایە لە یەک خانوودا بوون، شایەتی لەسەر ئەشکەنجەدانی ئەو کچە دەدات و دەڵێت "بە تەنیا غەدریان لەو منداڵە دەکرد، زیاتر داپیری منداڵەکە لێیدەدا، بە جگەرە داخی دەکرد، بە چەقۆ لێیدەدا، تەنیا باوکی لەگەڵی باش بوو، ئاگام لێبوو چەندینجار لەسەر ئەو منداڵە لەگەڵ ژنەکەی و ماڵی خەزووری بەشەڕ هاتووە".

هاوتەمەنەکانی سایە لە پۆلی چواری بنەڕەتی دەخوێنن، بەڵام سایە نەچووەتە قوتابخانە، دەڵێت :"زۆر حەزم لە قوتابخانەیە، بەڵام باوکم نەیناردووم بۆ قوتابخانە".





### دایک و باوکی لەخۆی ناگرن

# ژنێک بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەکەوێتە شەڵتەر

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ژنێکی 24 ساڵ بەهۆی نەخۆشییەکی دەگمەنی پێستەوە دەبێتە کەسێکی قبوڵنەکراوی خێزان و کەسوکارەکەی، باوکی بۆ ماوەی چوار ساڵ بەندی دەکات، مام و ئامۆزاکانی ئەشکەنجەی دەدەن، دایکیشی دەیدات بە پیاوێکی کەڕولاڵ، ماڵە خەزوورانیشی دەیخەنە سەر شەقام، ئێستاش لە شەڵتەری ئافرەتان دەژیت، بەڵام نەخۆشییە دەگمەنەکەی تینی بۆ هێناوە و داوای بەهاناوەچوون دەکات.

نەهامەتییەکانی سنوور بە جیابوونەوەی دایک و باوکی دەستپێدەکەن. ئەو هێشتا نازانێ لەبەرچی جیابوونەتەوە، دەڵێ: "ئەوکاتە من تەمەنم دوو ساڵان بووە، باوکم دەڵێ دایکت سێ جار تۆراوە، بۆیە نەچوومەوە بەدوایدا و تەڵاقمدا، نەنکم من و خوشکە ساواکەمی بەخێوکردووە تاوەکو ساڵی 2002 کە باوکم ژنی دووەمی هێنایەوە".

بەقسەی ئەو ژنە نەخۆشییەکی دەگمەنی پێست ژیانی بەتەواوی تێکداوە، وەکو خۆی دەڵێ سەرەتای مەرگەساتی ژیانم بوو: "تەمەنم 5 ساڵان بوو تووشی نەخۆشییەکی دەگمەنی پێست بووم، کە پێیدەڵێن VASCULAR NEVI، سەرەتا خاڵێکی قاوەیی لە پێم دروستبوو، وردە وردە تەشەنەی کرد و رەش بوو تا هەموو گیانمی گرتەوە، جارێک نەشتەرگەریم بۆ کرا و نەنکم خەرجییەکەی دا، بەڵام نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو نەبوو، باوکیشم هیچ خەرجییەکی ژیان و نەخۆشییەکەی نەدەکردم و دەیگوت من فریای ماڵ و منداڵی خۆم ناکەوم و هیچم بۆ ئێوە پێناکرێ".

بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی پەنا بۆ کارێک دەبات کە لەلای خێزانەکەی قبوڵنەکراوە، ئەو دەڵێ: "باوکم خەرجی نەدەکردم، دەیگوت کێ چارەسەرت دەکات با بیکا، ئەو قسەیەی باوکم زۆر بێتاقەتی کردم، رۆژ لەدوای رۆژیش نەخۆشییەکەم خراپتر دەبوو، تەمەنم 16 ساڵ بوو و قوتابی سێی ناوەندی بووم، لەگەڵ چوار هاوڕێم دەستمان بە کڕین و فرۆشتنی سیمکارت و مۆبایل کرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیان دابین بکەین، سیمکارتەکانمان لە دەرەوە بۆ دەهات، بە دوو هەزار دینار دەمانکڕی و بە 6 هەزار دینار بە قوتابییەکانمان دەفرۆشتەوە، ماوەی زیاتر لە ساڵێک ئەو کارەم کرد و خەرجی رۆژانەم دەستەبەر دەکرد".

کەسوکاری سنوور بە کارەکەی دەزانن و چوار ساڵ لەلایەن باوکییەوە زیندانی دەکرێ، ئەو دەڵێ "باوکم بە کارەکەی زانی و دەیویست بمکوژێ، بەڵام خوشکەکەم نەیهێشت، باوکم منی لە ژوورێکدا زیندانی کرد، مام و چوار ئامۆزاکەم هاتن و بە لێدان نیوەمەرگیان کردم، دواتر ئامۆژنم بە تووڕەیی گوتی بە 5 کەس کەوتوونەتە گیانی ئافرەتێک، ئیتر وازیان لێهێنام".

سنوور هێشتا لە ژیاندا بووە کە هەواڵی مردنی بڵاودەکرێتەوە، ئەو دەڵێ: "لە ژوورێکدا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەندکرام و ئەودیوی ژوورەکەم نەبینی، لە ساڵی 2014 هەواڵی مردنمیان بڵاوکردەوە و هەر کەسێک دەیپرسی دەیانگوت مردووە یان کوژراوە، بەڵام دوای چوار ساڵ توانیم هەڵبێم".

دوای 20 ساڵ سنوور و دایکی یەکتری دەبیننەوە، سنوور گوتی: "ئەوکاتەی هەڵاتم چوومە ماڵی خاڵم، پەیوەندیان بە دایکمەوە کرد، منیان بردە ماڵی پوورم و لەوێ دوای 20 ساڵ دایکم بینی، دایکم لەترسی ئەوەی نەکوژرێم منی بردەوە لای خۆی، ئەو هاوسەرگیری کردبووەوە و شەش منداڵی هەبوو، هاوژینەکەی رازی بوو لەگەڵیان بمێنمەوە، بەڵام دایکم هەر رۆژە و بیانوویەکی پێدەگرتم، زۆربەی جارەکان دەیگوت دەترسم منداڵەکانم نەخۆشییەکەی تۆ بگرنەوە، کوڕە گەورەکەی و کچە بچووکەکەی نەدەهاتنە سەر سفرە، بەردەوام لە رێگایەک دەگەڕا من لەکۆڵ خۆی بکاتەوە".

> مام و ئامۆزاکانم رووتیانکردمەوە و لێیاندام
>
> ژنەکە

ساڵی 2017 سنوور لەگەڵ کوڕە خاڵێکی هاوسەرگیری دەکات، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ بە ویستی خۆی نەبووە: "دایکم برازایەکی هەبوو کەڕولاڵ و شەلەل دەماغیش بوو، دایکم گوتی دەبێ شووی پێبکەی، من رەتمکردەوە، بەڵام هەڕەشەی لێکردم ئەگەر شووی پێنەکەم رادەستی باوکم دەکاتەوە، منیش تەنیا لەبەرئەوەی نەمبەنەوە بەردەستی باوکم و مام و ئامۆزاکانم، بەناچاری رازی بووم و شووم پێکرد، تەنیا لەلای مەلا مارەکرام و 9 مسقاڵ زێڕیان بۆ کردم".

ژیانی هاوسەرگیری بۆ سنوور وەک خۆی دەڵێ مەرگەساتێکی دیکە بووە: "چوار رۆژ لەلای مێردەکەم بووم و هێشتا هەر کچ بووم، خەسووم پەیوەندی بە دایکمەوە کرد و گوتی کچەکەت خۆی بەدەستەوە نادات، دایکم گوتی لێیبدەن، خەسووم و مێردم لێیاندام تا بەناچاری خۆم بەدەستەوەدا، دوای چەند رۆژێک خەسووم بانگی کردم و گوتی هەموو جەستەت تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، بۆیە قبوڵ ناکەم کوڕەکەم لێت نزیکبێتەوە".

سنوور لە ماڵی خەسووشی دەردەکرێ و دەڵێ: "شەوێک بووە شەڕ لە ماڵی خەسووم، منیش تەلەفۆنم بۆ دایکم کرد و گوتم تۆ بەزۆر منت دایە ئەو پیاوە، خەسووم گوێی لێبوو، زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتم، گوتی تۆمان بەو نەخۆشی و ئەو جەستە ناشیرینەوە هێناوە، دەبێت بە هەموو شتێک رازی بی، منیش زۆر تووڕە بووم و گوتم کوڕەکەی خۆشت وەکو من نەخۆشە، بەڵام ئەو تووڕە بوو، سەعات یەکی شەو دەریکردم، تەلەفۆنم بۆ دایکم کرد، گوتی نەیەیتەوە بۆ ماڵی من و بڕۆ چی دەکەی بیکە، منیش بەناچاری لە 2017/9/13 چوومە بنکەی پۆلیس و ئەوانیش منیان هێنایە شەڵتەری ژنان".

ئەو ژنە زیاتر لە ساڵێک و چوار مانگە لە شەڵتەری ژنانە، لەو ماوەیە کەسوکارەکەی تەنیا چەند جارێک سەردانیان کردووە، ئەو دەڵێ: "لەوکاتەوە باوکم جارێک و دایکیشم سێ جار و ماڵی خەزووریشم یەک جار هاتوونەتە لام، ئەوان بۆ ئەوە هاتن کە کاری جیابوونەوەی من و مێردەکەم تەواو بێت، لە رۆژی 2018/10/29 جیابووینەوە و 9 مسقاڵ زێڕەکەشیان لێوەرگرتمەوە، دوای ئەوەش هیچ کەسێک سەردانی نەکردووم".

نەخۆشییە دەگمەنەکەی و تێچکوونی باری دەروونی سنووریان هەراسان کردووە، ئەو داوای بەهاناوەچوون دەکات و دەڵێ: "نەخۆشییەکەم بەردەوام زیاتر دەبێ، پایز وشک دەبێ و دەتەقێ، لە زستاندا ئیلتیهاب دەکا، هاوینیش بە گەرما دەقلیشێت و خوێنی لێدێت، پزیشک دەڵێ نەخۆشییەکە دەبێت قۆناغ بە قۆناغ بە لێزەر چارەسەر بکرێ، بەڵام پارەیەکی زۆری پێویستە، تەنیا داواکاریم ئەوەیە کەسێک هەبێت خەمم لێبخوات و لەو نەخۆشییە رزگارم بکەن، چونکە کەسوکارەکەم لەبەر نەخۆشییەکەم بەم دەردەیان بردم و قبوڵم ناکەنەوە".





## لە هەولێر گەنجێک دەکوژرێت

**رووداو — هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی گوندێکی نزیک بەحرکەی سەر بە هەولێر لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کوژرا. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) گەنجەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کوژراوە. سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2019/1/24 گەنجێکی 32 ساڵ بەناوی (ە.ک.خ) لە گوندێکی سەر بە ناحیەی بەحرکەی شاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو کوژرا". گەنجەکە خێزاندار بووە و خاوەنی سێ منداڵ بووە، ماوەیەک لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتیشی هەبووە. سەرچاوەیەکی پۆلیس هەواڵەکەی بۆ (رووداو) پشتڕاست کردەوە و رایگەیاند :"پۆلیس پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ رووداوەکە کردووەتەوە، دوای دڵنیابوون لە ناسنامەی بکوژەکان، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێت".

### لە ئێستاوە نیوەی پڕ بووەوە

# دهۆک بۆ یەکەمجار بە خانەی بەساڵاچووان ئاشنا دەبێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بۆ یەکەمجار لە سنووری پارێزگای دهۆک، خانەی بە ساڵاچووان دەکرێتەوە بۆ ئەو بەساڵاچووانەی کەسیان نییە، یان کەسوکاریان ئامادەنین بەخێویان بکەن. هەندێک لە دانیشتووانی شارەکە پێیان کارێکی باشە و هەندێکیش بە هەڕەشە لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەزانن.

رۆژی 2019/1/15 بە هاوکاریی کۆمپانیای کار گرووپ، بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە دهۆک، ماڵێکی بۆ بەساڵاچووانی دهۆک کردەوە. پێشتر لەبەر نەبوونی ماڵێکی لەو شێوەیە، 10 بەساڵاچووی شاری دهۆک، نێردرابوون بۆ خانەی بەساڵاچووانی هەولێر، بەڵام دوای کردنەوەی خانەکە، هەر 10 بەساڵاچووەکە گەڕێندرانەوە دهۆک.

بەو پێیەی لە دەڤەری بادینان، دونیای مۆدێرن زۆر زەفەری بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و عەشایرییەکان نەبردووە، بۆیە کردنەوەی ئەو خانەیە بۆ هەندێک کەس هەزم ناکرێ.

"بەداخەوە باوکێک دەتوانێ 10 کوڕ پەروەردە بکات و گەورەیان بکات، بەڵام بە 10 کوڕەکە نەتوانن بۆ ماوەی پێنج ساڵ باوکیان بەخێو بکەن". ئەمە کۆمێنتی دلێر کۆچەرە لەبارەی کردنەوەی خانەکە.

دلێر کۆچەر کە دانیشتووی دهۆکە، دەڵێت: "کردنەوەی ئەو خانەیە کارێکی خراپ نییە، بە تایبەتی بۆ ئەو بەساڵاچووانەی بێ کەسن، بەڵام حەیفە بە ساڵاچوویەک منداڵی هەبێ و بنێردرێ بۆ ئەوێ".

پیاوێکی تەمەن 55 ساڵ لە بازاڕی دهۆک، پێی باشە کە ئەو خانەیە کراوەتەوە، ئەو دەڵێت :"کارێکی باشیان کرد کە ئەو خانەیەیان کردەوە، چونکە من چەند کەسێکم بینیون، لەبەر بێکەسی و بێ شوێنی لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەمانەوە، ئێستا دەتوانن بچن لەوێ بمێننەوە".

خانەی بەساڵاچووان کە سەر بە وەزارەتی کارە، ساڵانێکە لە هەولێر و سلێمانی هەیە، تەنانەت لە شاری هەولێر خانەیەکی ئەهلیی بەساڵاچووانیش هەیە، بەڵام لە دهۆک نەبوو، هەر بۆیە 10 بەساڵاچووی دهۆک (دوو ئافرەت و هەشت پیاو) چەند ساڵێک بوو پەنایان بۆ خانەی بەساڵاچووانی هەولێر بردبوو. ئێستا ئەو 10 کەسە هاتوونەتە خانە نوێیەکەیان لە دهۆک.

> **دەبوو لەجیاتی ئەمە بیر لە خێزانی جێگرەوە بکرێتەوە**
> توێژەرێکی کۆمەڵایەتی

سدیق ئەحمەد، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر زۆر جار خەڵک دەهاتن و گلەیی نەبوونی خانەی بەساڵاچووانیان لە دهۆک دەکرد، ئەمساڵ بەهاوکاریی کۆمپانیای کار گروپ، توانیمان خانەکە بکەینەوە".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی دوای کردنەوەی خانەکە هێنراون بۆ ئەوێ، سدیق ئەحمەد گوتی: "جگە لەو 10 بەساڵاچووەی کە پێشتر لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر بوون، سێ بەساڵاچووی دیکە (دوو پیاو و ژنێک) هێنراون بۆ خانەکە".

خانەکە تەنیا جێگەی 30 بەساڵاچووی تێدا دەبێتەوە، بۆیە سدیق ئەحمەد هیواخوازە زۆرتر ئەو بەساڵاچووانە بهێنرێن بۆ خانەکە کە بێکەسن، یان شوێنی حەوانەوەیان نییە. یان ئەوانەی کێشەیەکی خێزانییان هەیە. سەبارەت بە مەرجی وەرگرتنی بەساڵاچووانیش لە خانەکە، سدیق ئەحمەد گوتی: "مەرجی سەرەکی وەرگرتن تەمەنە، پیاو نابێ لە 60 ساڵ کەمتر بێ و ژنیش 55 ساڵ".

بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە دهۆک لە رێگەی (رووداو)ەوە داوای لە سەرمایەدارانی شاری دهۆک کرد کە هاوکارییان بکەن "تا ئێستا چەند سەرمایەدارێکی دهۆک بە زارەکی بەڵێنیان داوە هاوکاریمان بکەن، بەڵام تەنیا کارگرووپ بە فیعلی هاوکاری کردووین و هەموو خەرجی دامەزراندنی خانەکە لەسەر ئەوان بوو".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی رەخنە لە کردنەوەی ئەو خانەیە دەگرێ و پێیوایە سیستمێکی کۆنە و دەمێکە لە جیهاندا باوی نەماوە.

بەیار باقی، توێژەری کۆمەڵایەتی بە (رووداو)ی گوت: "کردنەوەی خانەی بەساڵاچووان لە ئەورووپا و ئەمریکا، سەردەمی نەماوە، کەچی تازە بە تازە لێرە دەکرێتەوە".



بەیار سیستمی خێزانی جێگرەوە لە ئەورووپا بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت: "ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بە تایبەتی ئەوانەی گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن، ئەو جۆرە شوێنانە ناکەنەوە، چونکە ئەو شوێنانە نیمچە زیندانێکن بۆ بەساڵاچووان، لە کۆمەڵگەدا وەکو کەسێ کە کەرامەتی شکابێ سەیر دەکرێن، بۆیە حکومەت هاوکاری خێزانی جێگرەوە دەکەن بۆ بەخێوکردنی بەساڵاچووان، دەبێ لە کوردستانیش بیر لە خێزانی جێگرەوە بکرێتەوە".

بەیار پێیوایە کردنەوەی ئەو خانەیە کێشەی ئەو کەسانە قووڵتر دەکاتەوە کە بەدەست گرفتە خێزانییەکانەوە دەناڵێنن: "بۆ نموونە بووکێک کێشەی لەگەڵ خەسووە بەساڵاچووەکەی هەیە، رەنگە لەمەودوا گوشار لە مێردەکەی بکات و پێی بڵێت، ئەوە خانەی بەساڵاچووان هەیە، دەتوانی دایکت ببەی بۆ ئەوێ".

### کێ ئیسماعیل و کوڕەکەی کوشت؟

# چوار کەس بە تۆمەتی کوشتنی پۆلیسەکەی حاجیاوا دەستگیرکراون



ئیسماعیل و کوڕەکەی لە نزیک ماڵەکەی خۆیان تەقەیان لێکرا و کوژران

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

ئیسماعیل دەستی کوڕە تاقانەکەی گرت بیبات بۆ دووکانێکی نزیک ماڵی خۆیان، بەڵام لەنێو ئۆتۆمبیلێکەوە تەقەیان لێدەکرێ و هەردووکیان دەکوژرێن، هەفتەیەک بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕیوە و تا ئێستا بکوژ دیار نییە.

رۆژی 2019/1/20 پیاوێکی تەمەن 35 ساڵ بەناوی ئیسماعیل ئەبووبەکر ئەمین و منداڵە تەمەن سێ ساڵانەکەی بە ناوی پەیدا، لە نزیک ماڵەکەی خۆیان لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە تەقەیان لێکرا و کوژران.

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو باوک و کوڕە لە کۆڵانێکدا بە دەمانچە تەقەیان لێکراوە، پۆلیس دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەسی دەستگیر نەکردووە".

گوتیشی: "ئەو پیاوەی کوژراوە پۆلیسە. بە گوێرەی پشکنینەکان منداڵەکە گوللەیەک لە سەری دراوە و باوکەکەش چوار گوللە بەر مل و سینگی کەوتوون".

ئیسماعیل چوار ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیری کردووە و هاوژینەکەشی هەر پۆلیس بووە، بۆیە کەسوکارەکەی دەڵێن باری ئابوورییان باش بووە، بەڵام نایشارنەوە کە ئیسماعیل کێشەی لەگەڵ خەڵک هەبووە.

عوسمان ئەمین کە برای ئیسماعیلە بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2015 کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ماڵێکدا دروستبوو برینداریان کرد، سەرەتا نەمانزانی چییە و لەسەر چییە، دوایی بۆمان دەرکەوت کێشەکەی کۆمەڵایەتی بوو، زۆرمان پێگوت با چارەسەری بکەین، بەڵام ئەو گوێی پێنەدا".

وەک عوسمان باسی کرد، دوای ساڵێک جارێکی دیکە لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە رانیە تەقەی لێکراوە و بریندار کراوە، دوای چاکبوونەوەی، ماڵەکەی گواستەوە بۆ ناحیەی حاجیاوا، بەڵام دەڵێت ئێستاش نەمانزانی کێ بوو تەقەی لێکرد.

هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە تەقە لە ئیسماعیل کرایەوە و ئەمجارەیان کوژرا. عوسمان دەڵێت: "ئیسماعیل قەت بە قسەی ئێمەی نەدەکرد، پێیوابوو ئەو بە تەنیا دەرەقەتی ئەو کەسانە دێ کە کێشەیان لەگەڵی هەبوو".

> **ئیسماعیل پێشتر دوو جاری دیکە بریندار کراوە**

سەبارەت بە کاتی رووداوەکەش دەڵێت: "ئیسماعیل منداڵەکەی لە باوەش کردبوو بیبات بۆ مارکێتێک لە نزیک ماڵی خۆیان، لە ناکاو بوو بە دەنگە دەنگ، دەگوترێ دوو گەنج لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە تەقەیان لێکردووە".

کەسوکاری عوسمان گومانیان لە چوار کەس هەیە و سکاڵایان لەسەر تۆمارکردوون، عوسمان دەڵێت: "پۆلیس چەند گومانلێکراوێکی دەستگیر کردووە، بەڵام جارێ دیار نییە ئەوان دەستیان لە تاوانەکەدا هەیە یان نا".

عوسمان هەروەها دەڵێت کە ئەوان تۆڵەکردنەوەی خوێنی برا و برازاکەی دەدەنە دەست یاسا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار و نزیک لە بنەماڵەی ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون بە (رووداو)ی گوت: "هەر دوای رووداوەکە پیاوێکی بەساڵاچوو بە ناوی (ئا، ع) دەستگیرکرا، رۆژی دواتر دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی (ک، ئە) و (ئا، ئە) لەسەر داوای کەسوکاری قوربانییەکە دەستگیرکران، پاشان کەسێکی دیکە بەناوی (م، ع) کە پۆلیسە و پێشتر کێشەی لەگەڵ ئیسماعیل هەبووە، دەستگیرکرا، بەڵام بەڵگە هەیە کە (م) بێ تاوانە، چونکە لە کاتی کوژرانی ئیسماعیلدا ئەو لە دەوام بووە.

حەیدەر مەلا کە هاوڕێی نزیکی ئیسماعیل بووە، باسی ژیانی هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: ئێمە هاوڕێی منداڵی بووین، هەموو رۆژێک ئەگەر یەکدیمان نەبینیبایە تەلەفۆنمان بۆ یەکدی دەکرد و هەواڵی یەکتریمان دەپرسی، چەند کاژێرێک بەر لە رووداوەکە، منداڵەکەی من تووشی رووداوی هاتوچۆ بوو، تەلەفۆنم بۆ کرد، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ منداڵەکەم، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە کێشەی هەبووبێ".

سەبارەت بە کێشە کۆنەکەی ئیسماعیلیش، هاوڕێکەی دەڵێت: "ئیسماعیل پێشتر دوو جار بریندار کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کێشەکەی تایبەت بوو، بۆیە پرسیارم لێنەکرد، بەس ئەوەندە دەزانم کێشەکەی کۆمەڵایەتی بوو، چارەسەریش نەکرابوو. هیچ کاتیش خۆی وا نیشان نەداوە کە کێشەی هەبووبێت، بەردەوام بەبێ چەک دەگەڕا، نازانم نەدەترسا یان کێشەکەی بە هەند وەرنەگرتبوو".

# پەنجەیەکی دەستی زیاد بوو، خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو- هەولێر**

خەیروڵڵا پەیوەندی بە مامییەوە دەکات و دەڵێت دوای دوو رۆژی دیکە دەچێت بۆ ئێران، بەڵام دە خولەک دواتر خۆی دەکوژێ. کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ کێشەی نەبوو "تەنیا ئەوە نەبێ کە دەستەکانی شەش پەنجەیان پێوە بوو، ئەویش بەوە زۆر بێتاقەت بوو".

سەعات شەشی ئێوارەی رۆژی 2019/1/19 گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بە ناوی خەیروڵڵا جاسم، دانیشتووی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای خەباتی شاری هەولێر، لە سەربانی ماڵەکەیان بە گوللەیەکی دەمانچە خۆی کوشت.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "کوڕێکی تەمەن 18 ساڵان دوای ئەوی تووشی بارێکی دەروونی خراپ دەبێت، چەکی ماڵەوە دەبات و لەسەر بانی ماڵەکەیان خۆی پێدەکوژێ، پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە رووداوەکە".

خەیروڵا وازی لە قوتابخانە هێنابوو لە دوکانێک کاری دەکرد، ئەو رۆژە تەلەفۆنی بۆ نەنکی کردبوو لە هەواڵی پرسیبوو، بەڵێنی پێدابوو ئێوارە سەردانی بکات، بەڵام ئێوارە هەواڵی مەرگی بە نەنکی گەیشت.

قاسم ئەنوەر کە مامی خەیروڵڵایە، دوای تەواوبوونی پرسەی برازاکەی قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "خەیروڵڵا کەسێک بوو زۆر زوو هەڵدەچوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی یەکێک لە دەستەکانی شەش پەنجەی هەبوو، بەمە زۆر بێزار دەبوو، ئێمە شتەکەمان بە ئاسایی وەرگرتبوو، نەمانزانی باری دەروونی تێکدەدات".

قاسم دەڵێت برازاکەی هەرچەندە گەورەتر دەبوو، تووڕەتر دەبوو، بە بچووکترین شت تووڕە دەبوو، بۆیە خێزانەکەی قەت کارێکیان نەدەکرد بە دڵی ئەو نەبێ.

سەبارەت بەوەی دەگوترێ خەیروڵڵا بەهۆی پەنجە زیادەکەیەوە خۆی کوشتووە، قاسم دەڵێت "بەڵێ وایە، چونکە خەیروڵڵا زۆر پێی بێزار بوو، بردمان بۆ لای پزیشک و گوتی: ئەو پەنجە زیادەیە پەیوەستە بە دەمارێکی مێشکییەوە، بۆیە زوو زوو تووڕە دەبێ، دەبێت ئاگاتان لێی بێت".

قاسم زۆرتر لە بارەی برازاکەی قسەی کرد و گوتی: "ئەو بەردەوام پێیدەگوتم دەچمە ئێران، لەوێ ئیش دەکەم. منیش پێمدەگوت کوا ئیش لە ئێران؟ خەڵکی ئێران لەبەر بێ ئیشی رادەکەن. بەڵام ئەو هەموو جارێک تووڕە دەبوو، دەیگوت هەر دەڕۆم".

گوتیشی: "10 خولەکێک پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیگوتم دوو رۆژی دیکە دەچم بۆ ئێران، منیش خۆم لێ تووڕە کرد و گوتم نابێ بڕۆی، مۆبایلەکەی داخست، زۆری پێنەچوو دووبارە پەیوەندی کردەوە، ئەمجارەیان زۆر تووڕە بوو، گوتی وا من دەڕۆم، منیش ئەمجارە بێ منەتم کرد، دیسان مۆبایلەکەی داخست، ئەوە یەکەمجاری نەبوو کە ئەو قسانە بکات، بۆیە بە جدی وەرمنەگرت، گوتم دواتر هێور دەبێتەوە و تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە".

خەیروڵڵا کە خاڵی سەرهەنگە، چەند سەعاتێک بەر لە رووداوەکە لەگەڵی بووە، دەڵێت: "خەیروڵڵا دوای نیوەڕۆ هات بۆ ماڵمان، پێکەوە چووین بۆ بازاڕ هەندێک شتمان کڕی، ئەو چووەوە ماڵی خۆیان، نزیکەی سەعات شەشی ئێوارە بوو، گوێم لە دەنگی تەقە بوو، بەپەلە رامکردە دەرەوە، دراوسێکان گوتیان تەقەکە لە ماڵی خوشکەکەت بوو، کە چووم هەموویان لەسەربان بوون، بینیم خەیروڵڵا لە نێو خوێنی خۆیدا کەوتووە".

قاسم چاوەڕێ دەکات برازاکەی پەیوەندی پێوەبکات و بڵێت تووڕە بووم بۆیە ئەو قسانەم کرد، بەڵام سەرهەنگی خاڵی خەیروڵڵا تەلەفۆنی بۆ دەکات و هەواڵە دڵتەزێنەکەی دەداتێ.

قاسم دەڵێت :"ئەو دەمانچەیەی خەیروڵڵا خۆی پێ کوشت، هی باوکیەتی، بەڵام ئەوان سەریان لەوە سوڕماوە، خەیروڵڵا چۆن ئەو چەکەی دۆزیوەتەوە".

گوتیشی :"تاکە هۆکار کە گومانی بۆ ببەین بووبێتە هۆی خۆکوشتنی خەیروڵڵا تەنیا مەسەلەی پەنجە زیادەکەیەتی، ئەوە باری دەروونی تێکدابوو".

ئەی بۆ چارەسەریان نەکردووە؟ سەرهەنگی خاڵی دەڵێت :"بردمان بۆ لای پزیشک، بەڵام قەت بیرمان لەوە نەکردبووەوە چارەسەری بکەین، چونکە قەناعەتمان وابوو کە ئەوە شتێکە خوا وای دروستکردووە و پێویست ناکات دەستکاری بکەین".



خەیروڵڵا جاسم بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشت

## (هۆکارەکانی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەلقاعیدە)

# ئێران و ئەلقاعیدە.. لە تێکهەڵچوونەوە بۆ نزیکایەتی

شاهۆ حوسێنی


ئەلقاعیدە ڕێکخراوێکی جیهادی چەکدارە لەلایەن ئوسامە بن لادن بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزرا

### پێشەکی:

بەم دواییە، پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە ئاشکرا کرا، تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێگایەی کاربەدەستانی ئێرانی دانیشتن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی فەرمی و بە ئاشکرا بەڕێوەببەن. ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سوننە، شیعە و خەواریج سێ ڕەوتی سیاسی ناو بازنەی ئایینی ئیسلامن کە ئەساس و بنەمای سنووربەندییەکانی نێوانیان دەسەڵاتە، واتە ئەساسی کەلێن و درزی نێوانیان جیاوازیی بۆچوون و خوێندنەوە بۆ بنیادنان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانییە. دیارە ئێران وەک دەسەڵاتێکی شیعەی بناژۆخواز و ئەلقاعیدە وەک ڕەوتی جیهادی سوننە، دژایەتی و دوژمنایەتییەکی کۆنی ئایینییان بەیەکەوە هەیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی دەسەڵات لەپاش کۆچی موحەممەد، پێغەمبەر و ڕێبەری ئیسلام.

### دەرکەوتنی ئەلقاعیدە:

ئەلقاعیدە ڕێکخراوێکی جیهادی چەکدارە کە ساڵی 1988 لەلایەن ئوسامە بن لادن بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزرا. ساڵی 1978 و پاش کودێتای کۆمۆنیستیی سوور لە ئەفغانستان و دوای ئەوەی نوورمحەممەد تەرەکی بەتەمای کۆمەڵێک ڕیفۆرم لە هێندێک نەریتی ئیسلامی بوو، بۆ وێنە نەریتەکانی پێوەندیدار بە زەماوەند و هەروەها لەناوبردنی فیۆدالیزم لە ئەفغانستان، ناڕەزایەتی لەدژی ئەو ڕیفۆرمانە دەستیپێکرد، ژمارەیەکی زۆر مەلا و پیاوانی ئایینی لەلایەن حکومەتەوە گیران و ئیعدام کران، تاقمێکی زۆری هەڵکەوتە ئایینییەکان و بەرپرسانی ناوەندەکانی ئایینی و ڕووناکبیرانی ئایینیش لە وڵات ڕایانکرد.

ئەو ڕیفۆرمە بێگومان لە کۆمەڵگایەکی تەواو نەریتی و ئایینیی وەک ئەفغانستان دژکردەوەی کۆمەڵایەتی بەربەرینی لێکەوتەوە کە یەک لەوان سەرهەڵدانی بزاڤێکی ئایینی چەکدار دژ بە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی بوو لە ئەفغانستان. لەپاش هەڵگیرسانی شەڕی چەکداری لەنێوان موجاهیدینی ئەفغانی لەگەڵ حکوومەت، ساڵی 1979 بەپێی گەڵاڵەیەک کە بیرژینسکی گەورە ڕاوێژکاری ئەمنیی جیمی کارتەر، سەرۆکی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی 1977 بۆ 1981، ئامادەی کردبوو، ئەمریکا یەکەم بڕیاری بۆ گەیاندنی پشتیوانی بە موجاهیدنی ئەفغانی دەرکردساڵی 1978 حکومەتی ئەفغانستان . بڕیارنامەیەکی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت واژۆ کرد، بەپێی ئەو بڕیارنامەیە دەوڵەتی ئەفغانستان دەیتوانی داوای هاوکاری و پشتیوانی سەربازی لە یەکێتیی سۆڤیەت بکات، لە دۆخێکی ئاوهادا ئەمریکا خەریکی پشتیوانی لە موجاهیدنی ئەفغان بوو، لە بەهاری ساڵی 1979 دەوڵەتی ئەفغانستان داوای لە یەکێتیی سۆڤیەت کرد بۆ پاراستنی حکوومەت هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەفغانستان بکات، بەو شێوەیەش سۆڤیەت پێی دەکێشرێتە ناو ئەفغانستانەوە، بەڵام کودێتای حەفیزوڵڵا ئەمین لەدژی نوور محەممەد تەرەکی هاوکێشەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی تێکدا. ئەو کات ناوەندی هەواڵگریی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ بەرپرسانی گەورەی یەکێتیی سۆڤیەت نیگەرانییەکانی لەبارەی هەڵسوکەوتەکانی ئەمین دەربڕیبوو، لەوانەش هەڵمەتی سڕینەوەی کەسانی نزیک لە یەکێتیی سۆڤیەت لەناو دەسەڵاتی ئەفغانستان و نزیکبوونەوەی ئەمین لە چین.

ئەمانە وایانکرد یەکێتیی سۆڤیەت لە کانوونی دووەمی 1980 هێرش بکاتە سەر ئەفغانستان و ئەو وڵاتە داگیر بکات. ئەم پەرەسەندنە بیانوو و بەستێنێکی لەباری بۆ گەشەکردنی زیاتری توندوئاژۆیی ئایینی لە ئەفغانستان ڕەخساند و ئوسامە بن لادن ڕێکخستنی ئەلقاعیدەی لەژێر تیشکی ڕێنوێنیی هزری سەید قوتب بۆ شەڕ لە دژی داگیرکەرانی خاک و وڵاتێکی ئیسلامی ڕاگەیاند. بێگومان یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی ئەندێشە و هزری سەید قوتب "تەکفیر"ە کە بە واتای سڕینەوە و لادان دێ، ئەو چەمکە بەرهەمی دیسکۆرسێکە کە چوار توخمی سەرەکی لەخۆدەگرێ، یەکەمیان ئەوەیە کە حاکمییەت تەنیا هی خودایە و هەرچی حاکمییەت و دەسەڵاتی غەیری خوداییە باتڵە، دووەمیان باس لەوە دەکات کە جیهان لە "جەهالەت"دا دەژی، توخمی سێیەم ئەوەیە ئیسلام ئاینێکی جیهانییە و دەتوانێت جەهالەت لە جیهاندا بسڕێتەوە. چوارەم بۆ سڕینەوەی جەهالەت لە جیهان بە پشتیوانی ئیسلام پێویستە جیهاد بکرێت.

### ئێران و ئەلقاعیدە.. لە دوژمنایەتییەوە بۆنزیکایەتی:

ساڵی 1992 دکتۆر نەجیبوڵڵا، حەوتەمین سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەفغانستان، بەپێی بڕیارێک لە دەسەڵات کشاوە و دەسەڵاتی ئەفغانستان سپێردرایە دەست لێژنەیەکی حکومی موجاهیدینی ئەفغانستان و بەو شێوەیە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە ئەفغانستان کۆتایی هات، بەڵام ئەو ڕەوتە نەک هەر دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و دۆخێکی ئارامی لە ئەفغانستان

> ئێران دەیەوێ ئەلقاعیدە بکاتە چەکێک لە دژی ئەورووپا بۆ ئەوەی گەمارۆی زیاتری نەخەنەسەر

مسۆگەر نەکرد، بەڵکو بوو بەهۆی شەڕ و نائارامی و لە ئاکامدا ساڵی 1996 دەسەڵاتی ئەفغانستان کەوتە دەست بزووتنەوەی تاڵیبان. تاڵیبان لە ساڵی 1998 دا 10 کارمەندی ئێرانی و دیپلۆماتی ئەو وڵاتەی لە کۆنسوڵخانەی ئێران لە شاری مەزار شەریف کوشت، ئەم ڕووداوە قەیرانێکی قووڵی دروستکرد کە نزیک بووەوە لەوەی هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی لە نێوان ئێران و حکومەتی تاڵیبان دەستپێبکات. یەکەم پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئێران و تاڵیبان لە ساڵی 1999 بوو، بەبێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی هەبێ. لەساڵی 2001 هێزەکانی سوپای قودس بۆ گرتنەوەی شاری هەرات هاوکاری هێزەکانی ئەمریکایان کرد . دواجار دەسەڵاتی تاڵیبان لە ساڵی 2001 بەهۆی هێرشی ڕاستەوخۆی ئەمریکاوە کۆتایی هات، لەو کاتەشەوە تاڵیبان بووە بە گرووپێکی چەکداری دژی دەسەڵاتی ئەفغانستان و هێزەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

لەپاش ئاشکرابوونی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا ئاڵۆزی زیاتری تێکەوت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی درز و کەلێنەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاواییەکان گەورەتر ببێت، ئەو ڕەوتە کۆمەڵێک تێکهەڵچوونی ناوچەیی و جیهانی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لێکەوتەوە، بەجۆرێک کە لە سەردەمی سەرۆککۆماری مەحموود ئەحمەدی نژاد کۆمەڵێک بڕیارنامە لەدژی ئێران دەرکران و گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ئێران و گرژییەکان لەگەڵ ئێران پەرەیان سەند. ئەوە لەکاتێکدابوو کە ئەمریکا لە دیوی ڕۆژهەڵاتی سنوورەکانی ئێران، واتە لە ئەفغانستان، هێزێکی سەربازیی زۆری جێگیر کردبوو، لە هەمانکاتیشدا لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی سەدامەوە، ئەمریکا وجوودێکی سەربازیی بەهێزی لە عێراقدا هەبوو. کۆی ئەو دۆخە بووە هۆی نزیکبوونەوەی ئێران و ئەلقاعیدە، سەرەڕای ئەوەی کێشەگەلێکی قووڵی هزری و خوێناوی لە نێوانیاندا هەبوو، بەو شێوەیەش ئێران پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەلقاعیدە دەستپێکرد، ئەوەش بۆ ڕێگری لە بەئەنجامگەیشتنی گەڵاڵەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەهێزتربوونی هەژموونی ئەمریکا بوو. تاران نیگەرانی ئەوە بوو ئەگەر ئەو نەزمەی ئەمریکا دەیەوێ سەربگرێ، مەترسی هەیە ئەمریکا هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئێرانیش، هەر بۆیەش ئێران هەم لە عێراق و هەم لە ئەفغانستان دەستیکرد بە پشتیوانی و یارمەتیدانی ئەلقاعیدەبەو شێوەیە شەڕێکی ، درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتەئاراوە کە بەبۆچوونی زۆر لە توێژەران ئەمریکا نەیتوانیوە براوە بێ تێیدا.

### ئامانجی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەلقاعیدە:

لەپاش هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و سەر بە بەرەی کۆنزەرڤاتیڤی نوێ، ئەو بەرەیەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کێشە و تێکهەڵچوونی قووڵیان لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە و لە ئاکامدا چوونە دەری ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1ی ڕاگەیاند، پاش دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە، جارێکی دیکە گەمارۆکانی سەر ئێران گەڕانەوە و بەو شێوەیەش خولێکی نوێی کێشە و قەیران کەوتە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتنەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە لەلایەک بڕیار بوو یەکێتی ئەورووپا سەربەخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندی دارایی و بازرگانی لەگەڵ ئێران بپارێزێ کە سەرکەوتوو نەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتیی ئەورووپا بەهۆی هەوڵ بۆ چەند کردەوەیەکی "تیرۆریستی" گوشاری خستووەتە سەر ئێران. هەر بۆیەش ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەلقاعیدە ئاشکرا کرد، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەم ئەمریکا و هەم ڕووسیا هەوڵ بۆ بەشداریی ئەلقاعیدە لە پرۆسەی سیاسی ئەفغانستان و داماڵینی چەک لەو ڕێکخراوە دەدات، بەڵام ئێران خەریکە بەر بەو ڕەوتە دەگرێت و بەباوەڕی توێژەران ئێران ناخوازێت پرۆسەی ئاشتەوایی لە ئەفغانستان سەربگرێت و بەتەمایە بەردەوام وەک کەرەستە ئەلقاعیدەیەکی چەکداری لاوازی لەگەڵدا بێت، تاوەکو بتوانێ لەدژی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا کەڵکی لێ وەربگرێ. بەباوەڕی شارەزایان ئێران بە دوو شێوە خەریکی بەکارهێنانی ئەلقاعیدەیە، لە ئاستی ناوچەیی لە گشت ناوچەکە و بە تایبەتی لە عێراق و ئەفغانستان پشتیوانی سەربازییان لێدەکات لەدژی هێزەکانی ئەمریکا، لە ئاستی جیهانیش بە پشتیوانیکردن لە ئەلقاعیدە و زەقکردنەوەی هێزی تیرۆریستی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئەورووپا لەلایەک و لەلایەکی دیکەش کەڵکوەرگرتن لەو ڕێکخراوە بۆ ترانزێتی مادەی هۆشبەر لە ئێرانەوە بۆ ئەورووپا بە تەمایە گوشار بخاتە سەر ئەورووپا تا بەو شێوەیە لە گوشارەکانی سەر ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران کەم بکاتەوە.

---

## ئەمریکا سێگۆشەی سنووریی عێراق، سووریا، ئوردن چۆڵ ناکات

# بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەمێننەوە

ڕووداو - هەولێر



حکومەتی ئەمریکا بیر لەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەک لە هێزەکانی لە بنکەی ئەلتەنف لە باشووری سووریا بهێڵێتەوە. ئەو بنکەیە کە دەکەوێتە سەر سێگۆشەی سنووریی ئوردن- عێراق- سووریا، سەرەتا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و دواتر بۆ جڵەوکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران بەکارهات.

بنکەی ئەلتەنف بە لەمپەرێک لە بەردەم هیلال یان ڕێڕەوی شیعیی ئێران لەقەڵەم دەدرێ. فەرماندەیەکی پێشووی ئەمریکا بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی ڕاگەیاند :"ئەلتەنف بەشێکی سەرەکییە لە هەوڵەکان بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەرێ ئێران هێڵی پەیوەندی لە عێراقەوە بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ باشووری لوبنان بۆ یارمەتیدانی حیزبوڵڵا دروست بکات". لە کاتێکدا ئیسرائیل یەکێکە لەو وڵاتانەی بە پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا نیگەرانە.

بەپێی پلانی یەکەمی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، سەربازان و ڕاوێژکارانی بنکەی ئەلتەنف دوایین گرووپی ئەمریکی دەبن کە سووریا جێبهێڵن. زۆرینەی سەرباز و ستافی ئەمریکی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگیرکراون و لەوێ هاوبەشی هێزەکانی سووریای دیموکراتن. بنکەی ئەلتەنف زیاتر لە 200 ستافی سەربازیی ئەمریکای لێیە و ئەرکی سەرەکییان مەشق و ڕاهێنان بە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنە لەو ناوچەیە.

بەرپرسانی سەربازی و ئیداریی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن بە گۆڤارە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە بایەخی ستراتیژیی ئەو ناوچەیە وایکردووە بیر لە پلانێک بۆ هێشتنەوەی هەندێک لە هێزەکانیان لەو ناوچەیە بکەنەوە. یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردووە ئەمریکییەکان بیر لەو پلانە بکەنەوە ئەو بازنە ئەمنی و بەرگرییەیە کە بە دەوری هێزەکانی ئەمریکادا کێشراوە. ئەمریکییەکان لەو ناوچەیە بە درێژایی 55 کیلۆمەتر ناوچەیەکی ئەمنییان دروستکردووە کە تێیدا مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەیە.

بەڵام مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەلتەنف بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران کێشەی یاساییش بۆ ئیدارەی ئەمریکی دروست دەکات. ژمارەیەک شارەزای سەربازی بە (فۆرین پۆڵسی)یان ڕاگەیاندووە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ناتوانێ بە ئاسانی بڕیاری 2001 بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی هێزە دەوڵەتییەکان بەکاربهێنێ، چونکە بڕیارەکەی 2001 بۆ بەکارهێنانی هێز لە دژی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکانە، بۆیەش مانەوەی هێز لە سووریا ناتوانێ بۆ هیچ بیانوویەک جگە لە شەڕی دژی داعش بەکاربێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەی ئاشکرا کردووە "تاکە ئامانجی لۆژیکی بۆ بنکەی ئەلتەنف دەکرێ ئەوە بێ کە ئەو بنکەیە ڕێگە بە ئەمریکا دەدات چاودێری جووڵەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران بکات". سەرچاوەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "ئەگەر ڕاستیتان دەوێ دەبێ ئەرکێکی سەربازی دیکە (بۆ ئەو بنکەیە) دروست بکەین".

ترەمپ لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوو، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریای ڕاگەیاند، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە شەڕی داعش لە سووریا تەواو بووە. بڕیارەکەی ترەمپ دوای گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، بوو. ئەردۆغان بەڵێنی بە ترەمپ دابوو وڵاتەکەی شەڕی پاشماوەکانی داعش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بگرێتە ئەستۆ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی) گفتوگۆکان لەبارەی بنکەی ئەلتەنف بەردەوامن، بەڵام هەر بڕیارێکیش دەربچێ دەبێ سەرۆکی ئەمریکا پەسندی بکات. ترەمپ لە چەند هەفتەی ڕابردوودا قایلبووە بەوەی ماوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا درێژ بکاتەوە، بەو حاڵەشەوە بەرپرسێکی حکومەتی ئەمریکا دەڵێ "ئایا سەرۆک ئەم پلانە قەبووڵ دەکات؟ هەموو لێدوانەکانی پێچەوانەی ئەوە دەڵێن".

گوتەبێژی پێنتاگۆن ئامادە نەبووە وردەکاریی کشانەوەی هێزەکان و پلانی مانەوە یان جێهێشتنی هێزەکان بخاتەڕوو، تەنیا ئەوەندەی خستووەتەڕوو "ئێستا فۆکەسمان لەسەر کشانەوەیەکی بەبەرنامە و هاوئاهەنگە لە سووریا. بەڵام بەهۆی لایەنی ئەمنییەوە نامانەوێ باسی خشتەی زەمەنی و جموجۆڵی تایبەتی هێزەکانمان بکەین".



# یۆگا.. رێگەیەکی باش بۆ لەنێوبردنی چەندین نەخۆشی

ئاراس براڵۆستی
رووداو- هەولێر

خەڵکێکی زۆر لە کوردستان روویان لە یۆگا کردووە، هەمووان باسی سوودە دەروونی و تەندروستییەکانی دەکەن، بۆ بەدواداچوونێکی مەیدانی و زانستی، لە شەوێکی ساردی زستاندا بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتم.

زستانێکی سەخت و دژوارە و کەشوهەوا تا رادەی بەستن ساردە، لە زستاناندا زووتر لە شارەکانی دیکە بەفر دادەبارێتە سەر شارەکە. لە سلێمانی سەنتەرێکی یۆگا، زستانی ساردی گەرمکردووەتەوە، لەڕاستیدا ئەوانەی یۆگا دەکەن هێندە رۆدەچنە نێو ناخی خۆیان، ئاگایان لە سەرما و دنیای دەوروبەریان نامێنێ.

لە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەیەکی یەکێک لە گەڕەکە نوێیەکانی شاری سلێمانی سەنتەرێکی یۆگام دۆزییەوە، مامۆستا هیوا و یۆگاڤانانی دیکە بە گەرمییەکی زۆرەوە پێشوازییان کردم.

هەموو بەشداربووان هیوایەکی زۆریان بە مامۆستا هیوا هەیە، ئەم مامۆستا و راهێنەرە لە سەنتەرێکی بچووکدا هیوایەکی گەورەی بە بەشداربووانی یۆگا بەخشیوە.

لە هیوام پرسی یۆگا چییە؟ ئەو لە وەڵامدا گوتی: "یۆگا وەرزش نییە، ئایین نییە و هونەر نییە، بەڵکو رێگەیەکی جیاواز و سەربەخۆیە بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بە ناخی خۆیەوە".

تەمەن رێگر نەبووە لە بەردەمی خاتوونێکی رووخۆش کە رۆژانە بە قژی سپیی بەفرینەوە بەرگی سپی یۆگا بپۆشێت، ئەو پێیگوتم کە یۆگا ژیانی گۆڕیوە.

> یۆگا ژیانی گۆڕیم
> ئافرەتێکی بە تەمەن

لە تەنیشتی ئەوەوە پیاوێکم بینی، تەمەنی بەهائەددین 65 ساڵی تێپەڕاندووە، دەڵێت لە هەشتاکانەوە یۆگا دەکەم، پێستی گەنجی ئەو پیاوە سەرنجی راکێشام، ئەو کواڵیتی و گەشییەی لە پێستی ئەودا تێبینیم کرد، بۆ کەسێک لەو تەمەنەدا نامۆیە، بەهائەددین پێیگوتم لە گەنجییەوە وەرزش دەکەم، زیاتر لە 35 ساڵیشە لە یۆگا دوورنەکەوتوومەتەوە.

گەنجانیش روو لە یۆگا دەکەن، سوودەکانی بۆ ئەوان چەند هێندەن. جووڵە تایبەتەکانی یۆگا جگە لە سوودە دەروونی و رۆحییەکانی، بۆ جەستەشیان بەسوودە.

لە هەولێریش خانمێکی گەنج بە پەیژەکانی هۆڵێکی وەرزشیدا سەردەکەوت، کەلوپەلەکانی دانان و دەستیکرد بە خۆگەرمکردن بۆ دەستکردن بە وەرزشی لەشجوانی.

سەرەتا ماوەیەک وەرزشی پاسکیلی وەستاوی کرد، پاشان راهێنانەکانی لەشجوانی.

یەکە یەکەی راهێنانەکانی ئەو رۆژەی کردن، شەنگە لەگەڵ وەرزشی لەشجوانی، بەشێوەیەکی رێکوپێک و بە بەرنامە یۆگاش دەکات "یۆگا نەرمییەکی زۆری بە جەستەم بەخشیوە، دەروونم پاک دەکاتەوە و سترێسم ناهێڵێت". ئەمە قسەی شەنگەیە.

هەمووان بەیەکەوە هاتنە سەرەوە، دەیانویست ژەمی ئەمڕۆی یۆگا رۆح و دەروونیان پاک بکاتەوە.

کچێک سەرپەرشتی دەکردن کە راهێنەر و مامۆستای یۆگا بوو، هەلبین دهۆکییە و لەشاری میونشنی ئەڵمانیا خوێندوویەتی.

هەمووان لەسەر پێ وەستان، چاوەڕوانی فەرمانی هەلبینن بۆ ئەوەی دەستپێبکەن، روخساری هەمووان دەریدەخست کە تینووی شتێکن، تینوێتییەک کە مەتەڵێکە و رەنگە هەلبین بتوانێت هەڵیبێنێت.



سەرنجم دایە مۆم و گوڵەکان، پێش دەستپێکردنی راهێنانەکان مۆمەکانیان داگیرساند، گوڵەکانیشیان لە تەنیشتیان دانا. لەکاتێکدا کە هەندێکیان خەریکی یۆگا بوون، لە نێو سەنتەرەکەدا هەندێکی دیکە مەلەیان دەکرد. هەندێکی دیکەش وەرزشی لەشجوانی و لەشرێکییان دەکرد.

هەلبین زەنگێکی بەکاردەهێنا بۆ گەڕاندنەوەی ئەندامانی تیمەکەی بۆ نێو ژیانی ئاسایی، دەنگی ئەو زەنگە لە گوێچکەی یۆگاڤاناندا هێندە کاریگەرە کە لە قووڵایی ناخیاندا بە چرکەیەک دەیانگەڕێنێتەوە نێو واقیعی ئەو ژیانەی لێی دوورکەوتبوونەوە.

بەبڕوای هەلبین غەزالی، گرنگترین شت لە یۆگادا فێری ببی هەناسەدانی دروستە، هەناسەدان ئۆکسجینێکی زیاتر دەنێرێتە نێو خانەکانی جەستە، ئەمەش مرۆڤ دەبوژێنێتەوە.

یۆگا جگە لە کاریگەرییە رۆحییەکانی، جوڵە و وەرزشێکی پڕسوودیشە، خاتوونێک پێیگوتم پێش ئەوەی ببێتە یۆگاڤان، کێشەی ئازاری پشتی هەبوو، بەڵام ئێستا مامۆستای یۆگایە و ئەو کێشەیەشی نەماوە.

> دەبێ ئەو گرێ دەروونییە بکرێتەوە کە لە دژی یۆگا هەیە
> راهێنەرێکی یۆگا

لە باشووری کوردستان چەند سەنتەرێکی یۆگا کراونەتەوە، ژمارەی بەشداربووانیش بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، هەلبین و هیوا پێیانگوتم ئەگەر راگەیاندن رۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێت، خەڵک دەتوانن سوودی زیاتر لە یۆگا وەربگرن "پێویستە ئەو گرێ دەروونییە بکەینەوە کە لە دژی یۆگا هەیە". هەلبین کە رۆژی دواتر دەگەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا داوای کرد (رووداو) سەردانی ئەو زانکۆیە بکات کە لە ئەڵمانیا ئەو تێیدا دەخوێنێت "بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن ئەڵمانییەکان چۆن روویان لە یۆگا کردووە".

# شەش رێگا بۆ دووربوون لە ئازاری ئەژنۆ

## "زیادبوونی یەک کیلۆگرام لە کێش، بە قورسایی چوار کیلۆگرام گوشار لەسەر جومگەی ئەژنۆ دادەنێ"

رووداو- هەولێر

ئەژنۆ، گەورەترین جومگەیە لە جەستەدا و هەندێکجار بە جومگەیەکی پێکەوەیی نێودەبرێ، چونکە ئێسکی ران لەلایەک و کلاوەی ئەژنۆ لەلایەکی دی، جومگەکەی دیکە لە هەمان جومگەدا پێکدێنن. کۆتایی ئەو ئێسکانەی لە ئەژنۆدا پێکدەگەن، بە کرکڕاگەیەکی لووس و نەرمتر لە ئێسک داپۆشراون. جووڵەی سەرەکیی لە ئەژنۆدا نوشتانەوە و رێکبوونەوەیە، بە مەودایەکی سنووردراویش رێگا بە سووڕان دەدات بۆ دەرەوە و ناوەوە. ئەژنۆ لەو جومگانەیە کە زۆرترین زەبری بەردەکەوێ و ئەگەر نەپارێزرێ تووشی زیانی درێژخایەن و تەنانەت هەمیشەییش دەبێ. لە پرۆسەی چوونە تەمەنیشدا تووشی سووان دەبێ. بەهۆی سروشتی جومگەکە کە زۆر بەکاردێ لە ژیانی رۆژانەدا و کێشی جەستەش هەڵدەگرێ.

جگە لە ئێسکەکان، ژێ و بەستەر لە ناو و چواردەوری جومگەکەدا هەن کە جێگیر و پتەوی دەکەن، ماسولکەش هەن کە هێزی جووڵان و قورسایی هەڵگرتنی پێدەدەن.

لەنێو جومگەکەدا شلەیەک هەیە کە هەم جۆرە چەورکردنێک دەدات بە کۆتایی ئێسکەکان بۆ ئاسان جووڵانیان، هەم کۆمەکی گەیشتنی خۆراک و ئۆکسجین بە کرکڕاگەی کۆتایی ئێسکەکان دەکات، چونکە کرکڕاگەکان بۆڕیی خوێنیان تێدا نییە، بەپێچەوانەی ئێسکەکانەوە.



### چەند رێگایەک بۆ دووربوون لە ئازاری ئەژنۆ

**1 کێشت دابەزێنە:**
زیادبوونی یەک کیلۆگرام کێشی جەستە، بە قورسایی چوار کیلۆگرام گوشار لەسەر جومگەی ئەژنۆ دادەنێ. زۆرکات پاش زیادبوونی تەنیا 2- 5 کیلۆگرام کێشی لەش، کەسەکە تووشی ئازاری ئەژنۆ دەبێ. ئەگەر کەسەکە بە وەرزش و رێکخستنی خۆراک ئەو کێشە زیادەیە دابەزێنێ، ئازارەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە.

**2 بزانە چۆن قادرمە بەکاردەهێنی:**
ئەوانەی کێشیان زۆرە، یان تەمەنیان سەرووی 40 ساڵە، باشترە بە لەسەرخۆیی بە قادرمەدا هاتوچۆ بکەن و سوود لە پەرژین (موحاجەرە)ی قەراخی قادرمەکان وەربگرن. رۆشتنی سەر قادرمە بە هەڵەشەیی و بێ پاڵپشتی پەرژینەکان لەو کەسانەدا، زیان بە ئەژنۆکان دەگەیێنێ.

**3 سوودوەرگرتن لە پەرژینی شەقامەکان:**
ئەو کەسانەی سووانی جومگەیان هەیە یان زەبر بەر ئەژنۆکانیان کەوتووە، باشترە سوود لە پەرژینی شەقامەکان وەربگرن بۆ کەمکردنەوەی قورسایی جەستە لەسەر جومگەی ئەژنۆیان.

**4 وەرزشی قورس بە جومگەکانت مەکە:**
وەرزشی قورس بۆ ئەو کەسانەی ئازاری ئەژنۆیان هەیە، سکوات و وەرزشە هاوشێوەکانی، وادەکەن ئەژنۆ بۆ مەودایەکی زۆر بنووشتێتەوە لە دۆخی هەڵگرتنی جەستەدا، ئەوەش گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر جومگەی ئەژنۆ. بۆیە باشترە تووشبووانی سووانی ئەژنۆ، ئەژنۆیان زۆرتر لە 90 پلە نەنووشتێننەوە.

**5 وەرزشەکانی بەهێزکردنی ران بکە:**
رانی بەهێز گوشاری سەر ئەژنۆکان کەمدەکاتەوە، بۆیە گرنگە وەرزشەکانی بەهێزکردنی ماسولکەکانی ران ببێتە نەریتی بەردەوامی ئەوانەی سووانی جومگە و حاڵەتە بە ئازارەکانی دیکەی ئەژنۆیان هەیە.

**6 مەوداکانی جووڵانی ئەژنۆت زیاد بکە:**
پلە بە پلە هەوڵ بدە مەودای جووڵەی ئەژنۆ زیاد بکەی، چونکە سنووردارێی جووڵەکانی جومگەکە، گوشاری سەر چەند بەشێکی زیاد دەکات و ئازارەکەت سەختتر دەکات.

# ئەو خاڵانەی دەبێ هەر خانمێک لەسەر ماکیاژ بیانزانێ

رووداو – هەولێر

ماکیاژ یان ئارایشت، هێندە تێکەڵاوی ژیانی زۆرینەی خانمانی کوردستانە کە بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی رۆژانەیان، بەڵام چەندین وردەکاری گرنگ هەن لەسەر ئارایشت کە پەیوەندییان بە تەندروستی خانمەکەوە هەیە و پشتگوێخراون.

دێسکی تەندروستی تۆڕی میدیایی رووداو بە راوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی پێست و جوانکاری لە کوردستان کۆمەڵێک رێنمایی گرنگی دارشتووە بۆ ئەوەی خانمان سوودی لێوەربگرن، ئەمانە گرنگترینیانن.

### جوانیی لە ناوەوە دەستپێدەکات:

پزیشکێکی پسپۆڕی پیست و جوانکاری بۆی نووسیوین: "ناواخنێکی ناتەندروست و نەخۆش ناتوانێت روخسارێکی جوان و درەوشاوە پێشانبدات". بۆیە هەمیشە سەرنجت لەسەر ئەمانە بێ و لە ژیانی رۆژانەتدا مسۆگەریان بکە، ئەوانیش: خواردنەوەی بڕی پێویستی ئاو، خۆراکی تەندروست، وەرزشی پێویست، خەوی قووڵ و ئارامیبەخش، دووربوون لە گوشاری دەروونی.

### خاوێنکردنەوەی پێست:

دوای هەموو ئارایشتێک دەبێت پێست بەتەواوی خاوێن بکرێتەوە، تاوەکو کونیلەکانی بکرێنەوە، بەم شێوەیە پێست توانای پرۆسە فیزیۆلۆژییە ئاساییەکانی لەدەست نادات و ناژاکێ. پێویستە هەموو شەوێک بەر لە نووستن پێستت بە باشی خاوێن بکەیتەوە و هیچ ئارایشتێکی پێوە نەهێڵی، ئەگەرنا نیشانەکانی پیربوونی پێست زوو دەردەکەون و گەنجێتی و درەوشاوەیی پێستت لەدەست دەدەی.

### شێدارکەرەوە:

بۆ پاراستنی ئاوداری و درەوشاوەیی پێست (وشک بێ یان چەور) پێویستی بە ماددەی شێدارکەرەوەیە، بەکارهێنانی شێدارکەرەوە پێویستی بە راوێژی پزیشک هەیە "ئەگەر جارێکیش بێت" بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبیت.

### دژەخۆر:

ئەو بەرهەمانەی ماکیاژ بەکاربهێنە کە رەگەزی دژەخۆریان تێدایە و رێگری لە هەردوو جۆرەکەی تیشکی سەروو وەنەوشەیی " UVA & UVB " دەکەن .

### هەموو رۆژێک ئارایشت مەکە:

گرنگە هەندێک رۆژت هەبن تێیاندا پێست پشوو بدات و هەڵگری ئەو هەموو ماددە کیمیاییە نەبێ، هەوڵدە هەفتانە پشوو بە پێستت بدەی، ئەو رۆژانەش کە ماکیاژ بەکاردەهێنی با تەنک و گونجاو بێت.

### فڵچەی ئارایشت خاوێن رابگرە:

لانیکەم مانگی یەکجار فڵچەکانی ئارایشت بە باشی و ماددەی خاوێنکەرەوە بشۆ، بۆ ئەوەی رێگە بە مانەوەی بەکتریا و خانەی مردووی بەجێماو نەدەی لەنێویدا.

### کەرەستەی ئارایشت ئاڵوگۆڕ مەکەن:

ئەمەشیان گرنگە، کەرەستەی ئارایشتی کەس بەکارمەهێنە و هی خۆت مەدە بە کەس، تاوەکو دووربی لە نەخۆشییە گوازراوەکان.



# پزیشکانی هۆڵەندا دەوڵەمەندترین



رووداو – هەولێر

بە گشتی مووچەی پزیشک لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەپێی ئامارێک لە نێو 10 وڵاتی پێشکەوتوو لە بواری پزیشکیدا، پزیشکانی پسپۆڕ لە ئوستراليا ساڵانە زۆرترین مووچە وەردەگرن، بەڵام لە ئەمریکا پزیشکی گشتی زۆرترین مووچە وەردەگرن بە بەراورد لەگەڵ پزیشکانی گشتی نۆ وڵاتەکەی دیکە. مووچەی ساڵانەی پزیشکانی گشتی و پسپۆڕ لەو 10 وڵاتە بەو شێوەیەی خوارەوەیە.

| وڵات | پزیشکی پسپۆڕ | پزیشکی گشتی |
|---|---|---|
| هۆڵەندا | 253 | 117 |
| ئەمریکا | 230 | 161 |
| کەنەدا | 161 | 107 |
| فەرەنسا | 146 | 92 |
| ئوستراليا | 247 | 91 |
| بەلجیکا | 188 | 61 |
| بەریتانیا | 150 | 118 |
| ئێرلەندا | 143 | 90 |

هەزار دۆلار

# یەپەگە:
# لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ دیمەشق دەست بە دانوستاندن دەکەین

**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی باڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەبارەی چارەنووسی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەگەڵ حکومەتی دیمەشق دەست بە گفتوگۆ دەکەن، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر نەخشەڕێیەکەی کورد ئەرێنی بووە.

سیپان حەمۆ، فەرماندەی یەپەگە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند: "هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دانوستاندنەکان دەستپێبکەن. هەڵوێستی حکومەتی سووریا (بەرامبەر پێشنیازنامەی کورد) ئەرێنی بووە و بڕوامان وایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە گفتوگۆ دەکەین".

ئەگەری دیالۆگی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی سووریا لە دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەهێزتر بووە، ئەگەر حکومەتی سووریا و کورد ڕێکبکەون، ئەوە دوو گەورەترین پارچەی خاکی سووریا یەکدەگرنەوە. حەمۆ بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاند، بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا زۆر پەلەی پێوە دیار بوو، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە هێشتا شەڕی دژی داعش تەواو نەبووە.

هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چاویان لەوەیە ڕووسیا نێوانگیری ئەوان و ڕژێمی سووریا بکات و ڕێگەش لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بگرێ. هەفتەی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، لە مۆسکۆ کۆبوونەوە.

لە دوای کۆبوونەوەکە پوتین پشتگیری لە دیالۆگی نێوان کورد و دیمەشق کرد و گوتی "ئەم دیالۆگە کۆمەڵگای سووریا بەهێزتر دەکات و ئاشتەوایی نیشتمانی دەهێنێتە ئاراوە. ئەم گفتوگۆیانە نەک هەر بۆ سووریا، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی دراوسێی سووریاش باشن".

تورکیا دەیەوێ لە بەشێک لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆنی ئارام دروستبکات، لە دوای کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەی لەگەڵ پوتین، ئەردۆغان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەسەر ناوچەی ئارام هیچ ناکۆکییەک لە نێوان دوو وڵاتەکەدا نییە، هەرچەند هەفتەی پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا جەختی لەوە کردبووەوە کە "باشترین چارەسەر گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا".

بەرپرسانی پەیەدە لەگەڵ بیرۆکەی ناوچە یان زۆنی ئارامدا کێشەیان نییە، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناوچەکە دەبێ لەژێر چاودێریی لایەنێکی نێودەوڵەتیدا بێ، لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان. یەپەگە بە توندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە تورکیا چاودێر و پارێزەری ناوچە ئارامەکە بێ. سیپان حەمۆ لەوبارەوە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاند: "ئێمە دەمانەوێ وەک دراوسێ پەیوەندی باشمان هەبێ، بەڵام تورکیا ئەوەی قەبووڵ نییە. ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر ناوچەکەمان، ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە".

ئارۆن ستاین، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی سیاسەتی دەرەوە، پێیوایە پاش بڕیارەکەی ساڵی ڕابردووی ترەمپ، تورکیا هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا هاوسەنگ بکات و هاوکاتیش گوشارەکانی لەسەر ڕژێمی ئەسەد بەردەوام بن، تاوەکو چاویان بەسەر یەپەگەوە بێ. هەوڵە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئەمدواییەی تورکیا لە نزیک مەنبجیش هەر بۆ ئەمە بووە.

ستاین لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: "تورکیا دەیەوێ گەرەنتی ئەوە بکات ئەگەر هێزەکانی حکومەتی سووریا گەڕانەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەوە ئەنقەرە بتوانێ پشت بەوان ببەستێ بۆ ئەوەی هەڵکوتنە سەر کورد".

هەفتەی ڕابردوو، پوتین لە پرێس کۆنفرانسەکەی خۆی و ئەردۆغاندا ئاماژەی بۆ "ڕێککەوتنی ئەدەنە" کرد و ڕایگەیاند کە ئەو ڕێککەوتنەکە تاوەکو ئێستاش دەکرێ کاری پێبکرێ و ئاسایشی سنوورەکانی تورکیای پێ گەرەنتی بکرێ. ڕێککەوتنی ئەدەنە لە ساڵی 1998 لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرە واژۆ کراوە کە تێیدا حکومەتی سووریا پابەندە بە پێنج خاڵەوە، هەمووشیان پەیوەندییان بە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە هەیە. حکومەتی تورکیا یەپەگە و پەیەدە بە باڵی سەربازی و سیاسی پەکەکە لە سووریا دەزانێ.

ئەوەی ئاشکرایە، ڕووسیا وەکو هەموو لایەنەکانی دیکە، لەسەر زیاتر لە هێڵێک هەوڵی چارەسەری دۆخەکە دەدات، واتە لەلایەکەوە هەوڵی ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان بەشار ئەسەد و کورد دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە بەنیازی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەمنییەکەی 1998 ـە. ئەوەی دیار نییە ئەوەیە ڕووسیا چۆن دەتوانێ لە نێوان ئەو پلانەدا باڵانس دروست بکات.

ئارۆن ستاین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسیا هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێکدادانی کورد و تورکیا بگرێ، ئامانجی ئەو هەوڵەش ئەوەیە هێزەکانی بەشار ئەسەد،



یەپەگە دەڵێت هەڵوێستی ڕژێمی سووریا بەرامبەر یاداشتەکەیان ئەرێنی بووە (فۆتۆ: AFP)

## بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئێران

# وڵاتانی کەنداو بیر لە ئاوەدانکردنەوەی سووریا دەکەنەوە

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو کۆڕبەندێکی تایبەت بە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ سووریا بەڕێوەچوو، کۆڕبەندەکە بە سەرپەرشتی محەممەد حەمشۆ، بازرگانی سووریی نزیک لە ڕژێم و فیدراسیۆنی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی ئیمارات لە ئەبوزەبی سازدرا. کۆڕبەندەکە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەوڵی نزیکبوونەوەی ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو لە حکومەتی دیمەشق. هاوکات یەکێتیی ئەورووپا ژمارەیەک سزایان بەسەر 11 بازرگان و وەبەرهێنەری سووریدا سەپاند کە گومان دەکرێ حکومەتی سووریا وەکو باڵیۆزی بازرگانی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی کەڵکیان لێوەربگرێ.

کۆتایی ساڵی ڕابردوو، ئیماراتی عەرەبی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە دیمەشق کردەوە، ئەوەش وەک یەکەم هەوڵی فەرمی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیمارات و سووریا و ڕێگرتن لە دەستتێوەردانی ناوچەیی لە "کاروباری سووریای عەرەبی" کە شارەزایان پێیانوایە ئەو لێدوانە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئێران.

ئێران لە هەشت ساڵی ڕابردوودا هاوپەیمانێکی سەرەکیی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا بووە، هاوکارییە سەربازی و داراییەکانی تارانیش فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی هەوڵی وڵاتانی کەنداو و تورکیا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد سەرنەگرێ، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ لە قۆناغی دوای شەڕی نێوخۆدا ئێران لە پاڵ ڕووسیا پشکی شێری لە دەسەڵات و نفووز لە سووریا بەربکەوێ.

ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا و توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە وڵاتانی کەنداو هیواخوازن بە تێپەڕینی کات هەوڵە دارایی و دیپلۆماسییەکانیان لە نفوزی ئێران لە سووریا کەمبکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (خەلیج تایمز)ی ئیماراتی، لە کۆڕبەندەکەدا باسی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی بازرگانی، ژێرخان، کشتوکاڵ، گەشتیاری، لۆجیستیک و وزە کراوە. محەممەد سانی مورشید ئەلرومەیسی، سەرۆکی فیدراسیۆنی ژوورە بازرگانییەکانی ئیماراتیش باسی "بایەخی ستراتیژی"ی دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ حکومەتی ئەسەد کردووە.

سوعاد جەبراوی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی (مێرسی کۆرپس)، دەڵێت خاڵێک کە ڕوون نییە ئەوەیە ئاخۆ "ئەو هاوکارییە داراییانە لە چوارچێوەی چارەسەرێکی سیاسیدا پێشکەش بە سووریا دەکرێن یان نا"، هەرچەند بەشدارییەکانی ئێستایان زیاتر دەلالەتێکی جیۆپۆلیتیکی تێدایە و بۆ کۆنترۆڵکردنی نفوزی ئێرانە لە سووریا.

محەممەد حەمشۆ لە ساڵی 2011 وە لەژێر سزاکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکادایە، حکومەتی واشنتن حەمشۆ بەوە تۆمەتبار دەکات کە کار بۆ حکومەتی سووریا دەکات. هەفتەی ڕابردووش یەکێتیی ئەورووپا ناوی 11 بازرگانی دیکەی بڵاوکردەوە کە دەکەونە لیستی سزاکانی یەکێتییەکە. سزاکان قەدەغەی گەشت، سڕکردنی سامان و قەدەغەی کاری بازرگانی لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەخۆدەگرێ. یەکێتی ئەورووپا لە ساڵی 2011 وە سزای بەسەر 270 کەس و 72 لایەن و دامەزراوەی سووریدا سەپاندووە.

دیپلۆماتێکی ئەورووپی بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "ئەم بازرگانانە بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێم قازانجێکی زۆر دەکەن، لە بەرامبەریشدا پارەیەکی زۆر بۆ ڕژێم دەگەڕێننەوە. هیوادارین ئەو سزایانە پەیامێک بێ بۆ هەموو ئەوانەش کە بیر لەوە دەکەنەوە لە داهاتوودا دەست لەگەڵ حکومەت تێکەڵ بکەن".

حکومەتی سووریا لە چەند مانگی ڕابردوودا هانی دیپلۆماتە ئەورووپییەکانیشی داوە دەست بە کارەکانی خۆیان لە سووریا بکەنەوە. سێ دیپلۆماتی ئەورووپی، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناویان، بە ڕۆژنامەکەیان گوتووە کە ژمارەیەک لە هاوکارەکانیان بە بەردەوامی لە نێوان بەیروت و دیمەشق لە هاتوچۆدان، هەرچەند پێشتر بەردەوام ڤیزاکانیان ڕەتدەکرایەوە. بەشێکی زۆر لە دیپلۆماتە ئەورووپییەکان لە چوارچێوەی هاریکارییە مرۆییەکاندا سەردانی سووریا دەکەن. هەفتەی ڕابردوو حکومەتی سووریا ڕایگەیاند کە ڤیزای دیپلۆماتە ئەورووپییەکان بۆ ماوەیەکی نادیار سڕ دەکات، ئەمەش وەکو وەڵامێک بۆ ئەو سزایانەی یەکێتیی ئەورووپا بەسەر بازرگانە سوورییەکانیدا سەپاندووە.

ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا ڕایانگەیاندووە کە ئامادەنین لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی سووریادا بەشدار بن، ئەگەر حکومەتی دیمەشق پرۆسەیەکی چارەسەری سیاسی لە سووریا ڕانەگەیەنێ کە چوارچێوە گشتییەکەی لە دانوستاندنەکانی جنێڤدا دادەنرێ. بەگوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان، ئیدارەی ئەمریکا داوای لە وڵاتانی کەنداو کردووە یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم نەدەن، عەلی ئەحمەد، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری پەیمانگای کاروباری کەنداو لە ئەمریکا، پێیوایە ئەو داوایەی ئەمریکا دەستی کەنداوییەکان دەبەستێتەوە.

سامر فۆز، بازرگانی بەناوبانگی سووری، یەکێکە لەو کەسانەی ناوی لە لیستی سزاکانی ئەمجارەی یەکێتیی ئەورووپادایە. فۆز، تەمەن 45 ساڵ، یەکێکە لەو بازرگانانەی کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە وەبەرهێنەری بیانی قایل بکات پارەی خۆیان بخەنە ناو بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی سووریاوە.

بازرگانە سوورییەکە پلانی هەیە باڵەخانەی بەرز لە ناوچەیەکی نزیک دیمەشق دروست بکات. ڕێکخراوە مرۆییەکان حکومەتی سووریا و سامر فۆز بەوە تۆمەتبار دەکەن کە زەوییەکانی ئەو ناوچەیە لەسەر ناوی ئەندامانی گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن



وڵاتانی کەنداو دەیانەوێ لەرێی ئاوەدانکردنەوەوە شکستی سیاسییان لە سووریا قەرەبوو بکەنەوە

# داڤۆسی ئەمساڵ بۆ چین بوو

> لە هیچ کۆڕبەندێکی داڤۆسدا هێندەی ئەمساڵ بە نەرێنی باسی کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکانی وەکو فەیسبووک و گووگڵ نەکراوە

**رووداو- هەولێر**

کۆڕبەندی ئەمساڵی ئابووریی جیهان لە داڤۆس بەبێ بەشداری حکومەتی ئەمریکا بەڕێوەچوو، ئەمەش لە لایەکەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە قۆناغێکی قەیراناویدا تێدەپەڕێ، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەوەی چین بە ئاسانی دەتوانێ دەست بەسەر کۆڕبەندە پێنج ڕۆژییەکەدا بگرێ کە وەک کۆڕبەندی سەرمایەدارە جیهانگەراکان ناوی دەرکردووە.

## چین سەرکردەی نوێی بەجیهانیبوونە

بەجیهانیبوونی ژمارە چوار (Globalization 4.0) دروشمی سەرەکیی کۆڕبەندی داڤۆسی ئەمساڵ بوو. هەڵبژاردنی ئەو دروشمە لە کاتێکدایە کە جیهان هێشتاش بە تەواوەتی لە قەیرانە داراییەکەی 2008 هەڵنەستاوەتەوە، ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان خۆیان بە دۆڕاوی بە جیهانیبوون دەزانن و بزووتنەوە پۆپۆلیستەکانیش هەڕەشە لە بنەما هەرە جەوهەرییەکانی بەجیهانیبوون دەکەن.

کلاوس شڤاب، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆڕبەندەکە، لە وتارێکی مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوویدا بۆ ڕوونکردنەوەی دروشمی کۆڕبەندەکە ڕایگەیاند کە پۆپۆلیستەکانی ڕۆژئاوا دوو چەمکیان تێکەڵکردووە: بەجیهانیبوون (گلۆباڵیزەیشن) و جیهانگەرایی (گلۆباڵیزم).

بە بۆچوونی شڤاب: "بە جیهانیبوون دیاردەیەکە کە تەکنەلۆژیا و ئازادیی جووڵەی بیرۆکە و خەڵک و کاڵا ئاراستەی دەکات، لە کاتێکدا جیهانگەرایی ئایدیۆلۆژیایەکە تێیدا لەبری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ئەولەوییەت بە نەزمی نیولیبراڵی جیهانی دەدرێ". بۆیەش، هەرچەندە کە بەجیهانیبوون دیاردەی زاڵی ئێستای جیهانە، بەڵام مەرج نییە "هەموو سیاسەتەکانی وڵاتەکانمان جیهانگەرایانە بێ"، واتە بەپێی ئەو بەهایانە بێ کە وڵاتە دیموکراتەکان بەرگرییان لێدەکەن.




چین هەوڵ دەدات ببێتە سەرکردەی نوێی بەجیهانیبوون

فانگ شینگهای، جێگری سەرۆکی دەزگای ڕێکخەری دامەزراوە ئەمنییەکانی چین، لە پانێڵێکی داڤۆسدا لەژێر ناونیشانی "شکستی نەزمی جیهانی" جەختی لەوە کردەوە کە "دیموکراسی ڕۆژئاوایی بە باشی کاری خۆی ناکات، بۆیەش ئێوە (واتە وڵاتانی ڕۆژئاوایی)

# ـت

سەرۆککۆماری سووریا، بتوانن دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی سووریادا بگرنەوە، لەوانەش باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، ئۆپەراسیۆن و هەڕەشەکانی تورکیاش دەرفەتی ئەوەی بۆ رووسیا رەخساندووە کە داوای "قەبووڵکردنی گەڕانەوەی هێزەکانی سووریا" لە کورد بکات، ئەوەش لە بەرامبەر رێگری لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکە.

فەرماندەی گشتیی یەپەگە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە جەیمز جێفری، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، لە دوایین دیداری لەگەڵ بەرپرسانی کوردی رۆژئاڤا باسی رازیکردنی تورکیا و پاراستنی باکووری سووریای کردووە.

بەمدواییە دەسەڵاتی رۆژئاڤای کوردستان نەخشەڕێی رێککەوتنێکیان لەگەڵ رژێمی سووریا پێشکەش بە مۆسکۆ کردووە، بە گوتەی حەمۆ لەو کاتەوە هیچ گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لە نێوان دیمەشق و کورددا بەڕێوەنەچووە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە رژێم پرۆپۆزاڵەکەی ئەوانی بەدەست گەیشتووە، کە تێیدا داوای مافی خۆبەڕێوەبەری و مافی کەمینەکان دەکرێ.

هەتا ئێستاش هێزە ئەمریکییەکان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە و هەسەدەدا ماون، سیپان حەمۆش پێیوایە جێبەجێکردنی پلانەکەی ترەمپ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیمکانی جێبەجێکردنی نییە، هۆشداریشی دا کە هەرچەندە "داعش (وەکو رێکخراو) بەرەو نەمان دەچێ، بەڵام شانەی نوستوویان زۆرە و شەڕی داعش لەم ناوچەیە دوور و درێژ دەبێ".

# ـەنەوە

لادراون. پرۆژە بیناسازییەکە ناوی شاری مارۆتە و یەکێتیی ئەوروپا بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە سزای بۆ فۆز و ژمارەیەک بازرگانی دیکەی سووری دیاریکردووە.

بەساتین ئەلڕازی ئەو شوێنەیە کە پرۆژەکەی لێ جێبەجێ دەکرێ، تا ساڵی 2011 ناوچەیەکی هەژارنشینی دیمەشق بوو، لە کاتی خۆپیشاندانەکانیش بە ناوچەیەکی بەهێزی نەیارانی رژێم دادەنرا. پرۆژەکە بەپێی یاسای ژمارە 66 جێبەجێ دەکرێ.

یاسای ژمارە 66 لە ئەیلولی 2012 وە دەرچووە و لە کانوونی دووەمی 2018 فراوانتر کراوە. یاساکە رێگە بە حکومەت دەدات دیزاینێکی نوێ بۆ ئەو ناوچانە دابنێ کە خەڵک بێ مۆڵەت خانوویان تێدا دروستکردوون.

لایەنگرانی حکومەت دەڵێن ئەو پرۆژانەی لە چوارچێوەی یاسای 66دا جێبەجێ دەکرێن بۆ رێکخستنەوەی ئەو ناوچانەیە کە بەهۆی کۆچی هەڕەمەکیی گوندنشینەکانەوە خانووبەرەی نایاسایی تێدا دروستکراوە، بەڵام رەخنەگران پێیانوایە حکومەت وەکو میکانیزمێک بۆ رێگری لە گەڕانەوەی خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بەکاریدەهێنێ و کاریگەری دیموگرافی گەورە لەسەر دیمەشق و ناوچەکانی دەوروبەری دادەنێ.



## ڤڵاتێک و دوو سەرۆک

# ڤەنزوێلا.. مەیدانێکی تازەی ململانێی ئەمریکا و رووسیا

**رووداو- هەولێر**

رۆژی چوارشەممەی رابردوو خوان گوایدۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڤەنزوێلا، خۆی وەکو سەرۆککۆماری کاتیی وڵاتەکەی راگەیاند، حکومەت و سوپای ڤەنزوێلا لە بەرامبەردا گوایدۆیان بە هەوڵی کودێتا تۆمەتبار کردووە. هەنگاوەکەی گوایدۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دۆخی سەردەمی جەنگی ساردی زیندوو کردووەتەوە، لە کاتێکدا ئەمریکا پشتگیری لە هەوڵەکەی گوایدۆ دەکات رووسیاش داوایکردووە ئەمریکا دەست لە دۆخەکە وەرنەدات.

گوایدۆ لە مەیدانێک لە رۆژهەڵاتی کاراکاس، پایتەختی ڤەنزوێلا، دەستووری وڵاتەکەی بەرزکردەوە و بە دەستەکەی دیکەشی ئاڵای ڤەنزوێلای گرتبوو، کاتێک لە ناو هۆتاف کێشانی خەڵکدا رایگەیاند :"من سوێند دەخۆم هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار وەربگرم و کۆتایی بەم قۆرغکردنەی دەسەڵات بهێنم". نیکۆلاس مادورۆ، سەرۆککۆماری ڤەنزوێلا، لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە دەسەڵاتی قۆرغکردووە.

لە دوای رۆژی چوارشەممەوە ڤەنزوێلا بەرەو قۆناغێکی سیاسی نادیار هەنگاو دەنێ کە تێیدا حکومەتی ئۆپۆزیسیۆن هاوتەریب لەگەڵ حکومەتەکەی مادورۆ بڕیار دەردەکات، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر دامەزراوە حکومی و سەربازییەکانەوە هەبێ. رۆژی پێنجشەممە وەزارەتی بەرگری و فەرماندەکانی سوپا پشتگیری خۆیان بۆ مادورۆ دەربڕی و هەوڵەکەی گوایدۆیان بە "پێکەنیناوی" لەقەڵەم دا.

ناکۆکیی هێزە نێودەوڵەتییەکانیش هێندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەمریکا، کەنەدا، ئەرجەنتین، بەرازیل، چیلی، کۆلۆمبیا، کۆستاریکا، پاراگوای، پێرو، ئیکوادۆر، گواتیمالا و ئیسپانیا، گوایدۆ بە سەرۆکی کاتیی ڤەنزوێلا دەزانن، بەڵام ئێران، رووسیا، چین، تورکیا، سووریا، مەکسیک، کوبا و بۆلیڤیا پشتیوانی لە مادورۆ دەکەن و دژی دەستتێوەردانی دەرەکین.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری لە هەوڵەکەی گوایدۆ و پلانی هەڵبژاردنی پێشوەخت کرد. نیکۆلاس مادورۆ 72 کاژێر کاتی بە دیپلۆماتە ئەمریکییەکان دا وڵاتەکەی جێبهێڵن، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاندووە ئامادە نییە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە کاراکاس دابخات، بەڵام بەرپرسانی باڵای ئیدارەی ئەمریکی بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکایان لە ڤەنزوێلا جێهێشتووە و تەنیا چەند کەسێک ماون.

بەرپرسانی رووسیا کە هاوپەیمانی ڤەنزوێلایە، حکومەتی ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە نیازی "گۆڕینی رژێم" لە کاراکاس بێ، هۆشداریشیان داوە هەوڵی لەو جۆرە "ئاکامی کارەساتباری دەبێ". دیمیتری پێسکۆڤ، گوتەبێژی سەرۆکایەتی رووسیا، رایگەیاندووە "هەر چەشنە دەستتێوەردانێکی دەرەکی مەترسیدارە و دژی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە".

لە مانگی کانوونی یەکەمی پارساڵ، رووسیا ژمارەیەک فڕۆکەی سەربازی پێشکەش بە حکومەتی ڤەنزوێلا کرد، جیا لەمەش لە چەند ساڵی رابردوودا 10 ملیار دۆلاری وەک قەرز و هاریکاری دارایی بە حکومەتەکەی مادورۆ داوە کە لە بەرامبەردا کۆمپانیای روسنێفت پشکی لە کەرتی وزەی ڤەنزوێلادا دەبێ.

ڤەنزوێلا یەکێک لە گەورەترین هاوردەکارانی چەکی رووسیە لە ئەمریکای باشوور. بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (تاس)ی رووسی، حکومەتی کاراکاس لە نێوان ساڵانی 2005 بۆ 2013 و لە چوارچێوەی 30 گرێبەستدا بە بڕی 11 ملیار دۆلار چەکی لە رووسیا کڕیوە.

گوایدۆ کێیە؟

مادورۆ لە گوتارەکەی رۆژی چوارشەممەیدا بۆ وەڵامدانەوەی گوایدۆ رایگەیاند :"هەنگاوەکەی گوایدۆ نمایشێکە". ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی "کۆمەڵێک منداڵ" دەستیان بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا گرتووە، لە کاتێکدا "خەڵک دەپرسن ئەم گوایدۆیە کێیە".

خوان گوایدۆی تەمەن 35 ساڵ، لە سەرەتای ئەمساڵەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڤەنزوێلایە کە بەدەست ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنەوەیە و لە ئاداری 2017ەوە لەلایەن دادگای باڵای ڤەنزوێلاوە هەموو دەسەڵاتەکانی لێسەندراوەتەوە.

گوایدۆ کە ئەندازیارە، سەرۆکی پارتی ئیرادەی گەلە کە لە ساڵی 2009ەوە دامەزراوە و لە ساڵی 2014 خۆپیشاندانێکی گەورەی لەدژی حکومەت رێکخست. بەشی زۆری سەرکردەکانی ئەو پارتە، لەوانەش لیۆپۆلدۆ لۆپێزی دامەزرێنەر، لە چەند ساڵی رابردوودا دەستگیرکراون، هەر ئەمەش رێگەی بۆ هەڵکشانی ئەستێرەی بەختی گوایدۆ خۆشکرد، هەر ئەمەش وایکرد لە رۆژی پێنجی کانوونی دووەمی ئەمساڵ بە سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتەکەی هەڵبژێردرێ. پێنج رۆژ دواتر مادورۆ گەڕی دووەمی سەرۆکایەتیی خۆی دەستپێکرد.

لە رۆژی 11ی کانوونی یەکەم، سەرۆکی پەرلەمان هەنگاوێکی نا کە رەخنەگرە هەرە توندەکانی مادورۆش بە کارێکی ترسناکیان دەزانی، واتە جووڵاندنی ئەو یاسایانەی رێگە بە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن پەرلەمانەوە دەدەن، ئەگەر هەست کرا سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی قۆرغکردووە. رۆژی 13ی کانوونی دووەم گوایدۆ لەلایەن هێزەکانی هەواڵگری ڤەنزوێلاوە دەستگیرکرا و دوای 45 خولەک ئازادکرا. هەمان رۆژ ژمارەی لایەنگرانی لە تویتەر لە 100 هەزارەوە بۆ 334 هەزار کەس بەرزبووەوە و لە ماوەی دوو هەفتەی رابردووشدا دۆخی ڤەنزوێلا شڵەقاوە.

بەپێچەوانەی سەرکردەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەوە و دەرەوەی ڤەنزوێلا، گوایدۆ پێشینەیەکی ئیداری بەهێزی نییە، تاکە پۆستێکی گشتی کە وەری گرتووە لە ساڵی 2015 بوو، کاتێک وەک نوێنەری ویلایەتی ڤارگاس دەستبەکاربوو، پێش ئەویش ئەندام و چالاکڤانی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دژی هۆگۆ چاڤێز، سەرۆکی کۆچکردووی ڤەنزوێلا بووە.

## ڤەنزوێلا لە کوێوە بەرەو کوێ

دۆخی ئێستای ڤەنزوێلا ریشەیەکی کۆنتر لە رووداوەکانی یەک مانگی رابردووی هەیە، دابەزینی نرخەکانی نەوت لە چوار ساڵی رابردوودا، خەرجییە زۆرەکانی حکومەت، سیاسەتی پۆپۆلیستی حکومەت و گەندەڵییەکانی کەرتی نەوت، ئابووریی کاراکاسی داتەپاندووە، بە جۆرێک مەزندە دەکرێ رێژەی هەڵاوسانی ئابووری ئەو وڵاتە لە 2019 هەتا 10 ملیۆن لە سەدا بچێ.

مادورۆ لە ساڵی 2013ەوە دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، ساڵێک دواتریش گەنجینەکانی حکومەتەکەی بەهۆی شکانی نرخی نەوت و دەستبڵاوییەکانی حکومەتەوە بەتاڵ بوون، شکانی بەرچاوی بەهای دراوی ئەو وڵاتە زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی تووشی برسی کردووەتەوە، هەر ئەمەش لە پێنج ساڵی رابردوودا نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتیی ڤەنزوێلای ناچارکردووە روو لە وڵاتانی دراوسێ بکەن.

قووڵبوونی ریشەی کێشەکانی ڤەنزوێلا وادەکات هەر کەسێکیش پاش مادورۆ بێتە سەر دەسەڵات، لە کورتخایەندا نەتوانێ وڵاتەکەی لەو قەیرانەی ئێستا رزگار بکات، چونکە چاڤێز و مادورۆ لە دوو دەیەی رابردوودت ژێرخانی ئەو وڵاتەیان لاوازکردووە و کەرتی تایبەتیان تێکداوە. بۆیەش حکومەتی داهاتووی ڤەنزوێلا (بەدەست هەر کەسێکەوە بێ) میراتگری کۆمەڵێک کێشە دەبێ کە خۆی هیچ دەستێکی لە دروستکردنیاندا نییە، بەڵام خەڵک چاوەڕێ دەکەن ئەو چارەسەری بکات، لەوانەش هەڵساندنەوەی کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا کە پێویستی بە چەندەها ملیار دۆلار وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی هەیە.

فەرماندەکانی سوپا تاوەکو ئێستا ئەگەر بە رواڵەتیش بێ لەگەڵ مادورۆن، بەڵام تێکچوونی زیاتری دۆخی دارایی حکومەت درزی گەورە لە نێوان سوپادا دروستدەکات، یەکێک لە ئامانجەکانی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ڤەنزوێلاش هەر ئەمەیە. ژمارەیەک فەرماندەی ئێستا و پێشووی سوپای ڤەنزوێلا بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)یان راگەیاندووە زۆر لە فەرماندەکانی سوپا تاوەکو ئێستاش دڵنیانین پشتگیری لە کام سەرۆک بکەن.

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێیوایە ئەم هەنگاوەی واشنتن توندوتیژی و شەڕی خوێناوی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانێ لە یەککاتدا هەموو بەشەکانی سوپا لە مادورۆ دابڕێنێ، بۆیەش ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ زیاتر دەکات، لە کاتێکدا زۆربەی بەرپرسانی سەربازی و حکومی دەزانن دوای رووخانی حکومەت گرتووخانە یان بڕیاری قورسی دادگای ڤەنزوێلا و ئەمریکا و چاوەڕێیان دەکات.



هەنگاوەکەی گوایدۆ دۆخی سەردەمی جەنگی ساردی زیندوو کردووەتەوە

(فۆتۆ: AFP)



(فۆتۆ: AFP)

پێویستە چاکسازی بکەن". ئەم لێدوانە پێکەنینی ئامادەبووانی لێکەوتەوە، شینگهایش لە وەڵامدا گوتی :"من بە جدی ئەوە دەڵێم".

لە کۆڕبەندەکەی ئەمساڵدا، وانگ کیشان، جێگری سەرۆکی چین، نوێنەری بەیجینگ بوو، ئەویش لە گوتارەکەی خۆیدا وەک تانەیەک لە ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "زۆر وڵات خەریکە لە کاتی سیاسەتداناندا روو لە ناوەوە دەکەن، بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی زیادیان کردووە و تاکڕەوی و پۆپۆلیزم هەموو جیهانی تەنیوە".

لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا چین پێداگری لەسەر ئەو پەیامە کرد کە لە دوو ساڵی رابردوودا داویانەتە بازرگان و بڕیاردەرە سیاسییەکانی جیهان، واتە چین پاڵەوان و پارێزەری بەجیهانیبوون و ئەو واقیعەیە کە دروستیکردووە، بێ ئەوەی پێویست بکات بایەخ بەو بەهایانە بدات کە لە چەند دەیەی رابردوودا وەک مەرجی سەرکەوتنی بەجیهانیبوون سەیر دەکرا، لەوانەش بەهاکانی دیموکراسی و ئازادیی سیاسی.

هەوڵەکانی چین لە کاتێکدان کە شەڕێکی بازرگانی گەورە لە نێوان واشنتن و بەیجینگدا سەریهەڵداوە. شارەزایان پێیانوایە شەڕی چین و ئەمریکا لە بنەڕەتدا شەڕێکی بازرگانی نییە، ئەوەندەی شەڕێکە لە پێناو نەزمێکی نوێی جیهانی کە لە ئەنجامی ململانێی لایەنگرانی بەجیهانیبوون و دژبەرانیدا دێتەئاراوە، ئاسەواری ئەو ململانێیەش بە روونی لە کۆڕبەندە ئابوورییەکەی ئەمساڵی داڤۆسدا دیار بوو. دژبەرانی بەجیهانیبوون کە ترەمپ نوێنەرایەتییان دەکات، پێیانوایە ئەو دیاردەیە سەدان هەزار هەلی کاری لە وڵاتەکانی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی دیکە گواستووەتەوە.

بەڵام سەرکەوتن یان بنبڕکردنی بەجیهانیبوون کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەوانەش کە لایەنگری سەرسەختی گەڕاندنەوەی بڕیارە بازرگانی و ئابوورییەکانن بۆ وڵاتانی خۆیان، ناتوانن خۆیان لەو راستییە بدزنەوە کە پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتەکانیان پێویستی بە وەبەرهێنانی دەرەکی و هاوکاری نزیکی بازرگانی هەیە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و گواستنەوە، هەلی هاوکاری ئابووریی گەورەی دروستکردووە.

## شەڕی سیاسەت و تەکنەلۆژیا

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بە تایبەتیش تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی و ئامێر و رۆبۆتە هۆشمەندەکان یەکێک لەو تەوەرانە بوو کە لە چوارچێوەی تەوەرە گشتییەکەی کۆڕبەندەکەدا گفتوگۆی لەبارەوە کرا .تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی دووسەرەی لەسەر رەوشی ئابووریی جیهان هەبووە. یەکەم تەکنۆلۆژیا بە نەهێشتنی مەودا فیزیکییەکان، هاوکاریی بازرگانیی نێوان وڵاتان و دامەزراوە جیاجیاکانی ئاسانکردووە، لەو رووەوەشەوە تەکنەلۆژیا خزمەتی گەورەی بە پەرەسەندنی خێرای بەجیهانیبوون کردووە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، تەکنەلۆژیا وایکردووە بەشێکی زۆر لەو کارانەی پێشتر لە لایەن مرۆڤەوە دەکرا، ئێستا لەلایەن رۆبۆت یان ئامێرە زیرەکەکانەوە بکرێن، ئەمە هەرچەند بە شۆڕشێک لە بواری بەرهەمهێناندا لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام کاریگەری مەترسیدار لەسەر دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتان دروستکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ئامێرانە هەزاران جۆر هەلی کاریان لە مرۆڤ سەندووەتەوە.

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لەلایەکی دیکەوە ئاسانکاری گەورەیان بۆ چالاکیی ئابووریی نێوان وڵاتان کردووە، کێشەی سیاسییەکانی رۆژئاوا کە لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتیی پۆپۆلیستەکان بەرەوڕوون، ئەوەیە چۆن بتوانن ئەو دەرفەتانە بە جۆرێک ئیدارە بکەن کە لە درێژخایەندا کێشە بۆ سەروەری ئابووریی وڵاتەکەیان دروست نەکات و بیانووی نوێ بە پۆپۆلیستەکان نەدات تاوەکو بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندای خۆیان بەکاریان بهێنن.

لەلایەکی دیکەوە لە هیچ کۆڕبەندێکی داڤۆسدا هێندەی ئەمساڵ بە چاوێکی نەرێنییەوە سەیری کۆمپانیا دیجیتاڵییەکانی وەکو فەیسبووک، گووگڵ لە ئەمریکا و عەلی بابا، تێنسێنت و بایدوی چینی نەکراوە. فۆکەسی رەخنەکانیش لەسەر ئاسایشی زانیارییەکانی بەکارهێنەرانە، ئەمەش ململانێیەکی نوێ لە نێوان حکومەتەکان و ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەدا دروستدەکات.

لە یەک ساڵی رابردوودا هەڵمەتێکی بەرفراوان لە دژی ئەو کۆمپانیایانە دەستپێکردووە و تۆمەتبار دەکرێن بەوەی لە بەرامبەر پارەدا زانیاریی بەکارهێنەرانیان بە کۆمپانیاکانی دیکە دەدەن، مەترسی ئەو دیاردە نوێیەش تەنیا سیاسی نییە و پەیوەندی بە دەستتێوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنەکاندا نییە، بەڵکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیارییەکان بە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانیش دەدەن، بۆ ئەوەی بەپێی حەز و ئارەزووی بەکارهێنەر رێکلام لەسەر لاپەڕەکەی دابنێن.

کێشەیەک کە هەر ئێستاش بەرۆکی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپای گرتووە، ئەوەیە چۆن یاساکانی پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەران رێکبخرێتەوە، بە جۆرێک بەربەستی گەورە بۆ بازرگانیی کۆمپانیا ئینتەرنێتییەکان بە زانیاریی بەکارهێنەران دابنێ، بێ ئەوەی ئەو هەنگاوە رێگە لە گەشەی ئابووریی کۆمپانیاکان بگرێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دۆزینەوەی چارەسەرێکی تر بۆ کێشەی کەرکووک

مەبەستم لەم وتارە دۆزینەوەی چارەسەر نییە بۆ کێشە کاتییەکانی ئێستای کەرکووک و لەوبارەیەوە بژارەی جۆراوجۆرمان خستووەتە ڕوو، لە زەرووەرتی دانانی پارێزگارێکی کورد و چارەسەری ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتییەوە بۆ چۆنێتیی بەڕێوەبردنی، لە دۆزینەوەی ڕێگایەکەوە بۆ ڕازیکردنی بەغدا بە هەڵگرتنی حوکمی سەربازی لەسەر شارەکە و گەڕانەوەی کەرکووک بۆ پێش هاتنی داعش. گریمان ئەمانە هەمووی جێبەجێکران، ئایا چارەسەری کێشەی کەرکووک هەر ئەوەیە پارێزگارەکەی کورد بێ و ئاسایشی شارەکە لە دەستی پۆلیس بێ نەک سوپا؟ دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 و ئیتر تەواو؟ ئەی پێش ئەو وادەیە و نزیک بە سەدەیەک ململانێی نێوان کورد و بەغدا لەسەر چی بوو؟

کێشەی کەرکووک، کرۆکی کێشەی کوردە لە عێراق. بە درێژایی نزیک لە سەت ساڵی ڕابردوو، چەندین ڕێگا گیراونەتەبەر بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە، ئەنجامەکەی ڕوونە کە چەند چووبینە پێش و لە چارەسەر نزیک کەوتبینەوە، هەلومەرج و دۆخێکی تایبەت گەڕاندوویەتییەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئایا دوای سەت ساڵ لە ململانێ ئومێد هەیە بەو شێواز و میکانیزمانەی ڕابردوو، یان ئەو پرەنسیپەی کە لە دەستووری عێراقدا لەسەری ڕێککەوتووین، کۆتایی بەم کێشەیە بێت؟ ئەگەر ئەم ڕێگەیەش بە بنبەست گەیشت، ئایا درێژە بە دووبارەبوونەوەی هەمان ڕێگاکانی پێشووتر دەدەین، یان بەدوای بژارەی جیاوازدا دەگەڕێین؟ ئایا ئاسۆیەک هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تر بۆ چارەسەری ریشەیی کێشەی کورد لەم وڵاتە؟ لەکاتێکدا چارەسەر تەنیا لای کورد نییە و ئێمە لایەنێکی کێشەکەین. ئایا بەرانبەرەکانمان ئارەزووی چارەسەر دەکەن، یان لەڕاستیدا ئایا کوردیش دەیەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر بێت، یان وەک سەردار و سیاسییەکانی عەرەب لە مەسەلەی فەلەستین، پێویستیان بە مانەوەی کێشەکەیە بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی نەتەوەیی؟

ئێمە وا نزیک دەبینەوە لە سەت ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەشەوە بەهۆی ئەوەی بێ ڕەزامەندی و خواستی خۆمان لکێندراوین پێوەی، سەت ساڵە لە ململانێداین. وەک مەیلی بەعێراقیبوونیشمان نەبوو، ئەوە نەبێت بە پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە و دەستەبەرکردنی مافی هاووڵاتیبوون ئارەزووی مانەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی دروست بکەن، بەپێچەوانەوە نەتەوەی سەردەست بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی کوردی داوە. بۆیە لە چرکەساتی لەدایکبوونی دەوڵەتەکەوە ئەم کێشەیە سەری هەڵدا و وا نزیک دەبێتەوە لە یەک سەدە لەگەڵ تەواوی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ململانێیەکی خوێناویداین. ئایا دەمانەوێ لە شوێنێکدا خاڵێک دابنێین و کۆتایی بەم کێشەیە بێت، یان دەچینە ناو سەدەی دووەمی تەمەنی کێشەکەوە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تر پێویستە بخرێنەڕوو، ئەرکیشمانە بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێین.

هیچکات لە خۆمان نەپرسیوە ئەگەر چارەسەرێکی جیاواز بۆ مەسەلەی کەرکووک بدۆزرێتەوە، ئایا دەبێتە یارمەتیدەر لە چارەسەرە گشتییەکەی کێشەی کورد لە عێراق؟ دەمانەوێ بە جیا کێشەی کەرکووک چارەسەر بکرێت، یان هاوشێوەی قودس پێویستمان پێیەتی بۆ درێژەدان بەمانەوەی ئەم مۆدێلەی ناسیۆنالیزمی کوردی؟ خەڵکی کەرکووک بەتایبەت کوردەکەی، تا کوێ بەدوای ئەم ئاراستەیەدا دێن، لەکوێدا ئیستێک دەکەن و دەڵێن ئیتر بەسە؟ ئایا کەرکووک تا کەی بەرگەی ئەوە دەگرێت لە نێوان ململانێی بەغدا و هەرێم و لە نێوان هەردوو ڕەوتی هەولێر و سلێمانی، تۆپتۆپێنێ پێبکرێت؟ لە چ دۆخێکدا کەرکووکییەکان دێنە پێشەوە و داوا دەکەن خۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن؟ ئایا لە واقیعدا کێشەکە کێشەی کەرکووکییەکانە، یان کێشەی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا دەکرێت کێشەی کەرکووک لە مەسەلە گشتییەکەی کورد لە عێراق جیا بکرێتەوە و چارەسەرێکی جیاوازی بۆ بدۆزرێتەوە؟

ئەگەر وەک کێشەیەکی جیاوازیش تەماشای مەسەلەی کەرکووک بکرێت و بڕیاربێ چارەسەرێکی تایبەت بە کێشەی کەرکووک پەیڕەو بکرێت، ئایا بەرچاومان ڕوونە لەوەی ئەو شێوازی چارەسەرەی لە مادەی 140ی دەستووری عێراقدا هاتووە، بۆ ئێستا و ئایندەی کەرکووک دەتوانێ وەڵامدەرەوەی کێشەکانی بێت؟ ئایا هیچ ئاسۆیەک هەیە بەوەی دۆخی عێراق هاوشێوەی کەوتنی سەدام دەرفەتێکی تر بۆ کورد بڕەخسێنێتەوە لە کەرکووک؟ یان چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت هەلومەرجێکی تری هاوشێوەی هاتنی داعش، هاوکێشەکانی ئێستای کەرکووک بە قازانجی کورد بگۆڕێت؟ وەک گریمانەیەک ئەگەر ئەمانەش ڕووبدەنەوە، ئایا بە جێبەجێکردنی مادەی 140 دەتوانرێ کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر دۆخێکی تری هاوشێوەی کەوتنی سەدام لە عێراق ڕوویدات، کورد دەتوانێ کەرکووک وەرگرێتەوە؟ بەهاتنەوەی داعش یا دروستبوون و سەرهەڵدانی هەر گروپێکی تری تیرۆریستی کە لە عێراقدا چاوەڕوانکراوە، کورد دەتوانێ چی بکات بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک؟

لە ڕابردوودا و بەدیاریکراوی دوای کەوتنی سەدام تا 16ی ئۆکتۆبەری 2017، بە زۆر فاکت و ڕاستی دەتوانرێت بسەلمێنرێت کە زیاتر لە جارێک دەرفەتی ئەوە هەبووە کورد کەرکووک بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. بەڵام تازە ئەو دەرفەتانە تێپەڕین و بوون بە زەمەنێکی ڕابردوو. تەنانەت لە دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو هەلومەرجانەی نێوان ئەو 14 ساڵە ڕوویانداوە، کورد ناتوانێ کەرکووک وەرگرێتەوە. چونکە لێکەوتەکانی ئەو 14 ساڵە چارەسەری کەرکووکی زۆر سەخت کردووە. مەگەر لە حاڵێکدا سیاسەتی نێودەوڵەتی وەک چارەسەرێکی مامناوەند بۆ پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان، عێراق بۆ سێ ناوچەی شیعی، سوننی و کورد وەک سێ هەرێمی فیدراڵی دابەش بکات. یان دۆخێک دروست بێت عێراق هەڵبوەشێتەوە. ئەگەرنا بەهیچ لەو ڕێکار و ڕێگایانەی کە پێشتر تاقیکراونەتەوە، ناتوانرێت کەرکووک و هەرێمی کوردستان یەکبخرێن.

ئەی کەواتە تەگبیر چییە؟ کورد چ بژارەیەکی هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟ یاری لەگەڵ زەمەن دەکات، یان وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەردەوام خوێن دەکاتە سووتەمەنیی درێژەپێدانی؟ ئەگەر لە دۆخێکی وەک ئێستا چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، چ گەرەنتییەک هەیە کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا کورد توانای تەرحکردنی بژارەی تری دەبێت؟ یان چ دڵنیاییەک هەیە کە گرتنەبەری ڕێگاکانی داهاتوو بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، قوربانی و مەینەتییەکانی کەمتر دەبن لەوانەی ڕابردوو؟

بەئومێدم وروژاندنی ئەم پرسە و گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەی لێبکەوێتەوە کە دەسەڵاتدارانی کورد، نوخبەی ڕۆشنفکر و ئەوانەی دەیانەوێ سبەینێمان لە دوێنێ نەچێ، چەند کۆنفرانسێک سازبکەن بۆ یەکخستنی هەڵوێستی کورد لە دەستبردن بۆ ڕێگەیەکی تری بەدیل بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک. پاشان لەگەڵ تورکمان و عەرەب بکەونە گفتوگۆ بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی تری سیاسی بۆ چارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە کە ئێستا و پاش نزیک بە سەت ساڵ تێپەڕبوون لە سەرهەڵدانی کێشەکەی، دەرکەوت هەموو ئەو ڕێگەچارانەی پێشتر بە بنبەست گەیشتوون.



حوسێن عومەر

# ڕۆژهەڵاتی فورات و ئاڵۆسکانی داوەکان

تویتەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە 13ی کانوونی دووەمی 2019 لەبارەی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سووریا، هاوشێوەی هاویشتنی تۆپە دەزوویەک بوو بۆ ئەو ناوچەیە کە هەر یەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تەنگژەی سووریا، دەستوبرد کەوتنە هەوڵی چنینی کراسێک پڕ بە بەری خۆیان. دوای دوو هەفتە لە خستنەڕووی ئەو بیرۆکەیە، هێشتا هەر نارۆونە و سیمای دەرنەکەوتووە، ئەوە جگە لە نەگەیشتن بە هیچ لێکتێگەیشتن و سازانێک لەنێوان ئەو لایەنانەی ململانێ لەسەر دەسەڵات لە سووریا بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات بەتایبەتی دەکەن.

## پڕکردنەوەی بۆشاییەکە

ئاشکرایە کە نە ناکۆکییەکانی نێو ئیدارەی ئەمەریکا لەسەر بڕیاری ترەمپ بەکشانەوە لە سووریا و نە گوشاری ناوخۆیی لەلایەن ئەندامانی دیاری کۆنگرێسەوە، نەبوونە مایەی پاشگەزکردنەوەی سەرۆک ترەمپ لە بڕیارەکەی، ئەگەرچی ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر میکانیزم و کاتی کشانەوەکە هەبووبێت. ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، ناردنی هێزێکی 500 کەسییە لە یەکینەکانی ئەرکە تایبەتەکان و پۆلیسی سەربازی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات کە پێدەچێت ئەرکەکەیان بریتی بێت لە هاوڕێیەتی و پاراستنی ئەو هێزانەی پاشەکشە دەکەن، لە چوارچێوەی دەستپێکردنی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو هێزانە لە ناوەڕاستی شوباتی داهاتوودا. کشانەوەی هێز یان کەمکردنەوەی، لە قۆناغی یەکەمدا بۆشاییەک دەخاتەوە کە پێویستە پڕ بکرێتەوە، ئەمەش ململانێکە توندتر دەکات لەنێوان ڕووسیا و ئێران و سووریا لەلایەک و، تورکیا و هاوپەیمانەکانی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی سووریا لەلایەکی ترەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە.

## ئەمەریکا و تورکیا

سەرباری جەختکردنەوەی ئەمەریکا لەوەی کە تورکیا هاوپەیمانی ستراتیجییە و ئەو ڕێوشوێنانەی لە ڕۆژهەڵاتی فورات دەگیرێنە بەر بە هاوئاهەنگی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو دەبێت، بەڵام ئەمەریکا لانیکەم تا ئێستا، هیچی ئەوتۆی بەتورکیا نەداوە. ئەو زانیارییانەی لەبارەی سەردانەکەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن، شانبەشانی سوپاسالار جۆزێف دانفۆرد و نێردەی ئەمەریکا بۆ سووریا، جەیمس جێفری (لە 7ی کانوونی دووەمی 2019) بۆ ئەنقەرە، دزەیان کردووە، جەخت لەوە دەکەن کە ئەمەریکا داخوازییەکانی تورکیای ڕەتکردووەتەوە. تورکیا دەیەوێت دەستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات واڵا بکرێت بۆ شەڕی هێزەکانی سووریای دیموکرات و دەستگرتن بەسەر خاکەکەدا. ئەمەش هۆی هەڵوەشاندنەوەی دیدارە چاوەڕوانکراوەکەی ئەردۆغان و بۆڵتن ڕوون دەکاتەوە. چونکە بۆڵتن بە گوتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا، ئیبراهیم کالنی ڕاگەیاندبوو کە ناوچەی مەنبج تا باکووری حەما دەشێ بکرێتە بابەتی ڕێککەوتنی ئەمەریکا — تورکیا لەسەر هاوبەشی لە شەڕی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و میلشیا ئێرانییەکان و، دامەزراندنی ئیدارەیەک لەو ناوچەیە بەچاودێریی ئەمەریکا و تورکیا و ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لەچوارچێوەی ئەم دیدە نین. بۆڵتن ئەوەشی ڕەتکردەوە هێزەکانی سووریای دیموکرات لە لیستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستانەدا بن کە لەلایەن تورکیاوە ئامادە کراوە و، سەرۆکی تورکیا لە پرێس کۆنفرانسێکی هاوبەشدا داوای کرد هەردوولا پابەندیی خۆیان بەشەڕ لەدژیان ڕابگەیەنن.

## بادانەوە بەرەو ڕووسیا

ئەنجامی نەرێنیی گفتوگۆ و دانوستاندنی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لەلایەک و درککردنی تورکیا بە قەبارەی دەسەڵاتی ڕووسیا لە سووریا لەلایەکی تر، وایان لە سەرۆکی تورکیا کرد دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی فورات و ناوچە ئارامە پێشنیازکراوەکە بباتە مۆسکۆ و لەگەڵ سەرۆک فلادیمێر پووتین باسی بکات، ئەوەش شانبەشانی دۆسیەی ئیدلب کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە هەیئەی تەحریری شام (کە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسرێ)، دەستی بەسەر زۆربەی ناوچەی چوارەمی کەمکردنەوەی تێکهەڵچووندا گرت کە پارێزگەی ئیدلب و ناوچەکانی دەوروبەری هەرسێ پارێزگەی حەلەب و حەما و لازقیە دەگرێتەوە.

بۆ ئەم پێشهاتە مەیدانییەی ئیدلب، تورکیا تۆمەتبار دەکرێ بەوەی ئاسانکاری بۆ ڕوودانی کردووە، ئەوەش بەهۆی شکستخواردنی لە قایلکردنی ڕووسیا بەوەی ئاسمانی سووریا بەڕووی هێزی ئاسمانیی تورکیادا بکاتەوە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی ڕێککەوتنی هەردوولا لە 2018/12/28، هەروەها بەهۆی شکستخواردنی لە ڕازیکردنی ئەمەریکا سەبارەت بە کردنەوەی ئاسمانی مەنبج و دەوروبەری بە بیانووی لێدانی داعش و بەرەی نوسرە، ئەم شکستانە وایان لە تورکیا کرد کە ڕێ بە پەلهاویشتنی هەیئەی تەحریری شام بدات بۆ ئەوەی ئەم کارتە بۆ بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ڕووسیا بەکاربهێنێ. بەڵام ئەم پێشهاتە هەڵوێستی تورکیاشی لەبەرامبەر ڕووسیا لاواز کرد، بەو پێیەی کە نەیتوانی پابەندی وەدەرنانی گرووپە تیرۆریستەکان بێت لە ناوچەکە تا 2019/1/22 وەک ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو. ئەو زانیارییانەی لە دیدارەکەی پووتین ئەردۆگان دزەیان کردووە، ئاشکرای دەکەن کە تورکیا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ئەوەی 3 تا 4 ملیار دۆلار بدات (هەندێک سەرچاوە دەڵێن قەتەر ئامادەیە پارەکە دابین بکات) بەرامبەر بەوەی دەستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات واڵا بکرێت، بەڵام لایەنی ڕووسی لەگەڵ گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی سووریایە بۆ ناوچەکە، لەگەڵ ئەگەری دەستکردن بە تووێژێکی سووری — تورکی لەسەری. ئەمە وای لە سەرۆکی تورکیا کرد ئاستی داواکارییەکانی نزم بکاتەوە و باس لە ناوچەیەکی ئارام بکات بەقووڵایی 5 کیلۆمەتر، واتە هەمان ئەو شتەی لە ڕێککەوتنی ئەدەنە، هەردوو لایەنی تورکی و سووری لە 20ی تشرینی یەکەمی 1998 واژۆیان کردووە. ئەو ڕێککەوتنە دەڵێت: "مافی تورکیایە هەموو ڕێکارێکی ئەمنیی پێویست بە قووڵایی 5 کیلۆمەتر لەنێو خاکی سووریادا بگرێتە بەر"، نەوەکو خاکی سووریا داگیر بکات و گرووپی بەرهەڵستی دیمەشق بهێنێتە ناوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕووسیا دەرگەی بەتەواوی دانەخستووە بەڕووی ئەگەری لێکتێگەیشتنێک لەگەڵ تورکیا لەبارەی ڕۆژهەڵاتی فورات، ئەویش بەرامبەر بە تەنازولێکی زۆری تورکیا لە ئیدلب و، هەروەها بۆ بەکارهێنانی ئەو لێکتێگەیشتنە وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە ئێران و، بەدەستهێنانی قازانجی ئابووری.

## جموجوڵی فرەئاراستەی ئەمەریکا

سەرباری لێدوانی چەندبارەی بەرپرسانی ئەمەریکا کە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە هاوپەیمانی ئەمەریکا لە شەڕی داعش دەژمێرن، بەڵام ئەمەریکا بەڕوونی بە هەموو ئەوانەی سەبارەت بە ناوچەکە دیداریان لەگەڵدا دەکات، دەڵێت کە تورکیا هاوپەیمانی ستراتیجییەتی و بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی بەهەند وەردەگرێت. بەمەش ئەمەریکا، لەو جموجوڵانەیدا کە پەیوەستن بە ناوچەکەوە، تورکیا بە لایەنێکی سەرەکی دادەنێ لە هەر لێکتێگەیشتنێکدا کە هەوڵی بۆ دەدات. هەروەها گرنگییەکی زۆر دەدات بە هەندێک وڵاتی عەرەبی (ئوردن و هەندێ وڵاتی کەنداو) و هەوڵ دەدات ئەوانیش بەشدار بکات، بەتایبەتی لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی فورات کە زۆرینەی دانیشتووانیان عەرەبن. لایەنی سێیەمیش لە هاوکێشەی جموجوڵی ئەمەریکادا عێراق و هەرێمی کوردستانن پێکەوە. ئەمەش گۆڕانێکی سەرنجراکێشە لەم جموجوڵە ئەمریکییەدا و ڕەنگە مەبەست لێی لە چوارچێوەدانی ڕۆڵی عێراق بێت لە سووریا و بەجێنەهێشتنی بێت بۆ نفوزی ئێران.

## ڕێڤەبەریی خۆسەر و دیمەشق وەک تاکە بژارە

بڕیاری لە ناکاوی دۆناڵد ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا ڕێڤەبەریی خۆسەری شڵەژاند و خستییە دۆخێکی شپرزەوە. بەتایبەتی کە ئەو ڕاگەیاندنە دوابەدوای دڵنیاکردنەوەی ئەمەریکا هات بەوەی هێزەکانیان لە سووریا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی سێ ئامانجی سەرەکی دێنەدی: دڵنیابوون لە لەناوبردنی داعش و دووبارە سەرهەڵنەدانەوەی، کۆتاییهێنان بە هەژموونی ئێران لە سووریا و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی پەسەندکراو بۆ تەنگژەی سووریا. ئەم سێ ئامانجە/ مەرجە لەڕاستیدا بەواتای ئەوە بوون کە هێزەکانی ئەمەریکا ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، ئەمەش مایەی دڵنیایی بوو بۆ ڕێڤەبەریی خۆسەر و لە کەوتنە ژێر گوشاری حکومەتی سووریا دەیپاراست. ڕاگەیاندنی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەو دڵنیاییەی لەناوبرد و وای لە ڕێڤەبەریی خۆسەر کرد کە بژارەی گەڕانەوە بۆ دیمەشق کارا بکات. لەوە دەچێت کە شڵەژان و هەڵوێستی شپرزەی ڕێڤەبەریی خۆسەر ڕەنگدانەوەیان لەسەر سەرکردایەتی ڕێڤەبەری خۆسەر هەبووبێت، ئەو ڕەوتەی گرەوی لەسەر بژارەی دیمەشق دەکرد وەک تاکە بژارە، دابەش بووە بەسەر دوو ئاراستەدا. لایەکیان هەوڵی لێکتێگەیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیمەشق دەدات و ئەولەویەت بەلای ئەوەوە بۆ ئەوەیە کە سوپای سووریا بێتە سەر سنوور بۆ ئەوەی هەڕەشەی تورکیا بە لەشکرکێشی بۆ ناوچەکە بوەستێنێ و بۆ ئەمەش ئامادەی هەموو سازشێکە، لەکاتێکدا لایەکەی دیکە هەوڵ دەدات گفتوگۆ لەگەڵ سووریا بە گەرەنتی و چاودێریی ڕووسیا بێت بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت لەسەر گەڕانەوەی سوپا بۆ پاراستنی سنوور و دانانان بە سەروەریی تەواوی حکومەتی سووریادا و گەڕانەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دانانان بەجۆرێک لە کارگێڕیی نامەرکەزی کە لەسەر سنوور و دەسەڵاتەکانی ڕێککەوتن هەبێت، ئەم ئاراستەیە لاریی لەوەش نییە کە ئەمەریکا گەرەنتیی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی سووریا بکات.

نارەزایی ئەمەریکا لەوەی ڕێڤەبەریی خۆسەر ملکەچی تەواوی مەرجەکانی حکومەتی سووریا ببێت، بووەتە ڕێگر لەبەردەم پێشڤەچوونی خێرا بەم ئاراستەیەدا. ڕەنگە دوایین بانگهێشتکردنی ئیلهام ئەحمەدی هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (کە هەندێ سەرچاوە دەڵێن یەکێکە لە پشتیوانە سەرسەختەکانی لێکتێگەیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیمەشق) بۆ واشنتن لەم چوارچێوەیەدا بێت، بۆیە لەوانەیە شاندی ڕێڤەبەریی خۆسەر پێش گەڕانەوەی ئەو لە واشنتن نەچێتە دیمەشق، هەرچەندە کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ دیمەشق لە کاری خۆیان بەردەوامن. دانانی دیمەشق وەک تاکە بژارە بۆ زۆربەی سەرکردەکانی ڕێڤەبەریی خۆسەر، سەرباری جیاوازیی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بژارەیە و زیادبوونی فشاری ڕووسیا لەسەریان، وا دەکەن دەنگی ئەو تەوژمەی کە چوونە پاڵ هەوڵەکانی ئەمەریکای بۆ تەرتیباتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی فورات پێ باشترە، کز ببێت، هیچ نەبێت تا ئەو کاتەی دیدی ئەمەریکا ڕوون دەبێتەوە و دەست بە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دەکرێت.

## ئەنجوومەنی نیشتمانی و گەڕان بەدوای ڕۆڵدا

جێی سەرنجە کە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد ئاستی جێمس جێفری، نێردەی ئەمەریکا بۆ سووریا تێناپەڕێنێ. سەرچاوە ئاگادارەکان لەو دیدارەی نێوان جێفری و شاندی یاوەری لەگەڵ شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە شاری دیلۆکی باکووری کوردستان، دەڵێن جێفری لە ئەنجامی دیدارەکە ناڕازی بووە، لەبەرئەوەی ئەنجوومەنەکە هیچ دید و پرۆژەیەکی ڕوونی نەبووە بۆ پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات و ئەو ڕۆڵەی کە ئەنجوومەن دەتوانێت بیگێڕێت. هەرچەندە نوێنەرانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، بەم دواییە بەجیا چاویان بە ئەمریکییەکان کەوتووە، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕۆڵە دەستنیشان نەکراوە کە ئەنجوومەن دەیگێڕێ یان لەلایەن ئەمەریکاوە پێی دەسپێردرێت، لە پێشهاتەکانی ئێستا و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فوراتدا. ئەمریکاییەکان ئەنجوومەنەکەیان دڵنیا کردووەتەوە لەوەی هەموو لایەنەکان لەو ڕێوشوێنانە بەشدار دەکرێن کە بۆ ناوچەکە ئامادە دەکرێ، بەڵام شتێکی دیاریکراویان نەخستووەتەڕوو، بەتایبەتی لەڕووی بەشداریی هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ لە پاراستنی ئەو ناوچە ئارامەی کە باسکردنی لەلایەن ئەمەریکاوە تا دێت کز دەبێت.

چاوەڕوان دەکرێت شاندێکی ئەمەریکا بەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات و ئەو هەوڵانەی دراون بە چی گەیشتوون و، چاوەڕوانیش دەکرێت شاندەکەی ئەمەریکا چاوی بە نوێنەرانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریاش بکەوێت، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هەلێک بۆ گەڕان بەدوای ڕۆڵێکدا بۆ ئەو ئەنجوومەنە، بەڵام لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرکردەکانی ئەو ئەنجوومەنە دەریدەخەن کە پشتیان بەوە بەستووە تورکیا قایل بکرێت بەوەی ڕۆڵێک بگێڕێت نەوەکو گرەو لەسەر هەوڵەکانی ئەمەریکا بکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# یەکێتی دێتە پێشەوە؟

## 1

دانوستاندنەکانی پارتی و لایەنەکانی دیکە و بەتایبەتیش لەگەڵ یەکێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە یەکێتی بتوانن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەسەر پۆستەکان و ئەو ناوانەی دەبیسترێن، لە ناوخۆی خۆیاندا ساغ ببنەوە.

پارتی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان هاتووەتە پێشەوە و تەنانەت، مرونەتێکی زۆری لە مەسەلەی دانانی پارێزگاری کەرکووکیش نواندووە، لیژنەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنی درێژخایەنی نێوان پارتی و یەکێتیش نەخشە ڕێگاکەیان ئامادەیە کە بە ئیحتیمالی زۆر ڕۆژی سێشەممەی ئەم هەفتەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە پارتی لە مەسەلەی بەغداش بتوانێ عینادیی خۆی بەلاوە بنێ و پتر تەرکیزی لەسەر ئەو دەستکەوتانە بێت کە بەدی دێن، لە مەسەلەی بودجەشدا پەرلەمانتارانی لایەنە سیاسییەکان وەکو یەک تیمی سیاسی کاریان کرد و ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کاری هاوبەش بەرهەمی زیاتری بۆ کوردستان دەبێت.

بۆیە پارتی دەتوانێ زۆر بە ئاسانی تۆپەکە هەڵداتە گۆڕەپانی یەکێتییەوە، ئەگەر یەکێتی دوای ئەو هەموو مرونەتە نەتوانێ هەنگاوێک بێتە پێشەوە، یەکێک لەو کارتانەی کە پارتی هەمیشە لەبەردەستیەتی ئەوەیە کە ئەگەر یەکێتی نەتوانێ سەرباری هەموو نەرمییەک خۆی یەکلا بکاتەوە، یان هەندێک دۆسیە بۆ دوای سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت هەڵنەگرێت، ئەوا پارتی توانای ئەوەی هەیە ئاراستەی ڕووداوەکان بەپێی ویستی خۆی بگۆڕێت.

پێکهێنانی حکومەت بەبێ یەکێتی شتێکی مەحاڵ نییە و یەکێتیش باش ئەو ڕاستییە دەزانێت. دیسانیش پێکنەهاتنی حکومەتیش عەیبەیەکی ئەوەندە گەورە نییە، چونکە ئەم حکومەتەی ئێستا هەیە، سەرباری ئەوەی کە کاربەڕێکەرە، بەڵام حکومەتێکی بەهێزە و کاری خۆیشی دەکات (ئەگەرچی هەندێک لە وەزیر و بەرپرسەکانی، دەسەڵاتی ئیمزایان نەماوە).

لەو ڕووەوە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەیە دەبێ یەکلاکەرەوە بن و هەر نەبێ بتوانرێ لە ڕۆژانی داهاتوودا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

## پارێزگارێکی گۆڕان بۆ کەرکووک

## 2

ئەگەرچی پارتی تا ڕادەیەکی زۆر لە هەڵوێستەکانی سەبارەت بە مەسەلەی دانانی پارێزگارێکی (یەکێتی) و لە یەکێتیش لە (ئۆکتۆبەرچییەکان) نەرمی پێشانداوە، بەڵام ئەگەر پارتیش ڕازی بێت، بۆ یەکێتی عەیبەیەکی گەورەیە تا مەسەلەی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر بەلایەکدا نەخات و لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە نەکات، یەکێک لەو سیانەی کەرکووک کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیشن، بکاتە پارێزگار.

نە لەناو یەکێتی پیاو قاتییە و نە لە دەرەوەی یەکێتیش کە بەڕاستی دڵسۆزی کەرکووک و کەرکووکییەکان بن و، بتوانن بەر بەو لێشاوی تەعریبە بگرن کە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و خراپتر لە سەردەمی بەعس دەستپێکردووە.

پارێزگاری سلێمانی کە ئێستا لە پشکی گۆڕانە، بە شاهیدی زۆر کەس سەرکەوتوو بووە و باڵانسێکی باشی لە نێوان لایەنەکاندا دروستکردووە و لای حکومەتیش لە هەولێر تەقدیری هەوڵەکانی دەکرێت.

بۆیە دانانی کەسێک لە کەرکووک کە بتوانێ هەمان ئەو ڕۆڵە ببینێت، دەبێ بۆ یەکێتی و پارتیش زەرورەت بێت. کەسانێکی خەباتگێڕی وەکو عوسمانی حاجی مەحموود، کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وەزیری ناوخۆ و ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان بووە و بە یەک مەسافە لە هەموو حزبەکان نزیکە (خەڵکی ناوچەکەیە و رایەڵی باشی لەگەڵ پێکهاتەکانیشدا هەیە) دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر برینەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر سارێژ بکاتەوە. ئەوانەیش کە بۆ چەند (تەنەکە نەوتێک) مامەڵە بە چارەنووسی کەرکووکیەکان دەکەن، ئەو چەند تەنەکە نەوتەیان هەر دەستدەکەوێت، بەڵام با فەزڵێک بۆ مێژووی خۆیان تۆمار بکەن و ئەو دەستپێشخەرییە ڕابگەیەنن. بە دڵنیاییەوە پارتی پێشوازیی لێدەکات.

## با و باران

## 3

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ:"با بێ و باران بێ لە عومری بەفر کەم دەبێتەوە". ڕاستییەکەی پەکەکە و تورکیا بۆ میللەتی ئێمە بوونەتە ئەو با و بارانە، باجەکەشی خەڵکی سیڤیل و گوند داگیرکراوی ئەو ناوچانە دەیدەنەوە کە پەکەکە وەکو هەرێمی پاراستنی میدیا ناوی ناون! چەند دەستدرێژیی تورکیا بۆ سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان تاوان بێت، بەکارهێنانی خەڵکی سیڤیل وەکو قەڵغانی مرۆیی لە لایەن پەکەکەشەوە دەچێتە هەمان خانە.

هۆشداریی سەرۆکی حکومەت بۆ پەکەکە زۆر جددی بوو، چونکە تورکیا لە ئاستانەی هێرشێکی سەربازیدایە بۆ سەر پەکەکە و تەنانەت ئەو باسە لە دیداری نێوان دکتۆر بەرهەم ساڵح و ئەردۆغانیش وروژێنراوە. هەم پەکەکە و هەم ئەردۆغان، لە عەرەفەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا پێویستیان بە شەڕە، بەڵام دەیانەوێ شەڕەکە لەسەر خاکی کوردستانی باشوور بکەن.

ئێستا کە یەکێتیی کۆنە هاوپەیمانی پەکەکە پشتی تێکردوون و تەنانەت هەموو جۆرە هاوکارییەکی تورکیا دەکات لە پێناو هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی، پەکەکە و هەندێک لە خەڵکی ناوچەکە دەیانەوێ پارتیش بخەنە ئەو هەڵوێستەوە کە پارتیش بەرپرسیارە. ئەمڕۆ وڵاتی بەناو عێراق ئەگەر خاوەنی سیادە و سەروەرییە، دەبوو لە بەرزترین ئاست و بە توندترین شێوە بۆردومانەکانی تورکیا نەک هەر ئیدانە بکات، بگرە ڕێگریشیان لێ بکات. پارتی لە سەروەریی بەغدا بەرپرسیار نییە و هیچ سەفقەیەکی ژێربەژێریشی لەگەڵ تورکیادا نییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# پەکەکە، وا مەکە!

پارتی کرێکارانی کوردستان هیچ پاساوێکی نەماوە بۆ لەوە زیاتر بەکارهێنانی خەڵکی باشووری کوردستان. بەتایبەتیش پاش ڕووداوەکانی شیلادزێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ناچاردەبن بیر لە چارەسەرێکی جدی بۆ ئەو دۆسییە بکەنەوە کە وابکات چیدی لەسەر سنوورەکان ئاگر و ئاسن بەسەر خەڵکدا نەبارێت. ئەمە بووەتە پێویستی و دەبێ قەندیلیش لەمە تێبگات.

لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، پەکەکە یەکێک بووە لە سەرئێشە گەورەکان بۆ هەرێمی کوردستان کە ڕاستییەکەی دەبوو بەپێچەوانەوە بووایە. ئەوەی پاساوی تەراتێنی داوەتە سوپای تورکیا لە خاکی باشووری کوردستان پەکەکەیە. ئەوەی وایکردووە تەنیا لەسەر سنوورەکانی باشوور و باکووری کوردستان نا، بەڵکو لەسەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتیش (بەبیانووی شەڕ لەگەڵ پژاک) گوندنشینان هەمیشە ماڵ بەکۆڵەوە بن و بە تۆپباران و بۆمبارانی فڕۆکە شەهیدبن هەر پەکەکەیە. داگیرکەر مادام داگیرکەر و دوژمنە بە پاساو و بێ پاساو دەتکوژێ، بەڵام کاتێک پەکەکە ئەو پاساوەی لەسەر سەبەتەی زێڕین پێشکەش بکات، لەدەست خۆی نادات و ژیانت لێ دەکاتە دۆزەخ.

پار بەهۆی داخرانی ئاسمانی کوردستانەوە، بە بەردەوامی بە باکووری کوردستاندا هاتوچۆم دەکرد. هەر شارێکی باکوور و هەر کۆڵانێکی ئەو شارانە ئاسەواری وێرانی و خانووی ڕەشداگەڕاوی پێوەبوو، مرۆڤەکانیش نائومێد و بێزار بوون. ئەو دۆخە شەڕێکی خۆتڕێن دروستیکردبوو کە پەکەکە لەو بەشەی کوردستاندا لەنێو شارەکان و بە خۆشاردنەوە لەپشت خەڵکی سیڤیلەوە هەڵیئایساند و ناوی لێنا (شەڕی خەندەک). من بەر لە دەستپێکردنی ئەو شەڕەش چووبوومە باکووری کوردستان و ئەو خەندەقە نەفرەتییانەم بینیبوو کە لەجیاتی ئەوەی دۆخی خەڵکی باکوور چاک بکەن، ژیانی هێندەی دیکە کردنە دۆزەخ.

دۆخەکە بەر لەوکات وابوو کە بە هەوڵی هەمووان، هەدەپە و ئۆجەلان و ئاکەپە و ئەردۆغان خواستێکی جدییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی شەڕ لە تورکیا لەلا دروست ببوو. زۆربەی باکووری کوردستان بەفەرمی بەدەست دەوڵەتەوە بوو، بەڵام بەکردەوە بەدەست هەدەپەوە بوو. فراکسیۆنێکی گەورەی کوردی لەنێو پەرلەمانی تورکیا هەبوو. کەس بڕوای نەدەکرد جارێکی دیکە کوردی باکوور بگەڕێنەوە دواوە، بەڵام کەس ئاگای لەو خەونە خراپانە نەبوو کە سەرکردە شەڕخوازەکانی قەندیل بینیبوویان و دەیانەویست وەدیبهێنن. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە باکوور وێران بوو، ئۆجەلان گۆشەگیر کرایەوە و هەدەپە هەموو شتێکی لەدەستدا و دەمیرتاش گیرا و برادەرانی قەندیلیش وەکچۆن پێشتر لە شاخ بوون، هیچ لە ژیانیان نەگۆڕا و هەموو شتێک هەر وەک خۆی مایەوە.

لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا پەکەکە هیچ شتێکی نەکردووە کە ببێتە مایەی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. لەسەر سنوورەکان هەر سەرئێشە بووە، لە ناوچە دابڕاوەکاندا هەر مایەی دەردەسەری بووە و لە نێوەوەی هەرێمی کوردستانیش بە دروستکردنی حیزبی پرۆکسی و ڕادیکاڵیزەکردنی گەنجان و خەڵک ژیانی ناسەقامگیر کردووە. هۆیەکەشی ڕوونە: پەکەکە لەجیاتی ئەوەی ڕووی لە باکووری کوردستان بێت، پشتی لە باکوور و ڕووی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە. ئەمەش بۆ حیزبێک کە دەمێکە وازی لە چوار پارچەی کوردستان هێناوە و ماوەیەکیش بانگەشەی خۆسەریی دیموکراتیکی کردووە بەهەدەردانی وزە و تواناکانیەتی لە ئیشێکدا کە هی ئەو نییە.

لە قۆناخی داهاتوودا دەبێ هەولێر کار لەسەر حەساندنەوەی هاووڵاتییانی بکات. پاش سی ساڵ لە گۆنگەڵی سەربازی و سیاسی کاتی ژیانە بۆ ئەو خەڵکە. یەکێک لە پێشمەرجەکانی ژیانیش ئەوەیە کە خەڵک هەست بە ئاسایش بکات، بەداخەوە یارانی ئەشکەوت لە قەندیل ئەمەیان لە ساڵانی ڕابردوودا تێکداوە و نابێ چیدیکە هەولێر ڕێگەبدات درێژە بەمە بدەن. چونکە ئەگەر بە کوردایەتی و هەستی نەتەوەییش بێت، کوردایەتی ئەوەیە کە هەوڵبدەی ژیانێکی خۆش بۆ هاونەتەوەکەی خۆت دەستەبەربکەی نەک لێی تێکبدەی.



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# سیستەمێکی بەرگریی مووشەکی بۆ کوردستان

ڕووداوەکانی دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی ڕوونیکردەوە کە هەرێمی کوردستان دەبێ بۆ ئێستا وەکو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە. ئەگەرچی 93%ی دەنگدەرانی کوردستان سەربەخۆییان هەڵبژارد، واقیعە جوگرافییەکان، بەکارهێنانی هێز و گوشار لەلایەن بەغدا و وڵاتانی دراوسێوە و نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی، سەربەخۆیی کوردستانی تا داهاتوویەکی نادیار هەڵپەسارد.

لەو کاتەوە، گۆڕینی حکومەت لە بەغدا و مانەوە لە عێراق بژارەیەکی سەرنجڕاکێشترە لە جاران. حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ئامادەییەکی زیاتری پیشانداوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ کورد بنیاتبنێ. لە سەردەمی سەرۆکایەتی حکومەتی عادل عەبدولمەهدیدا، هاوکارییەکان لە ناوچە کێشەلەسەرەکانیش زیاتر بوو، هەرچەند ئەو ناوچانە لە ئۆکتۆبەری 2017ەوە گەڕاونەتەوە ژێر دەسەڵاتی بەغدا.

بودجەی نوێی عێراق کە هەفتەی ڕابردوو پەسەند کرا، نیازپاکیی بەغدا پیشاندەدات کە تێیدا مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە مسۆگەر کراوە، هەرچەند پێشمەرگە هەر لەژێر فەرماندەیی هەولێردا دەمێنێتەوە. بودجە کۆمەڵێک یارمەتی دارایی بۆ خێزانی ئەو پێشمەرگانەش لەخۆ دەگرێ کە لە شەڕی داعشدا کوژران یان بریندار بوون.

ئەگەر هەرێمی کوردستان نەشتوانێ ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل بۆ (سۆمۆ) بنێرێ، کاریگەری لەسەر مووچە دانانێ، بەڵکو ئەو پارەیە لە کەرتەکانی دیکەی وەکو وەبەرهێنان و کەمدەکرێتەوە.

دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە و ئاماژەکانی نیازپاکی ناو بودجەکە نابێ بچووک بکرێنەوە. دۆخەکەی ئێستا زۆر جیاوازە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەردەمی عەبادی و مالیکی، یانیش ئەو سزایانەی هەردوو ئیدارەکە پەنایان بۆ دەبرد. بەو پێیەی ڕوحێکی هاوکاری لە سایەی دەسەڵاتی عەبدولمەهدیدا زیندووبووەتەوە، هەولێر و بەغدا دەکرێ لە توانایاندا بێ بەرەو چارەسەری ئەو کێشانەش هەنگاو بنێن کە هەتا دێت سەختتر دەبن، لەوانەش سەرژمێری لە سەرتاسەری عێراق، بە تایبەتیش لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، دانانی یاسایەکی دادپەروەرانەی نەوت و غاز، دانانی بەشێکی دیکە لە حکومەتدا کە نوێنەرایەتیی هەرێم و پارێزگاکان بکات، دادگایەکی باڵا کە بەغدا و هەرێمەکان و پارێزگاکان پێکەوە دەستنیشانیان کردبێ.

مادام خەڵکی کوردستان لەم دۆخە باشترەی ئێستادا وەک بەشێک لە عێراق دەمێننەوە، کەواتە دەبێ وەک جاران هەموو هەوڵی خۆیان بۆ سەرتاسەری عێراق بخەنەکار. ئەمەش بەو مانایەیە کە کوردستان بەشدارییەکی کارای لە بەغدا هەبێ، بایەخ بە کێشەی ناوچەکانی دیکەی عێراق بدات، هاوپەیمانێتی بەهێزتر لەگەڵ گروپە سیاسییەکانی دیکەی عێراق پێکبهێنێ و لە دابینکردنی خۆشگوزەرانیی وڵاتی عێراقدا بە گشتی بەشدار بێ.

هاوکات، سەرکردەکانی بەغداش دەبێ هەمیشە ئەوەیان لە بیربێ کە وەک باشێکی ڕاستەقینە لە عێراق مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکەن. ئەمەش تەنیا ئەو مانایە نادات کە بەغدا داوا لە هەولێر بکات داهاتی نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکات، بەڵکو بەو مانایەیە وەکو هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە فیدراسیۆنێکی نوێدا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بکەن، بۆ نموونە بەمانای زیادکردنی زمانی کوردی دێ لە شوێنە گشتییەکان، وەکو چۆن هێڵە ئاسمانییەکەی عێراق هەفتەی ڕابردوو لە بڕیارێکی نوێدا زمانی کوردی بۆ ناو فڕۆکەکانی زیاد کرد.

مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق بە مانای بەرگریکردنە لە کوردستان کاتێک لە دەرەوە هێرشی دەکرێتە سەر. هەڵمەتی بۆردومان و تۆپبارانی ئەم دواییەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کەیسێکی باشە بۆ ئەمە. لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا شەش هاووڵاتی بە هۆی ئەم هێرشانەوە کوژراون.

ئەگەرچی هەڵمەتەکەی تورکیا لە بنەڕەتدا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەکاتە ئامانج کە لە سنوورە شاخاوییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا خەریکی چالاکین، بەڵام پێناچێ هێزەکانی تورکیا لە ئامانجەکانیاندا وریا بن، یانیش گوێیان لە قوربانی مەدەنی بێ.

سەرەڕای بۆردومانە نەبڕاوەکانی تورکیا لە سەرەتای نەوەدەکانەوە و تەنانەت سەرەڕای چەندین هێرش بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و بە ئامانجکردنی بارەگاکانی پەکەکە، ئەنقەرە تاوەکو ئێستا بێتوانا بووە لەوەی "کێشەی پەکەکە" بە شێوەی سەربازی چارەسەر بکات.

ئەوە جێی قەبووڵ نییە کە تورکیا داوا لە هەولێر و بەغدا بکات پەکەکە لە ناوچەیەکی هێندە شاخاوی دەربکەن (واتە کێشەی پەکەکە بەرێگەی سەربازی چارەسەر بکات)، ئەگینا بۆ هەتا هەتایە بە ئێف 16 بۆردومانیان دەکات. ئەمانە کۆمەڵە ناوچەیەکن کە تەنانەت تورکیا خۆیشی نەیتوانیوە لە گەریلای پەکەکە پاکیان بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو گەریلایانە لە کوردستانی عێراق و تورکیاش چالاکن.

هەر بۆیە بەغدا دەبێ ڕۆڵێکی بەهێزتر بگێڕێ و داوای کۆتاییهێنان بەو هێرشانەی تورکیا بۆ سەر ناوچەیەک بکات کە حکومەتی عێراق بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ. تورکیاش دەبێ زیاتر گوێ بۆ داواکاریی چارەسەری دیموکراتیکی "کێشەی کورد" ڕابگرێ، کە ڕاستییەکەی "کێشەی دیموکراسی" یە (لە تورکیا) و وەها دەخوازێ ئەنقەرە بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستاندن.

خۆپیشاندانی ئەم هەفتەیەی هاووڵاتیان و هێرش بۆ سەر بنکەی سەربازیی تورکیا لە کوردستانی عێراق ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمیش بێزار بوون. ئەگەر ئەم خەڵکە بەڕاستی عێراقین، وەکو چۆن بەغدا هەموو جارێک ئەوەیان بە بیر دەهێنێتەوە، کەواتە ئێستا پێویستە بەغدا بەناوی ئەوانەوە قسە بکات و ئەرکە دەستوورییەکەی خۆی بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکان جێبەجێ بکات.

ئەگەر ئەنقەرە گوێی نەدایە داواکارییە دیپلۆماسییەکان بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتە ئاسمانییەکانی لەدژی بەشێک لە عێراق، ئەوە بودجەی 2020ی عێراق دەبێ بەشێکی بۆ سیستەمی بەرگریی مووشەکیی بۆ باکوور دابنرێ.

*** دەیڤید ڕۆمانۆ لە ساڵی 2010وە بۆ (ڕووداو) دەنووسێ، لە زانکۆی ویلایەتی میزووری پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە و چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەی لەسەر کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

RÛDAW



## ئۆژین
### واز لە بەندگوتن ناهێنێ
10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net


# فەللوجەیی ناوی کوردی لە دووکانەکانیان دەنێن

**رووداو – فەللوجە**

بەشێکی خەڵکی فەللوجە، کە لەماوەی دوو ساڵی بوونی داعش لە شارەکەیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، دوای گەڕانەوەیان بۆ فەللوجە وەکو وەفادارییەک بۆ خەڵک و خاکی کوردستان، ناوی کوردییان لە دووکان و شوێن و تەنانەت منداڵەکانیشیان ناوە.

لە فەللوجە گەڕەکێک و سێ شەقام و دوو قوتابخانە و بە دەیان دووکان ناوی کورد و شارەکانی کوردستانیان لێناوە و ئەو کارەش بە پاداشتێکی کەمی خەڵکی کوردستان دەزانن.







